ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٦٩ ▌ پێنجشەممە ١٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٨ _ ٥ی مارسی ٢٠٢٠

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## گیانی زیندانییانی سیاسیی کورد لە مەترسیدایە

لەم ڕۆژانەدا کە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئێران نیگەرانی و مەترسیی جیدی لەسەر گیان و ژیانی خەڵک دروست کردوە، ئەم پەتایە چەند قات هەڕەشە لە ژیانی بەندییەکان، بەتایبەت زیندانییانی سیاسی دەکا.

ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا دەڵێ: «پێشینە و ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی و بێبایەخیی گیانی زیندانییانی سیاسی و سڵامەتیی ئەوان لای کاربەدەستانی ڕێژیم نیگەرانیی زۆری لەسەر بارودۆخی سڵامەتی و ژیانی ئەوان دروست کردوە.»

لە درێژەی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتوە کە لەو بارودۆخەدا لەژێر گوشاری چالاکانی سیاسی و مەدەنیدا دەزگای قەزایی ڕێژیم بڕیاری داوە بەشێوەی کاتی، بەندکراوان مەرەخەسییان بدرێتێ و لە بەندیخانەکان ڕاگوێزرێن، بەڵام ئەم بڕیارە زیندانییانی سیاسی ناگرێتەوە.

ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێ: «پاراستنی گیانی زیندانییان، بە تایبەت زیندانییانی سیاسی بەر لە هەموو شتێک لە ئەستۆی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی و ناوەندە پێوەندیدارەکانی دیکەی ڕێژیمە.»

# "کۆرۆنا" و "کۆماری ئیسلامی"

# هەرتک مەترسی بۆسەر ژیان و گیانی خەڵکی ئێرانن




## بێتوانایی حکوومەت لە مودیریەتکردنی قەیرانی کۆرۆنادا

"کۆرۆنا" زوو گەیشتە ئێران، بەڵام وەک میوانێکی ڕەزاگران و لەپێناو بەڕێکردنی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسدا سەرەتا شاردیانەوە، ئێستاش لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایە و چوونەسەرێی ئاماری تووشبووان؛ ئەوەی زیاتر لە هەموو شتێک بەرهەستە دیسان درۆ و چەواشەکارییەکانی دەسەڵات و کەمیی ئیمکاناتی بێهداشتی لە وڵات بۆ خۆپاراستنە.

حەسەن ڕۆحانی، سەرۆککۆماری ڕێژیم بەڵێنی دابوو کە هەتا ڕۆژی شەممە، ١٠ی ڕەشەمە ڤایرۆسی کۆرۆنایان بەزاندوە و کاروباری وڵات ئاسایی دەبێتەوە، بەڵام دوێنێ دواتر لە کۆبوونەوەی دەوڵەتدا ڕایگەیاند پەتاکە پتر لەوە پەرەی سەندوە و خەڵک دەبێ خۆیان لەخەمی پاراستنی گیانیاندا بن.

ڕۆحانی لە قسەکانیدا نەیگوت ئەی ئەرکی حکوومەت و دامودەزگاکانی دەوڵەت لەم پێوەندییەدا چییە و، هۆکار چییە دوای مانگێک لە ڕاگەیاندنی ئاشکرای بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا لە ئێران، نەک خەڵکی ئاسایی، بەڵکوو کادری دەرمانی نەخۆشخانەکانیش بۆ ماسک و جلوبەرگی تایبەت داماون!




## ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی: ٢٣ منداڵ لە خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەردا کوژراون

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی ڕایگەیاند: هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕەوتی خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەردا و لە ماوەی دوو ڕۆژدا ٢٣ منداڵیان کوشتوە."

لێبوردنی نێونەتەوەیی دەڵێ: "دەبێ بڕیاردەران و بکوژانی ئەم ٢٣ منداڵە کە لە نارەزایەتییە مەدەنییەکانی خەزەڵوەردا بەشدار بوون، بدرێنە دادگا." لە درێژەی ئەم ڕاگەیەندراوەدا هاتوە ئەم ٢٣ کەسە تەمەنیان لە نێوان ١٢ بۆ ١٧ ساڵ بووە.

فیلیپ لوتێر، بەرپرسی توێژینەوە و کاروباری یاسایی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا لەم ڕێکخراوەیەدا ڕایگەیاندوە: "هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی زۆر بەئاسانی تەقە لە خۆپیشاندەران دەکەن. هەروەها بەرپرسانی حکوومەتی ئێران زانیاری و ئاماری ڕوون و دروست لەسەر ئەژماری قوربانییەکانی خۆپیشاندانەکان بڵاو ناکەنەوە."

هەواڵدەریی ڕۆیتێرز پێشتر ڕایگەیاندبوو کە هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەردا زیاتر لە ١٥٠٠ کەسیان کوشتوە.

◆ سەروتار

## لە کام ئازان و بە چی بەزیون؟

**عەلی بداغی**

قەیرانە سروشتییەکان لە سۆنگەی کۆمەڵێک دیاردەی وەک هەردهەژان، لافاو و بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشییەوە لە هەموو شوێن وکۆمەڵگەیەکدا ڕوو دەدەن، بەڵام ئەوەی گرینگە شێوەی مودیرییەتی ئەم جۆرە قەیرانگەلەیە.

لە وڵاتە گەشەکردووەکاندا مودیرییەتی قەیران بەر لە هەر شتێک لەسەر بنەمای پێشگرتن ئەویش بە پشتبەستن بە هەموو توانا زانستی و تێکنۆلۆژییەکان دەوەستێ و، بێتوو بەوە دەروەست نەهاتن و قەیرانەکە ڕووی دا؛ ئەمجارەیان هەموو ئیمکاناتی وڵات و حکومەتی بۆ تەرخان دەکەن هەتا بە کەمترین زیان بەسەریدا زاڵ ببن. بەڵام لە وڵاتانی ڕوو لە گەشە یان گەشە نەکردوو و نادێموکراتیکەکاندا _کە بەتایبەت دەسەڵاتی سیاسی لەو وڵاتانە خۆی سەرچاوەی قەیرانگەلی جۆراوجۆریشە_ مودیرییەتی قەیران جۆرێکی ترە. لەم وڵاتانەدا کەمترین بایەخ و گرینگی بە بنەڕەتی پێشگرتن نادرێ، چونکی ئەمە پلان و تێچووی مادی و مشوور خواردنی گەرەکە. دوایەش کە بەسەردا کەوتن، چەندی بکرێ هەوڵی شاردنەوەی ڕاستییەکان بەمەبەستی خۆدزینەوە لە ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی دواتریان دەدەن و پەردەی ئاخریش بریتییە لە هەندێک هەڵتوزداتوز و خۆنواندنی بێبنەما.

بەفرانباری ساڵی ٩٥ کاتێک قالیباف، شارەداری ئەوکاتی تاران لە مەجلیس ڕاپۆرتی ڕووداوەکەی...

درێژەی بابەت لە لاپەڕەی ٢

لە ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ەوە بۆ ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧
سمایل شەرەفی
(٢)

لەسەر وتووێژەکانی نێوان تاران و کوردستان
دیمانە: عەلی لەیلاخ
(٣)

تەنووری ساردی هەڵبژاردن لە ئێران و لێکەوتەکانی
وتووێژ لەگەڵ کەماڵ کەریمی
(٤ و ٥)

«سەلەفیزم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان»
شاهۆ مەتین
(٨)

FATF و داتەپینی زیاتری ئابووریی ئێران
ڕەحمان سەلیمی
(٩)

◆ درێژەی سەروتار

# لە کام ئازان و بە چی بەزیون؟

..."پلاسکۆ"ی دەداوە، سەرەباسێکی گرینگی کردەوە و گوتی "مودیرییەتی قەیران لە وڵاتی ئێران خۆی لە قەیران‌دایە". بەڵام خۆی لە پلەی کەسی یەکەمی شار و بەدوای ئەم کارەساتەدا نە وازی لە بەرپرسایەتییەکەی هێنا و نە تەنانەت داوای لێبووردنیشی کرد. بەفرانباری سێ ساڵ دواتر و کاتێک کە پەتای کرۆنا لەسایەی مودیرییەتی قالیبافەکانەوە گەیشتە ئێران، کاربەدەستانی ڕێژیم لەبەر ئەوەی تەندووری هەڵبژاردنەکانیان سارد نەبێتەوە، ماوەی زیاتر لە مانگێک خۆیان لێ گێل و نەبان کرد و هەر لەگەڵ تەواوبوونی هەڵبژاردنەکان دەزگای مانۆڕ و تەبلیغاتی ڕێژیم کەوتە خۆ؛ بەڵام ئیدی کار لە کار ترازابوو، و ئێران نەک هەر قوربانیی ئەم پەتایە، بەڵکوو ببوو بە سەرچاوەی هەناردەکردنیشی بۆ وڵاتانی دی.

پێش ئەوەش بوومەلەرزەکەی کرماشان، لافاوەکەی شیراز و لوڕستان و هەر لەم ماوەیەدا هەردهەژێنەکەی قوتوور و لێکەوتەکانی پێمان دەڵێن لە ئێراندا نە بنیات و دامودەزگا دەوڵەتییەکان لە هەلومەرجی قەیراندا فریای خەڵک دەکەون و نە خەڵکیش متمانەیان بە ڕێژیم و دەسەڵاتە هەتا بایەخ بۆ کار و کردەوەکانی ڕێژیم دابنێن.

لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا مودیرییەت تەنیا بە هەندێک کاری ڕۆتین و هاوئاهەنگیی چەند ئیدارەیەک پێناسە کراوە و ئەوەی ئیدارە و ڕێکخراوەکانی بەناو مودیرییەتی قەیران بەلایدا نەچوون، خەسارناسی و شرۆڤەی ڕووداوەکان، پلانی پێشگیرانە، ئامادەیی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ قەیرانەکان، گەیاندنی بەوەختی زانیارییەکانی پێوەندیدار بە خەڵک و فێرکردنی گشتی و تایبەتییە بۆ کۆنترۆڵکردنی قەیرانەکان و کەمکردنەوەی زیان و خەسارە مرۆیی و مادییەکانە.

ئێران لە ڕیزی دە وڵاتی پڕ ڕووداوە سروشتییەکاندایە و لە ٤٠ جۆر بەڵای سروشتی زیاتر لە ٣٠ دانەیان لە ئێران ڕوو دەدەن و لە سۆنگەی ناکارامەیی دەوڵەتەوە بەرۆکی خەڵکی ئەم وڵاتە دەگرن. لە ئێران مودیرییەتی قەیران دوای ڕوودانی قەیرانەکە دەست پێدەکا و ئەویش تەنیا خۆی لە پرسی بەهاناوەچوونێکی سەقەتدا دەبینێتەوە، سروشتییە لەو بارودۆخەدا لەبەر ئەوەی جۆری ڕووداوەکە پێشبینی نەکراوە و کەرەستە و ئیمکاناتی بەرگرتن و چارەسەری بۆ تەرخان نەکراوە؛ جاری هەتا گەیشتنی هێزی یارمەتیدەر زەبر و زیانە سەرەکییە خەڵکی بەرکەوتوو چێشتوویەتی. دوایەش هەموو شتێک پشتگوێ دەخرێ و لەبیر دەکرێ. هەڵبەت ئەمجارەیان بابەتی "کرۆنا" لە دیاردە و بەڵا سروشتییەکانی دی کەمێک جیاوازترە.

دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران پەتای کرۆنای سەرەتا بەسیاسی کرد و دواتریش لە پرۆسەیەکی ئایینی_ئەمنیەتیدا هەوڵیدا بەسەریدا زاڵ بێ کە نەیتوانی. سەرەتا بە مەبەستی نەسڵەماندنەوەی خەڵک لە سندووقەکانی دەنگدان بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایەی لە ئێراندا شاردەوە و دوایەش کەمیی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانیشی بۆ ترسی خەڵک لە کرۆنا گەڕاندەوە. لەبیرمانە کە خامنەیی تەنانەت لەو بابەتەشدا دیسان قامکی تاوانی بۆ "دوژمن"ە خەیاڵییەکە درێژ کردەوە و دوایەش ئەوە ئایەتوڵڵاکانی قوم بوون کە بە ڕوانگەی ئایینی و ئەمنیەتی ئەوەندەی بۆیان کرا ڕێیان لە ڕێکارە زانستییەکانی بەگژداچوونەوەی ئەم قەیرانە گرت.

بەئەمنیەتی‌کردنی دیاردە، ماف و بابەتە سیاسی و تەنانەت مەدەنییەکانیش لە هەموو ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا چەکی دەستی ئەو ڕێژیمە بووە بۆ سەرکوتی هەرچەشنە ناڕەزایەتی و مافخوازییەک؛ هەروەها لە ڕوانگەی ئایینیش هەم بۆ شەرعییەتدان بە حەزفی فیزیکیی نەیارانی سیاسی کەلکیان وەرگرتوە و هەم بۆ مەرامی بێبەش‌کردنی هەموو ئایینزا و کەمایەتییە ئایینییەکانی دیکە لە مافەکانیان. بۆیە لە بابەت کرۆناشدا سەرەتادا مەلاکانی قوم و مەرجەعە تەقلیدەکان ئامادە نەبوون ئەم مەیدانە بۆ خەڵکی پسپۆڕی خۆی بەجێ بێڵن و دەسەڵاتیش لە ڕەهەندی ئەمنیەتییەوە هەتا ئێستاش لە بەرژەوەندیی خۆیدا بەکاری بێنێ. بەڵام وەنەبێ ئەم ڕێژیمە لە مودیرییەت‌کردنی هەموو پلان و بەرنامە و دیاردە و قەیرانێکدا کورتی هێنابێ، ئەساس ئەوەیە کە چیی لە بەرژەوەندیی دەسەڵات _نەک خەڵک_دا بووە بەباشترین شێوەی دڵخوازی خۆی ڕایی کردوە و چیش زەرەری بۆ پەز بووە، لەبۆ قازانجەکانی خۆی سیاسەتی لەگەڵدا کردوە. کارنامەی ٤١ ساڵەی ئەم ڕێژیمە پڕە لەو شێوەی مودیرییەتە:

ڕێژیم هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمی گرتنەدەستی دەسەڵات کەوتە پرۆژەی نەهێشتنی نەیارانی سیاسیی خۆی و تەنافەکانی ئێعدامی دەمودەست لە سەربان و حەوشەی مەدرەسەی ڕیفاه هەڵخست و هەتا ئێستاش تێرۆر و حەزفی فیزیکیی دژبەرانی سیاسیی خۆی مودیرییەت دەکا! ئەم ڕێژیمە ٨ ساڵ شەڕی ماڵوێرانکەر لەگەڵ عێراقی لەپێناو سەقامگیریی دەسەڵاتی سیاسیی خۆیدا درێژ کردەوە، شەڕێک کە بە میلیون کەسی تێدا کوژران و بریندار بوون و ژێرخانی ئابووریی وڵاتی هەڵتەکاند، بەڵام ئەوان بەپێی بەرنامەکانی خۆیان مودیرییەتیان کرد و ئاکامی دڵخوازی خۆیان لێ وەرگرت! ئەوان ئازابوون لە مودیرییەتی کوشتارەکانی کوردستان، خوزستان و تورکەمەن‌سەحرا و، کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ساڵی ٦٧. ئەوان ئازا بوون لە مودیرییەتی ئینقلابی فەرهەنگی! و ئیدۆلۆژیستە کردنی نیزامی پەروردە و هەموو ئەو نەهامەتییانەی بەسەر مێژوو و هونەر و ئەدەبییاتی ئەم وڵاتەیان هێنا. سەرکوتی کۆمەڵگەی مەدەنی، بێبەشکردنی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە مافەکانیان، کپ‌کردنی هەرچەشنە ناڕەزایەتییەک و سەرکوتی سیستماتیکی ماف و داخوازییەکانی ژنان و هتد بەشێکی دی لەو پرۆژانەن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە مودیرییەت‌کردنیاندا ئازا بووە!

ئەم ڕێژیمە خۆی شێرپەنجە و پەتایەکی کوشندەیە و وەک بەڵایەکی ئاسمانی بەرۆکی خەڵکی ئێرانی گرتوە و نە دەیهەوێ و نە دەتوانێ بەرەوڕووی پەتایەکی وەک کۆڕۆنا بێتەوە کە خۆی ڕۆڵی سەرەکیی بووە لە تەشەنەکردنی لە وڵاتدا؛ بۆیە بەر لە هەموو شتێک ئەوە خەڵکن کە دەبێ فریای حاڵی خۆیان کەون و دواتریش ڕێکخراوی جیهانیی تەندروستییە کە دەبێ چاوی بەسەر ئێران و ڕەفتار و بڕیارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە هەبێ لەو پێوەندییەدا.

# لە ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ـەوە بۆ ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧

## (گەورەترین سەرمایەی حیزبی دێموکرات، پشتیوانیی خەڵکی کوردستانە)



سمایل شەرەفی



دوای تێپەڕینی زیاتر لە سێ دەیە بەسەر ڕاگەیاندنی کۆمارە مەزنەکەی کوردستان لە مەهاباد لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە سەرۆکایەتیی سەرۆک کۆماری شەهید قازی محەممەد، بۆ جارێکی دیکە و هەر لە شاری مەهاباد، حیزبی دێموکرات دەسپێکی زەمەنێکی دیکە لە شانازی و غووری خەڵکی کوردستانی ڕاگەیاند. ئەم جارەیان جێگرەوە و درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازی پێشەوای حیزبی دێموکرات، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە کۆڕی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی سەرجەم شار و ناوچەکانی کوردستان لە ئیستادیۆمی وەرزشیی شاری مەهاباددا باسی لە قۆناغێکی نوێی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبەکەی کرد.

ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کە تیایدا خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای زیاتر لە سێ دەیە تێکۆشانی نهێنی ڕاگەیاندرا ، بۆ خەڵکی کوردستان بە گشتی و بە تایبەت بۆ حیزبی دێموکرات و شاری مەهاباد، وەبیرهێنەرەوەی مەزنترین ڕووداوی مێژوویی و پرشانازیترین دەسکەوتی نەتەوەیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان بوو. لەم میتینگە پڕحەشیمەتەدا، شەهید دوکتور قاسملوو وێڕای وەبیرهێنانەوەی ئامانج و داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان و شیکردنەوەی سیاسەت و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێشەوا ئاسا لەسەر نەخشە ڕێگای خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و بەرنامەی حیزبەکە لەم پێناوەدا قسەی بۆ خەڵک کرد.

***

ئێستا کە زیاتر لە چوار دەیە بە سەر میتینگە مەزنەکەی ١١ی ڕەشەمەدا تێدەپەڕێ، بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات مێژوویەکی پڕ لە سەروەری و شانازی لە پێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییە نەتەوایەتییەکانی بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسیی دژبە کوردی کۆماری ئیسلامی لە ئێران تۆمار کردوە. مێژوویەک کە هەڵگری دەریایەک تێچووی قورس و گرانی جۆراوجۆری ئینسانی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییە. لەم پێوەندییەدا هەر وەک شەهید دوکتور قاسملوو لە میتینگەکەدا باس لە زیاتر لە ٢٥ ساڵ خەباتی پڕ لە قوربانی و کوێرەوەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان دژبە نیزامی پاشایەتی دەکا. ئەم حیزبە لە پێناو بردنە سەری ئەو بەڵێن و پەیمانانەی لە ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧دا بە خەڵکی کوردستانی دابوو، بەژانترین زامەکانی هەڵگرت. دوکتور قاسملوو کە پەیامی ئاشکرابوونی خەباتی ئاشکرای حیزبەکەی ڕاگەیاند و ڕاشکاوانە قسەی لەسەر گێرەشێوێنیی دوژمنانی گەلەکەی کرد و ڕایگەیاند کە "حیزبی دێموکرات و گەلی کورد بەرامبەر بە پیلانەکانی دوژمنان دەست لە سەر دەست دانانیشن"، زۆر باش دەیزانی کە ئەم ڕێگایە سەخت و ناهەموارە. بەڵام لێبڕاوانە و بە ئیمان بە ڕەوابوونی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان و دروستبوونی سیاسەتی حیزبەکەی بەڵێنی بە خەڵک دا کە "حیزبی دێموکرات خۆی بە خزمەتگوزاری خەڵک دەزانێ و تا سەر درێژەدەری ڕێگای شەهیدان دەبێ". بۆیە هەر لەم پێناوەشدا گیانی بەخت کرد و هاوڕێ لەگەڵ هەزاران کەس لە هاوسەنگەرانی وەفادار بە بەڵێنەکانیان مانەوە.

هەروەک لە نەخشە ڕێگای حیزبی دێموکراتدا هاتوە و شەهید دوکتور قاسملووش لەو میتینگەدا بە دروستی ئاماژەی پێکرد، پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ حیزب گەورەترین سەرمایەیە. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی داهاتوو (١٣٩٩) جێژنی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی دەگرێ، زیاتر لە حەفتا ساڵی تەمەنی بە شێوەی نهێنی و ڕێگەپێنەدراو و دوور لە ژینگە و گۆڕەپانی ئەسڵیی خۆی، درێژەی بە خەبات داوە. بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە نەیتوانیوە بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ لەو بەشە لە کوردستان کە خەباتی بۆ دەکا، تێکۆشانی هەبێ، دیسانیش خاوەن پێگەترین هێزی کوردییە. ڕێژیمی پاشایەتی کە بە گرتن و بەندکردنی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب لە نێوخۆی وڵات و بەڕێوەبردنی پیلانی جۆراوجۆر بۆ کوشتن و حەزفی ڕێبەرانی لە دەرەوەی وڵات، هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە ئەم ڕێبازە سیاسییە تووشی شکست و لەنێو چوون بکات، بەڵام میتینگە دەیان هەزار کەسییەکەی شاری مەهاباد – کەمتر لە یەک مانگ دوای ڕووخانی نیزامی پاشایەتی– سەلماندی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان خاوەنی چ سەرمایەیەکی جەماوەرییە.

لە دەرەجەی یەکەمدا هەوڵدان بۆ لەنێو بردنی حیزبی دێموکرات کە بە دەیان جار لە لایەن هەر دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامییەوە تاقی کراوەتەوە، تووشی شکست بۆتەوە. بۆیە هەوڵیان داوە لە ڕێگای کەلێن خستنە نێو حیزب –وەک ڕێبەریی بزووتنەوەکە– و خەڵکەوە، ئەم حیزبە تووشی بێهیوایی و لاوازیی بکەن. بۆ ئەم مەبەستە هەر لە حاشاکردن لە بوونی حیزبی دێموکرات و لە بە هەڵوەشاوە ناو بردنیەوە بگرە تا پەرەپێدان بە پروپاگاندای جۆراوجۆری بێبنەما لەنێو خەڵک، هەوڵیان داوە مەوجوودیەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم سەرمایە ئەساسییە (پشتیوانیی خەڵک) بەتاڵ بکەنەوە.

پاراستنی ئەم سەرمایە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەت لە ماوەی ئەم چوار دەیەی ئاخردا یەکێک لە ئەرکە هەرە بنەڕەتی و ئەساسییەکان بووە. جیا لەو پیلانە جۆراوجۆرانەی کە لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی لە تارانەوە بۆ دابڕاندنی خەڵک لە حیزب بەڕێوە دەچن و تا ئێستاش بەردەوامن، بەداخەوە کەم نەبوون و نین ئەو دەست و پێوەندییە بەناو خۆماڵیانەش کە دژبە پێگەی حیزبی دێموکرات ئاویان لەم ئاشە کردوە و لێی بەردەوامن. جیا لە هەمووی ئەمانە درێژەکێشانی خەبات و هاتنی نەسڵەکان بەدوای یەکدا و تەنگتر بوونەوەی دەرفەتی مەیدانی بۆ حیزب بە هۆکاری جۆراوجۆری نێوخۆیی و دەوروبەر، ئەم ئەرکەی لەسەر شانی حیزبی دێموکرات قورس و گرانتر کرد. بۆیە بۆ حیزبی دێموکرات پێویست بوو بە دەرکێکی دروست لە واقعیاتی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردستان، دەسنیشانکردنی دەرفەتەکان، تێگەیشتن لە پیلانەکانی ڕێژیم و پێداگری لەسەر مانا جەوهەرییەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان و لە هەمووی گرینگتر دیتنی هەموو بەستێنەکانی خەبات و تێکۆشان و گرینگی دان بە نێوخۆی وڵات و جموجووڵە جۆراوجۆرەکانی، پێش بە دابڕانی لە خەڵک و کۆمەڵگە بگرێ.

گرینگی دان بە خەباتی جەماوەری و مەدەنی، ڕێزگرتن لە کار و تێکۆشانی تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات لە بەستێنی جۆراوجۆری خەبات و هاندانی خەڵک بۆ کەلکوەرگرتن لە هەر دەرفەتێکی مومکین بۆ هێنانە ئارای ویست و داخوازییەکانی خۆیان بەرامبەر بە سیاسەتی ڕێژیم بۆ بەرتەسک کردنەوەی ڕێکارەکانی موبارزە و هەروەها هێنانە ئارای گوتاری ڕۆژهەڵاتتەوەری بەرامبەر بە پیلانی بەلاڕێدا بردنی هێز و وزەی خەباتکارانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەشێک لەو ڕێکار و گوتارانە بوون کە حیزبی دێموکرات بە دروستی توانی لە ڕێگای ئەوانەوە هەم پێگەی خۆی لەنێو خەڵکدا قایمتر بکات و هەم لە ئاستێکی بەربڵاوتردا بە مەبەستی پێداگری لەسەر داواکانیان، سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بەگژ ڕێژیمدا ڕێک بخا. حزووری پڕ لە شانازیی پێشمەرگەکانی حیزب لە نێوخۆی وڵات کە بە حەق لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە بە باوەشی ئاوەڵا و هیواوە پێشوازییان لێ کرا، بەشێک بوو لەم نەخشە ڕێگایە. هاوشان لە گەڵ حزووری پێشمەرگانە، ڕاگەیاندنی پشتیوانیی حیزب بە شێوەی ئاشکرا لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان و جموجووڵی چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان لە نێوخۆی وڵات، گڕوتینێکی بەرچاوتری بە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان بەخشی.

پەرەسەندنی جموجووڵی جۆراوجۆری خەڵک و خەباتگێڕان لە بەستێنی جۆراوجۆردا کە ئادرەس و ڕێبەرییەکەی بۆ هەموو لایەک ڕوون بوو، بۆ جارێکی تر بە کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەلماند کە بە پێچەوانەی ئەو ئیدیعایانەی دەیانکرد و هەزینەی قورس و گرانیان بۆ سەرخستنی تەرخان کردبوو، حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هەمیشە و زیاتر لە ڕابردووش خاوەنی پشتیوانیی خەڵکی کوردستانە. بۆیە وەک هەمیشە کەوتنە بیری زەربە وەشاندن لە سەرچاوە و ئادرەسی ئەم جموجووڵانە و لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵدا جیا لە هەوڵدان بۆ تێرۆری کادر و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە، لە دوو هێرشی تێرۆریستیدا؛ تەقینەوەکانی شەوی یەلدای ١٣٩٦ی بەردەم بارەگای ناوەندیی حیزب لە قەڵای دێموکرات و هێرشی مووشەکیی بۆ سەر کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیی حیزب لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧دا کە لەنێو بردنی یەکجاریی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتیان ئامانج بوو.

لە ئەنجامی هەموو ئەو هێرشە تێرۆریستییانەدا ئەوەی وەک هەمیشە خۆی دەرخست و کاربەدەستانی ڕێژیمی زیاتر تووشی ڕق و تووڕەیی کرد، پشتیوانیی سەرتاسەریی خەڵکی کوردستان لە حیزبی دێموکرات و ڕسواکردنی ئەم کردەوە تێرۆریستییانە بوو. لوتکەی هەڵوێستی پشتیوانیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، مانگرتنی گشتی و سەرتاسەریی ڕۆژی ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی بوو کە هەر دوای سێ ڕۆژ تێپەڕین بە سەر هێرشی مووشەکیی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزب لە قەڵای دێموکرات لە ١٧ی خەرمانان، خەڵکی کوردستان بە مانەوە لە ماڵەکانیان و داخستنی دووکان و بازاڕەکان وێڕای ڕسواکردنی ئەم کردەوە تێرۆریستییە، پشتیوانیی بەرینی خۆیان لە حیزب دەربڕی.

ئەگەر خەڵکی کوردستان توانیبایان و ئیزنیان پێ درابا کە بە شێوەیەکی ئازادانە لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانانندا هەڵوێست بگرن، هیچ گومانی تێدا نییە کە لە هەر شارێکی کوردستاندا میتینگی زۆر گەورەتر لە میتینگە دەیان هەزار کەسییەکەی ١١ی ڕەشەمەی ٥٧ی شاری مهاباد بەڕێوە دەچوو. جا ئەو کات زیاتر و ڕوونتر لە ئێستا بۆ هەموو لایەک دەردەکەوت کە حیزبی دێموکراتی کوردستان خاوەنی چ سەرمایەیەکی گەورەیە.

***

# لەسەر وتووێژەکانی نێوان تاران و کوردستان

**دیمانە: عەلی لەیلاخ**

ناوەند سەرەڕای شۆڕشێک کە بۆ هەڵتەکاندنی سیاسەت و بیروبۆچوونەکانی ڕێژیمی پاشایەتی بە نیسبەتی پرسی نێوخۆیی و سیاسەتی دەرەکی کرابوو، لە زۆر شتدا هەر هەمان خوێندنەوە و ڕوانگەی هەیە. پرسی نەتەوەکان و ماف و داوای جۆراوجۆرییەکانی ئێران یەک لەوان بوو.

دوای خۆڕاگری و بەربەرەکانیی کورد لە بەرامبەر هێرشی بەربڵاوی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی و بەهۆی شکستی هێزە چەکدارەکان لە قۆناغەکانی یەکەمی پەلامار بۆ سەر کوردستان؛ چەند دیدار و دانیشتنێک لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و نوێنەرانی بزووتنەوەی سیاسیی کورد پێک هات. حیزبی دێموکراتی کوردستان یەک لە لایەنەکانی بەشدار لەم وتووێژ و چاوپێکەوتنانە بوو.



مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات یەک لەو کەسانەیە لەم دانیشتنانەدا بەشدار بووە کە بە بەشداریی "داریووش فرووهەر، هاشم سەباغیان و عیزەتوڵڵا سەحابی" وەک نێردراوانی دەوڵەت لەژێر ناوی "هەیئەتی حوسنی نییەت"دا پێک هاتبوو.

بە ڕای مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، هەیئەتی ناوبراو دەسەڵاتی ئیجرایی نەبوو، بەڵکوو تەنیا هاتبوون بۆ پرسیار کردن و گوێگرتن و بەتەواوی ئەم بێدەسەڵاتییەیان پێوە دیار بوو.

مامۆستا حەسەنزادە لەو بارەوە دەڵێ: "ناتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم حوسنی نییەتیان هەبوو یا نا، بەڵام لە ڕەفتاریاندا دیار بوو کە بۆ چارەسەری پرسی ئێمە [نەتەوەی کورد] نەهاتبوون؛ بەڵکوو دەوڵەتی مووەقەت لەبەر لاوازیی [پێگەی خۆیان] و گرینگیی کوردستان ئامادە بووە نوێنەرانی خۆی بنێرێ کە دواتر ئایەتوڵڵا خومەینی گلەیی لەو کارە دەکا و دەڵێ: "ئەمن گوتم سەرەتا گەمارۆ ئینجا گفتوگۆ، (اول محاصر بعد مذاکره)." هەر ئەمەش ڕێگەی بۆ شەڕی سێ مانگە خۆش کرد."

مامۆستا حەسەنزادە لە بەشێکی دی لە ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە بە ئاماژە بە چۆنیەتیی سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ گوتی: "ڕاستە ئێران وڵاتی گەلانی جۆراوجۆرە و لەسەر گۆڕانی سیاسیی ٥٧ کاریگەرییان هەبووە، بەڵام واقعیەتی شۆڕشی ٥٧ بە حوکمی ئەوەی موئەسساتی دینی و ئیسلامی جڵەوکێشی ئەو شۆڕشە بوون، لە ڕاستییدا شۆڕشی ئیسلامی بوو و خومەینیش ڕێبەری بوو. زۆر جار دەگوترێ ئەو شۆڕشە بە تاڵان براوە، قەت وا نییە کە بڵێین گەلانی ئێران شۆڕشیان کردوە و ئینجا ئیسلامییەکان دەستیان بەسەردا گرتوە؛ بەڵام ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان نابێ هەر بەوە بناسرێ کە کۆماری ئیسلامی هاتووەتە سەرکار، چونکە لەو ڕۆژەدا کۆتایی بە دەسەڵاتی ٢٥٠٠ ساڵەی پاشایەتی بە گشتی و بە تایبەتی دەسەڵاتی ٥٣ ساڵەی پەهلەوی هات، کە خەڵکی ئێران و بە تایبەتی خەڵکی کوردستان ستەم و زوڵمی زۆریان لەو دەسەڵاتە چێشتبوو."

لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا، بەڕێز حەسەنزادە بە ئاماژەدان بە ڕووداوەکانی شۆڕشی ٥٧ بە تایبەتی لە کوردستاندا گوتی: "بە بۆنەی مەرگی کاک عەزیز یووسفی، تێکۆشەری دێموکرات لە شاری مەهاباد ناڕەزایەتییەکان دەستی پێکرد و دوای سەرکەوتنی شۆڕش و بەرجەستەبوونی پرسی کورد، لە یەکەم دیداردا و بەبێ ئەوەی بابەتێکی ڕێکخراو بێ، لە هەمان ڕۆژدا پادگانی مەهاباد دەستی بەسەردا گیرا. "هەیئەتی حوسنی نییەت" و نوێنەرانی حکوومەت پێیان وابوو کە بە ئەنقەست لەو ڕۆژەدا ئەو کارە کراوە، کە نیشان بدا "حوسنی نییەت" نییە! بەڵام هەر زوو پێیان گوترا کە ئەو ڕووداوە؛ ئەوەڵەن پێشتر بەرنامەی بۆ داڕێژرابوو. دووەمەن ئێمە پادگانێکی بەقەول "طاغوتی"مان گرتوە. بۆ ئەگەر لە شارێکی دیکە وەکوو تاران و تەورێز شتی وا ڕوو دەدا بە حەماسەوە باسی دەکەن، بەڵام لە کوردستان بە گومانەوە؟ ئەزقەزا کاتێک پادگانی مەهاباد گیرا -یەکێک لە ناوەندە سەرکوتکەرەکانی نەتەوەی کورد- هەمان ڕۆژ ڕادیۆ تاران بە حەماسەوە باسی لەوە کرد کە پادگانی "طاغوتی" لە شاری مەهاباد لە لایەن هێزی گەلەوە دەستی بەسەردا گیراوە."

بەڕێز مامۆستا لە درێژەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژە هەستیارانە لە سەروبەندی دانیشتنەکانی نێوان نوێنەرانی تاران و کوردستان ئاماژەی بە داواکارییەکان کرد و گوتی: "نوێنەرانی تاران لە ڕاستیدا نەهاتبوون بۆ چارەسەری و زیاتر بۆ سەرنجدان بە دۆخەکە هاتبوون. بەڵام ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات داواکارییەکانمان ڕوون بوو، چ ئەو کات کە داوای خودموختارییمان دەکرد لە چوارچێوەی خاکی ئێراندا و چ وەکوو ئێستا کە باس لە فیدرالیزم دەکەین کە ئەویش هەر لە چوارچێوەی خاکی ئێراندایە. ئێمە سوور بووین بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە بەڵام هەیئەتە جۆراوجۆرەکانی تاران هەنگاوی جیدییان هەڵنەهێنا و بەبێ دەسەڵاتی بڕیاردان سەردانیان دەکرد، چون لە سەرەوەی ئەوان کە خومەینی بێ، باوەڕی بە مافی گەلان نەبوو! هەروەها ڕادەی "حسن نیت" لە نێو هەیئەتەکاندا جیاوازیی هەبوو."

ڕێزدار حەسەنزادە لە پێوەندی لەگەڵ ڕوانینی ئایەتوڵڵا خومەینی بۆ پرسی نەتەوەیی و مافەکانی دیکەی گەلی کورد گوتی: "هەر حەوتوویەک دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، هەیئەتێکی بەربڵاو و پێکهاتوو لە چین و سێنفە جیاجیاکان، سەردانی تارانیان کرد و دوکتور قاسملووشیان لەگەڵ بوو، بەڵام هەر بەخێرهاتنێکی تەشریفاتی و دواتر هاتبوونەوە. بەڵام لە دیدارەکانی دیکەدا بۆخۆم لەگەڵ بووم، هەم بۆ تاران و هەم بۆ قوم. لە دیداری قوم کە چاومان بە ئایەتوڵڵا خومەینی کەوت، ئەڵبەت پاش حەوتوویەک مۆڵەت وەرگرتن بۆ چاوپێکەوتن و، لە کاتێکیشدا کە ڕامانگەیاندبوو ئێمە ئەو ٨ کەسە نوێنەرانی دێموکرات نین، بەڵکوو نوێنەری چین و توێژەکانی خەڵکی مەهابادین و کۆمەڵێک داواکاریمان هەیە. پاش حەوتوویەک چاوەڕوانی، دەکرێ بڵێم لەو دیدارەدا تەنیا نیزیک بە دە دەقە دانیشت و گوێی لە قسەکانی ئێمە گرت.

لەو دە دەقەش عەینی ئەو قسانەی دووپات کردەوە کە نابێ پەلە بکەن! پاشان بە فیکری خۆم ویستم زیرەکی بکەم و قسەیەکی لە زار دەربێنم گوتم: هەموو ئەوشتانەی کە دەفەرمووی نابێ پەلەمان هەبێ قەبووڵە. بەڵام تەنیا یەک پرسیار؛ ئێمە وەکوو خەڵکی کوردستان لە ڕێژیمی پاشایەتی زوڵمی جۆراوجۆرمان دیتوە، ئێستا دەمانهەوێ بزانین لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا چی دەبێ؟ کەس دڵی ئاو ناخواتەوە مەگەر لە زاری جەنابتەوە بگوترێ! خومەینی بەبێ ئەوەی وڵامێک بە "ئەرێ" یان "نا" بداتەوە، گوتی: هەر کەس دێ دەڵێ شا زوڵمی لە ئێمە کردوە. کورد دێ وا دەڵێ، تورک دێ وا دەڵێ و تەنانەت هێنایە سەر شارەکان و گوتی: ئیسفەهانی وا دەڵێ، شیرازی وا دەڵێ و ... ئێمە بۆخۆمان لەم شاری قومە لە زەمانی پاشایەتی، هەقمان نەبوو بەئازادی مەراسمی ئایینیی تاسووعا و عاشوورا بەڕێوە ببەین. خومەینی بەو قسانە خۆی بوارد لە ئەسڵی پرسیاری من و مەوزووعاتی ئێمەی بەو جۆرە کردە "تەپ و تۆز" و دەتوانم بڵێم بە زیرەکییەوە خۆی لە ڕاستییەکان بوارد. خومەینی نە گوتی مافتان نادەینێ کە خەڵک پشتی لێ بکا و نە گوتی مافەکانتان دەدەینێ، هەتا لە سەری نەبێتە ماڵ."

لە درێژەی بابەتەکەدا باسی دانیشتنەکانی نوێنەرانی تاران و کورد لە شاری سنە کرا، کە لە بەڵگەنامەکانی کۆماری ئیسلامیدا هاتوە، لەبەر ئەوەی ئیبراهیم خانی یوونسی ئەو کات ئوستانداری پارێزگای سنە بووە، لەگەڵ دژبەرانی ڕێژیم نەرمی نواندوە و ئەمنیەتی سنەیان تێک داوە.

بەڕێزیان لەو بارەوە گوتی: "ڕاستە ئیبراهیم خانی یوونسی لەو سەروبەندەدا ئوستاندار بوو بەڵام ئەو لەوێ نەبوو بەڵکوو جێگرەکەی واتە ئاغای کولیجی لەوێ بوو کە هیچ نەقش و دەسەڵاتی دەوڵەتی نەبوو. ئەساسەن ئەو هەیئەتە بۆ موزاکرە نەهاتبوون، بەڵکوو ئەو هەیئەتە لە ئاکامی شەڕی سنە، گەیشتبوونە سنە و -لە تاقەتی ئەم دیدارەشدا نییە کە باس لە هۆکاری ئەو شەڕە بکەین-، ئەوان هاتبوون بۆ دامرکاندنی شەڕ بەڵام لە کاتی دانیشتنەکەدا هەم شەڕ هەبوو، هەمیش دەوڵەت هێندێک حەرەکەتی منداڵانەیان کرد وەکوو "شکاندنی دیواری سەوتی" بە فڕۆکە جەنگییەکان؛ ئەویش ڕاست بەسەر ئەو شوێنەی کە دوو هەیئەت دانیشتبووین و قسەمان دەکرد."

مامۆستا حەسەنزادە بە باس کردن لە بارودۆخی ئەو کاتی شاری سنە و دیدار لەگەڵ نوێنەرانی دیکەی کورد وەکوو کاک ئەحمەد موفتیزادە و ئەو تاوانانەی کە هێندێک لایەن باسی دەکەن، گوتی: "ئەگەر بمهەوێ وەکوو تاریخ لەسەر کاک ئەحمەدی موفتیزادە باس بکەم دەبێ بڵێم کەسێکی نیشتمانپەروەر بوو، لە زەمانی شادا یەکێک لە تێکۆشەرانی دژبەری ڕێژیمی پاشایەتی بوو. تەنانەت بە تاق و تەنیا بە دەستخەتی خۆی بەیاننامەی دەنووسی و بە ئیمزای خۆی بڵاوی دەکردەوە و پیاوێکی بوێر و ئازا بوو. بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە وەک بۆخۆی دەڵێ پاشخانێکی فیکریی ئایینیی هەبوو. ئەو حکوومەتەش [کۆماری ئیسلامی] بەناوی ئایینەوە هاتبوە سەرکار، هەر بۆیە ئەویان بەجیا دەدواند و تا ڕادەیەک کاریگەرییان لەسەر دانابوو کە هەرچەند من بۆخۆم لێم نەبیستوە بەڵام گوتبووی: "خودموختاری لە گیرفانمدایە"! پاشان ناکۆکی کەوتە نێوان کاک ئەحمەد و مەرحووم شێخ عیزەدین حوسەینی کە هۆکارەکەشی دەتوانێ سازمانە سیاسییەکانی ئەو کات بێ.

ڕۆژێک پێش دیداری سنە هەردووکیان [کاک ئەحمەد و شێخ عیزەدین] لە سەقز یەکتریان بینی و بڕیاریان دا کە کەس بەجیا بەناوی گەلی کوردەوە لەگەڵ دەوڵەت و میدیاکان قسە نەکا. بەو جۆرە ڕێک کەوتن، بەڵام شەوەکەی لە تەلەڤیزیۆنەوە چاومان لێبوو کە کاک ئەحمەد قسە دەکا و خودا هەڵناگرێ هەرچەند لە کۆبوونەوەکە چاکی قسە کرد بەڵام لەوەی تەلەڤیزیۆن خراپی گوت و ئێمەی کوردی تاوانبار کرد. با ئەو ڕاستییەش بۆ مێژوو بڵێم کە ئێمەش هەڵەمان بووە بەڵام لانیکەم دەبێ پەنجا پەنجا دابەشی بکەن. خۆشباوەڕی و خۆشقەلبیی کاک ئەحمەد بووە هۆی ئەوەی ئەو لە ئێمە جیا بکاتەوە و هەر ئەو خەسڵەتەش بووە هۆی ئەوەی سەری لەو پێناوەدا دانێ."...

درێژە لە لاپەڕەی ٩

**دەگەڵ داوای لێبوردن:**

خوێنەرانی بەڕێزی "کوردستان"! بەداخەوە وتاری من لە کۆنفڕانسی یادی د. قاسملوو لە سێنای فەڕانسە کە ژمارەی پێشوو(٧٦٨) هەر لەم لاپەڕەیەدا داندرابوو، هەڵەیەکی زەقی تێکەوتوە کە خەتاکەی هی خۆم بووە.

ویڕای داوای لێبوردن بەمجۆرە ڕاستی دەکەمەوە:

١- لەدێڕی چوارەمی پاراگرافی چوارەمی ستوونی ٣دا (١٩٧٢) دەکرێتە (١٩٧٧).

٢- ٥ دێڕی کۆتایی هەر ئەو پاراگرافە بەمجۆرە ڕاست دەکرێتەوە:

ناوچە و بە تایبەتی ناکۆکیی نێوان هێندێک لە هێزە سەرەکییەکانی کوردستان بوونە کۆسپی سەر ڕێگای پێکهێنانی کۆبوونەوەی دووەم و بەمجۆرە ئەو هەوڵە پیرۆزە بە ناکامی ماوییەوە

**عەبدوڵڵاحەسەنزادە**
**٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٨ هەتاوی**

## ٢ی ڕەشەمە وەک نوێنگەی سەرکەوتنی ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵک بەسەر دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیدا

**(بەیاننامە لە پێوەندی لەگەڵ ئاکامی بەناو هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە ئێران)**

کۆماری ئیسلامیی ئێران جارێکی دیکە و لە بارودۆخ و هەلومەرجێکی جیاواز و تایبەتدا هەڵبژاردنێکی نمایشیی دیکەی بەڕێوەبرد. ئەم هەڵبژاردنە چەند مانگ دوای سەرکوتی خوێناویی ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەر و هەروەها بەردانەوەی فڕۆکە نەفەرهەڵگرە ئۆکراینییەکە بەڕێوەچوو کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەموو تواناوە سەرەتا حاشای لێ دەکرد و دوایە کە ناچار بە قبوڵکردنی بەرپرسایەتیی ئەم تاوانە بوو؛ هیچ متمانە و ئێعتبارێکی بۆ خۆی نەهێشتەوە. بۆیە ڕێژیم لە پێناو پیشاندانی متمانە و ڕەواییەتی نەبوویدا بە هەموو تواناوە هەوڵی دا خەڵک بۆ هێنانە سەر سندووقەکانی دەنگدان هان بدا و وەک ڕەفتاری سواوی لەمێژینەی؛ بە فڕوفێڵ، هەڕەشە و تەماحوەبەرنانیش بووە لە بەشداریی خەڵک، ڕەواییەکی – هەرچەند درۆیینیش بێت – بۆخۆی دەستەبەر بکا. بەڵام ئەم هەوڵانە نەزۆک بوون و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە هەڵوێستێکی مانادار و یەکگرتووانەی گشتیدا، بە نەچوونە سەر سندووقەکان، [نا]یەکی دیکە بەڵام قورس و قایمتر لە جارانیان بە ڕێژیم گوتەوە.

بایکۆتی هەڵبژاردنەکان و وەڵامی شێلگیرانەی خەڵک بە پشت تێکردن لە سندووقەکانی دەنگدان دەسەڵاتی سیاسیی بەڕادەیەک شۆک کردوە کە ڕۆژێک دوای کۆتایی هاتنی پڕۆسەکەش بۆیان نەکراوە دوائامار لەسەر چەندی و چۆنیی بەشداریی خەڵک بڵاو بکەنەوە، ئەگەرچی لای کەس شاراوە نییە و ئامارە نارەسمییەکان دەڵێن بەشداریی یەکجار کەمی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا لە مێژووی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا نەبووە و نەبیندراوە.

ئەگەر تەنیا لە ئاماری بەشداریی خەڵک لە پارێزگای تاران وەک ناوەندی دەسەڵاتی سیاسیی ئەم وڵاتە و ڕێژەی بەشداریی خەڵکی کوردستان وەک گەلێکی بێبەشکراو لە ماف و ئازادییە نەتەوایەتییەکانی ورد بینەوە، دەردەکەوێ کە پێگەی ئەم ڕێژیمە لە تەواوەتیی خۆیدا و لە ئاستی گشتیی وڵاتدا چەندە لەرزۆک و لە حاڵی داڕمان دایە. بە پێی ئەو ئامارە سەرەتاییانەی خودی دامودەزگاکانی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ ڕێژەی بەشداریی خەڵک بڵاویان کردۆتەوە کە بێگومان بە هیچ شێوەیەک جێی باوەڕ و متمانەی خەڵک نین، تاران، وەک ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی و پایتەختی ئەم وڵاتە، کەمترین ڕێژەی بەشداریی تێدا تۆمار کراوە. کوردستانیش کە مێژوویەکی پڕ لە شانازی و هەڵوێستی ڕاشکاوانەی بەرانبەر بە سیاسەتە دژیگەلییەکانی کۆماری ئیسلامی هەیە و لە [نا] گوتن بەم نیزامە پێشەنگ بووە، خەڵک و هێزە سیاسییەکانی بە گرتنەبەری هەڵوێستی بایکۆت لەم خولە لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسدا و تۆمارکردنی کەمترین ڕێژەی بەشداری، بۆ جارێکی دیکە لە تەواوەتیی خۆیدا بەرەنگاری ئەم ڕێژیمە دژیگەلییە بوونەوە. بینیمان بڕیاری بایکۆتی هەڵبژاردنەکان کە لە لایەن هێزە سیاسییەکانی کوردستان و لە "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران"ەوە درابوو، لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی وشیار و لەسەر هەستی کوردستانەوە پێشوازیی لێ کرا و ساردوسڕترین پێشوازیی خەڵکی لە ستادی پڕوپاگاندای کاندیدەکان و دەنگدانی لێ کەوتەوە. خەڵکی کوردستان بە چۆڵ هێشتنەوەی ستادەکان و نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان دەریان خستەوە کە خاوەنی شعوورێکی سیاسیی بەرزن و نایەڵن دەسەڵاتی سیاسی بۆ مەرامەکانی خۆی بەکاریان بێنێ.

ژوورەکانی پیلانگێڕیی ڕێژیم لە کوردستان بە درێژایی ڕەوتی پڕوپاگاندای هەڵبژاردنەکان لە کوردستان و بە مەبەستی هاندانی خەڵک بۆ چوونە سەر سندووقەکانی دەنگەکان و بردنە سەرێی ڕێژەی بەشداریی خەڵک، هەوڵێکی زۆریان خستە گەر. پەرەدان بە هەستی تایفەگەری و، بە تایبەت زەقکردنەوەی کەلێن و جیاوازیی نەتەوەیی لە هێندێک شوێن، یەکێک لەو پیلانانە بوو کە ڕێژیم بە مەبەستی ڕاکێشانی خەڵکی کوردستان بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان بە چڕی کاری لەسەر کردن. بەڵام بە خۆشییەوە خەڵکی کوردستان و حیزبە سیاسییەکان و بە تایبەت چالاکان و خەڵکی وشیار لە نێوخۆی وڵات، ژیرانە و ئازایانە هەموو ئەم دەهۆ و پیلانگێڕییانەی ڕێژیمیان مایەپووچ هێشتەوە.

دەفتەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی سەرکەوتنی ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، کوردستان و سەرجەم نەتەوەکانی دیکە لە ڕۆژی ٢ی ڕەشەممەدا کە بە بایکۆتی بەناو هەڵبژاردنەکان، لەرزۆکبوونی پایەکانی دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بێ پێگەبوونی ئەم نیزامەیان دەرخست، پیرۆزبایی لە سەرجەم خەڵکی ئێران و کوردستان دەکا. هەر لەم پێوەندییەدا سڵاو و ڕێز و پێزانینی بۆ زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەیە کە بە نەچوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان، داکۆکییان لە ماف و ئازادی و ویستە نەتەوایەتییەکانیان کرد. پێزانین و سپاس بۆ ئەو بەربژێرانەی لەم خولە لە هەڵبژاردن بۆ نوێنەرایەتی لە پارلمانی ئێران خۆیان کاندید نەکرد و کشانەوە. پێزانین و سڵاو بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لەو ماوەیەدا لە ژێر ڕێنوێنییەکانی حیزب و لە پێوەندی لە گەڵ چۆڵبوونی ستادی کاندیدەکان و نەچوونە سەر سدنووقەکانی دەنگداندا، چالاک و هەڵسووڕ بوون. سپاس و پێزانین بۆ ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کە بە گرتنە پێشی سیاسەتێکی درووست و مەسئولانەی هاوبەش لەم پێوەندییەدا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
٤ی ڕەشەممەی ١٣٩٨

### کەماڵ کەریمی:

# ئەم "نا"یەی کە دیسان بە کۆماری ئیسلامی گوترایەوە، دەسکەوتێکی باشە بۆ بزووتنەوەی سیاسی و گۆڕانخوازانە لە ئێران و کوردستان

**دیمانە: هەردی سەلیمی**

**لە ڕۆژی ٢ی ڕەشەمەی ٩٨ی هەتاویدا هەڵبژاردنی پارلمانی ئێران بەڕێوە چوو، سەرەڕای بانگەشە و پروپاگاندایەکی زۆر لەلایەن ڕێژیمەوە بۆ گەرمکردنی بازاڕی بەشداریی خەڵک، بەڵام ئاکامەکەی پێچەوانە بوو و بەپێی ڕاگەیاندنی وەزارەتی نێوخۆی ئێران ٤٢٪ی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو بەشدارییان لەم هەڵبژاردنانەدا کرد و؛ کورسییەکانی مەجلیسیش بەشی هەرە زۆریان بە ئوسوولگەراکان بڕا و ئەوەیکە لەم نێوەدا نوێ بوو هاتنی ڕێژەیەکی بەرچاو لە فەرماندەیانی سپای پاسداران وەک نوێنەری مەجلیس بوو. ڕووداوەکانی ساڵی ٩٨ بە تایبەتی نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەر، گرینگییەکی زۆری بە ئاکامی هەڵبژاردن هەم بە لای دەسەڵاتەوە و هەمیش بە لای دژبەرانەوە دروست کردبوو. لە کوردستان پێشتر حیزبە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی بە دەرکردنی بەیاننامە بەشداریکردنیان لەم خولەی هەڵبژاردندا بایکۆت کردبوو و، ئاکامەکەش نیشانی دا کە ڕێژەی بەشداری لە کوردستان لە خوارەوە بووە. بۆ کردنەوەی زیاتری ئەم مژارە وتووێژێکمان لەگەڵ کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێناوە.**

**هەڵبژاردنەکانی مەجلیس بەڕێوەچوون. ئەگەر وای دابنێین هەر کێبەرکێ و هەڵبژاردنێک براوە و دۆڕاوێکی هەیە، ئەمجارە کێ براوە و کێ دۆڕاوی ئەم گەمەیە بوو؟**

کۆماری ئیسلامی لەمەڕ هەڵبژاردنەوە زیاتر بەدوای ئەوەوە بووە کە نیشان بدا، خودی ڕێژیمە کە براوەی سەرەکیی هەڵبژاردنەکانە. چ توانیبێتی لە هەندێک قۆناغدا خەڵکێک بکێشێتە سەر سەندووق و لە تەلەڤیزیۆندا نیشانیان بدا، چ تەنانەت لە دەسبردنە نێو سەندووقەکان و تەقەلوب و زیادکردنی دەنگەکاندا وایان نواندوە کە خەڵکێکی زۆر چوون و دەنگیان داوە، بەم شێوەیە دەیهەوێ نیشان بدا کە ڕێژەیەکی بەرچاو پشتیوانی کۆماری ئیسلامییە و بەدەم بانگەوازەکەیانەوە دەچن و؛ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن.

ئەوەیکە ئەم جارە بینیمان لە ڕاستیدا جیاوازییەکی یەکجار زۆری لەچاو هەڵبژاردنەکانی پێشوو هەبوو –هەرچەند هەڵبژاردنەکانی پێشووش قەت لەو ئاستەدا نەبووە کە کۆماری ئیسلامی بتوانێ دڵی پێخۆش بکا ئەگەر وازی لە تەقولەبەکانی بهێنایە- بەڵام هیی ئەم جارەیان لە هەلومەرجێکدا کە بە تایبەتی لە چەند ساڵی ڕابردوودا نارەزایەتییەکان گەیشتبوە ترۆپکی خۆی و، بە تەواوی دەرکەوتبوو کە ئەوەیکە ڕێژیم پێشتر دەیتوانی بە جۆرێک دایبپۆشێ ئیتر ئەم جار ئەم کارەشی پێنەکرا.

کوشتاری خەڵک لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە نارەزایەتییەکانی مانگی خەزەڵوەردا و، خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە کە هەر ئەو کات سەلمێندرا کە کۆماری ئیسلامی بە هۆی سپای پاسدارانەوە ئەو فڕۆکەی خستوەتە خوارەوە و، زۆر هۆکاری دیکە کە نارەزایەتییەکانی خەڵکی زۆر بەرین کردبۆوە، بەتەواوی دەردەکەوت کە مەودایەکی زۆر کەوتووەتە نێوان خەڵک و دەسەڵات.

بۆیە ئەم جارە سەرەڕای هەموو هەوڵ و پاڕانەوەیان تەنانەت لە لایەن خامنەیی و ڕۆحانی و بەرپرسە پلەبەرز و پلەخواری ڕێژیم بۆ هاندانی خەڵک و کێشانیان بۆ سەر سەندووقەکانی دەنگدان؛ ئەوەیکە خەڵک بە نەچوونی خۆیان نیشانیان دا نارەزایەتیی چەندبارەی خۆیان بوو. بەشدارینەکردن و ڕێژەی زۆر لە خوارەوەی دەنگدەران دەریخست، خەڵک لەم ڕێگەشەوە ویستیان نارەزایەتیی خۆیان دەرببڕن و، دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی ئەم دۆڕانەی قەبووڵ کردبوو و تەنانەت وازی لە مانۆڕی درۆیینیش هێنا کە پێشتر بە فۆتۆشاپ و لەم چەشنە تێکنیکانە دەیهەویست ڕێژەی بەشداریی خەڵک زۆر نیشان بدا. لێرەدا دەکرێ بڵێین کۆرۆنا بەفریای ڕێژیم کەوت و بەم بۆنەیەوە ڕێگەی بێدەنگی هەڵبژارد و خۆی لە بایکۆتی خەڵک لە گێلی دا؛ بۆیە لەم جاردا بەدڵنیاییەوە ڕێژیم نەیتوانی دەسکەوتێکی هەبێ.

**ئەم دەنگنەدانەی خەڵک لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێ و چ لێکەوتەیەکی بۆ کۆماری ئیسلامی دەبێ؟**

کۆماری ئیسلامی دەیهەویست بە دنیای دەرەوە بە تایبەتی ئورووپاییەکان –کە بەجۆرێک حەزیان لێیە بچنە نێو ئەو کایانەوە- و تەنانەت دۆستەکانیشیان وەکوو چین و ڕووسیە نیشان بدا و، پەیامێکی وا بگەیەنێ کە کۆماری ئیسلامی پشتیوانیی خەڵکی لەپشتە، دەیانویست هەڵبژاردن وەکوو پێوەرێکی دێموکراتیک بوونی ڕێژیم نیشان بدەن، بەڵام ئاکامی بەشدارینەکردنی خەڵک لێکەوتەی پێچەوانەی ویستی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەدواوە بوو. بۆیە ئەو لێکەوتە پێچەوانەیەی کە باسمان کرد ئەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی نەیتوانی پەیامی خۆی بە وڵاتانی دەرەوە بدا، بە سەرنجدان بەوەی کە هەندێک لە وڵاتان چاودێرییەکی چڕیان بەسەر ڕۆژی هەڵبژاردندا بوو و چاوەڕوانی ئاکامەکەی بوون.

لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین بەشداری نەکردنی خەڵک پەیامێکی جدیی دیکەی خەڵکی ئێران لە دوای خۆپیشاندانەکانیان بە دنیای دەرەوە بوو، کە چیتر باوەڕێکیان بەو حکوومەتە و نمایشە شێوەدێموکراتیکەکانی نییە. ئەگەر جاران بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان دەبوونە کارتێک و لەسەر مێزی دیپلۆماتکارانی کۆماری ئیسلامیدا دادەنران، بەڵام ئێستا و ئەم جارە ئەم کارتەشی لەدەست دا و دنیای دەرەوەش لەوە ئاگادار بووەوە کە پشتیوانیی خەڵکی لەدەست داوە.

**وەزارەتی نێوخۆی ئێران ڕایگەیاندوە کە نێونجیی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان سەتا ٤٢ بووە کە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا پێشتر ڕووی نەداوە. بەدەر لەوەی هەر ئەو ئامارە و ئەوەندە بەشدارییە باسکراوەش شک و گومانی زۆری لەسەرە، بەڵام بەو حاڵەش فەزلی، وەزیری نێوخۆ دەڵێ ئەم ڕێژەیە جێی ڕەزامەندییە و قبووڵە. بۆچی کۆماری ئیسلامی بەوەندەش قایلە؟**

ڕەنگە ئەگەر هەڵبژاردنێک دێموکراتیک بێ و لە وڵاتێکی ئازاددا بەڕێوە بچێ، کەس بیر لە ڕێژەی دەنگدەران ناکاتەوە. لە وڵاتی فەڕانسە جارێک ٣٢٪ی خەڵک بەشداریی هەڵبژاردنیان کرد، بەڵام سەرکۆماریش هەڵبژێردرا و هیچ کەسێکیش پرسێکی وای بۆ دروست نەبوو کە ئاخۆ ئەو حکوومەتە پشتیوانیی خەڵکی هەیە یان نا. لە ئێراندا چونکە دەسەڵات بەسەر خەڵکدا سەپاوە، هەمیشە هەوڵی ئەوە دراوە تەنانەت بە بردنە سەری ڕێژەکە بە دنیا نیشان بدەن کە خەڵک لەگەڵ دەسەڵاتدایە.

ئەم جار سەرەڕای هەموو ئەو فرتوفێڵانەی کە کرا و ئاماری ڕەسمیی حکوومەت ٤٢٪ی ڕاگەیاند، بەڵام دیسان ڕێژەیەکی کەمە بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستای ئێران، ئەمە لە کاتێکدایە کە هەموو هەوڵ و توانای خۆیان وەگەڕ دەخەن بۆ هاندانی خەڵک و تەنانەت خامنەیی دەڵێ: "ئەگەر منیشتان خۆش ناوێ، بەڵام لەبەر وڵاتەکەتان دەنگ بدەن"، بەڵام بەم حاڵەشەوە ڕێژەکە لە خوارەوە بوو و بەدڵنیاییەوە کەمتر لەوەش بوو کە ڕاگەیەندرا. وەزارەتی نێوخۆی کۆماری ئیسلامی بەم کارە دەیهەوێ پێش بەو کاریگەرییە نەرێنییانە –لە ڕوانگەی ئەوانەوە- کە لەسەر دەروونی خەڵک دەیبێ بگرێ. هەروەها ئەو کاریگەرییەش لەسەر دنیای دەرەوە لاببا و سەرەڕای پێناخۆش بوونی خۆیان، ئەم ڕێژەیە زۆریش ئاسایی و سروشتی نیشان بدەن. بەڵام ڕاستییەکە لە خەڵک و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش –کە بەداخەوە ناهێڵن لە نزیکەوە چاودێرییان بەسەر ڕەوتی هەڵبژاردنەکاندا بکەن- ناشاردرێتەوە و، ڕاستییەکەش ئەمەیە کە ڕێژەی ڕاگەیەندراو درۆیین و دەسکردە و هەروەها زۆر کەمتر لە چاوەڕوانیی کۆماری ئیسلامییە بۆ مانۆڕدان.

کاتێک لە پێتەختی ئێران کە یەک شەشی جەماوەری ئەم وڵاتە لەخۆ دەگرێ و، زیاتر لە ٩ میلیۆن کەس مافی دەنگدانیان هەیە بەڵام ڕێژەی بەشدارییەکە کەمتر لە ٢٤٪ە، ئیتر ڕوونە کە بارودۆخی ڕێژیم لەنێو خەڵکدا بە تایبەت لەنێو شارێکی وەکوو تاراندا –کە بەدڵنیایی لە شارەکانی دیکەش وا بووە- چییە و چۆنە. ئەگەر لە تاران ٢٤٪ بەشدارییان کردبێ –کە بێگومان کەمتر بووە- وێناچێ لە ناوچەکانی تردا لەوە زیاتر بووبێ.

قایل بوون بەم ڕێژەیەش کە ئێمە دەزانین کەمترە، بە مەبەستی ئەوەیە کە وا نیشان بدرێ لە زۆر وڵاتی تریشدا بەشداریی لەم شێوەیە دەکرێ؛ بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە ئەگەر دەیانهەوێ خۆیان بە وڵاتێکی دێموکراتیک بشوبهێنن، ئەی ئەم هەمووە هات و هاوار و دەهۆڵ کوتان و پاڕانەوەیان لە چییە؟!

**لە ٢٩٠ کورسیی مەجلیس تەنیا چارەنووسی ١١ کورسییان ماوەتەوە بۆ دەوری دووهەم، بەڵام لەو ٢٧٩ کورسییەی یەکلا بوونەتەوە؛ پشکی ئیسلاحتەڵەب و ئیعتدالگەراکان تەنیا ٢٠ کورسی بووە؛ ئەوە بە بڕوای ئێوە یانی کۆتایی ڕێفۆرمخوازی لە پێکهاتەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا؟**

ئامارەکان بە دروستی لە پرسیارەکەدا هاتوون، ئەوەیکە ناڕوونە ئەوەیە کە ئەم فەرماندانەی سپا لەگەڵ ئوسوولگەراکان هەن یان سەربەخۆن. بە سەرنجدان بەوەیکە دەوترا سپای پاسداران بەتامەیە کوودتا بکا، ئایا ئێمە دەتوانین ئەمە بە کوودتا یان بە شێوەکوودتایەک بشوبهێنین؟ ئایا ویستی خامنەیی کە یەکدەست کردنی نیزامە –کە بێگومان بە پشتیوانیی سپای پاسداران دەکرێ- ئەمە یەکێک لە ڕێگەکانیەتی کە سپای پاسداران بێنێتە نێو سیستمی یاسادانانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە؟ ئایا بەم شێوە و لەم ڕێگایەوە بە هێنانی فەرماندە پلەبەرزەکانی سپای پاسداران هەوڵی ئەوە دەدرێ کە سیستمی سیاسیی ئێران یەکدەست بکرێ؟

ئەگەر باس لە ڕێفۆرمخوازی یا ئیسلاحتەڵەبەکان بکەین، دەورەیەکی گەشەی ئیسلاحتەڵەبی لە ئێراندا دەبیندرێ و باش نییە حاشا لەم شتە بکرێ؛ هەندێک گۆڕانکاری لەوانەیە لە وڵاتێکدا بە ئاکام نەگا بەڵام بێگومان کاریگەریی خۆی لە هەندێک بارودۆخدا دادەنێ. لە ساڵی ١٣٧٦ کاتێک کە محەممەدی خاتەمی بوو بە سەرۆککۆمار و ئیسلاحتەڵەبەکان زۆرینەی کورسییەکانی مەجلیسیان دوو ساڵ دواتر بەدەست هێنا، لە ڕاستیدا دەورانێکی نوێ لە ژینگەی سیاسیی ئێراندا کرایەوە. ڕەنگبێ ئەوان سەر بە حکوومەت بووبن بەڵام بە فکرێکی نوێوە هاتبێتن و بەڵام دیسانیش بۆ پاراستنی دەسەڵات بەرنامەیان داڕشتبێ، ڕەنگبێ هەوڵیان دابێ بۆ ئەوەی لەو کێشەی نێوان باڵەکانی نێو دەسەڵاتدا خۆیان لە دەسەڵات بەدەستەوە گرتن لە ڕێگەی دەرفەتی هەڵبژاردنەوە نزیک کردبێتەوە؛ بەڵام زۆری نەخایاند و لەگەڵ کۆتایی چوار ساڵی یەکەمی سەرۆککۆماریی خاتەمیدا دەرکەوت کە نا، ئیسلاحتەڵەبەکان ئەگەر خاوەنی ئەو هێزەش هەن کە بتوانن گۆڕانکاری بەدی بێنن بەڵام خاوەنی ئیرادەی پێویست بۆ هێنانەدیی گۆڕانێک کە لە خزمەتی کۆمەڵ و خەڵکدا بێ؛ نین.

بیرۆکەی ئەمان بۆ پاراستنی ئەسڵی نیزامی کۆماری ئیسلامی، لە ڕاستیدا ئەو خەنجێرە ژەهراوییە بوو کە بۆخۆیان لە خۆیان دەدا، واتە ئەوان تەواوی بەرنامەی ئیسلاحاتیی خۆیان فیدای پاراستنی نیزام کرد. هەر بۆیە لەدوای دەورەی یەکەمی سەرۆککۆماریی خاتەمی دەرکەوت نە تەنیا لەنێو ئەو خەڵکەی کە بە هیوایەکەوە پشتیوانیی ئەوانیان کردبوو، بەڵکوو لەنێو بەشێک لە کادرە سەرەکییەکانیشیان ئەو گومانە دروست بوو کە لە کۆماری ئیسلامیدا بیرۆکەی ڕیفۆرم ناتوانێ بەو جۆرە بچێتە پێشەوە. هەر بەم هۆیەش بەرە بەرە لێکدابڕان کەوتە نێو ڕیزەکانی ئیسلاحتەڵەبانیشەوە، بۆ نموونە ئیسلاحتەڵەبانی ڕادیکاڵ دروست بوون کە دواتر و لە ساڵی ٨٨دا زۆر چالاک بوون.

بە بڕوای من وردە وردە و لە ساڵی ٨٠ بەملاوە بە هۆی ئەوەی ڕێبەرانی ئیسلاحات بەشێک بوون لە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی و پاراستنی نیزامیان وەپێش هەموو شتێک دابوو، نەیانتوانی یارمەتیی بەرەوپێش چوونی ڕەوتی ئیسلاحات لە ئێران بکەن و، ئەوە سەرەتای پاشەکشە و بچووک بوونەوە بوو و لە کۆتاییدا ئێستاش سەرەتای لەنێو چوونی هەر جۆرە بیرۆکەیەکی ڕێفۆرمیستی لە ئێران‌دایە.

ئەگەر هەر واش دابنێین کە ئەوانە بەشێک لە ئیسلاحتەڵەبانی حکوومەتی بوون، بەشێک بوون کە دەیانویست لەنێو دەسەڵاتدا ڕێفۆرم بکەن، ئاکامی هەڵبژاردنی ئەم جارە دەری‌خست کە ئەگەر لە ساڵی ٨٨دا ڕێپێوانی زیاتر لە یەک میلیۆنیی ئیسلاحتەڵەبەکانیان سەرکوت کرد و، مووسەوی و کەڕووبییان لە ماڵی خۆیاندا زیندان کرد؛ ئێستا ئیتر بەم هەڵبژاردنە و دوای دە ساڵ دەکرێ بڵێین دوایین بزماریان لە تابووتیان دا.

بارودۆخی ئێستا و ئەو ڕەوتەی کە ئێستا دەچێتە پێشەوە، ئەوەی تێدا نابیندرێ کە جارێکی تر مەجال بەوە بدرێ کە دیسان ڕێفۆرمیستەکان سەر هەڵبدەنەوە. چونکە هەموو هەوڵێک دراوە ئەوان لە گۆڕەپانی هەڵبژاردن دوور بخرێنەوە، هەر بۆیە لەوانەیە لە داهاتوودا هەوڵی جدیتر بدرێ بۆ ئەوەیکە ئەو ١٥-٢٠ کەسەش کە چوونەتە مەجلیس، لە مەیدان وەدەر بنرێن.

**ئێمە دەزانین لە وڵاتانێکی وەک یەکیەتیی سۆڤیەت و چین، هەر کەسانی حکوومەتی بوون کە ئیسلاحاتێکیان لەوێدا بەدی هێنا، هۆکاری ئەوەیکە ڕەوتی ڕیفۆرم کە لەلایەن کەسانی حکوومەتییەوە لە ئێران بەڕێوە دەچوو نەیتوانی بە ئاکامێک بگا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سیستمی کۆماری ئیسلامی ڕێفۆرم هەڵنەگرە یا چ هۆکارێکی تری هەیە؟**

ناکرێ لەم بارەوە هەڵسەنگاندن بکەین لە نێوان کۆماری ئیسلامی و وڵاتانی تردا. بۆ نموونە ئێمە دەبینین کاتێک گۆرباچۆڤ گەڵاڵەی ڕیفۆرمی سیاسیی گلاسنۆستی هێنایە بەرباس، بۆخۆی یەکێک لە بەهێزترین کەسانی یەکیەتیی سۆڤیەت بوو بەڵام هات و ڕێگەی ئیسلاحاتی گرتەبەر؛ لەوێ کەسێکی سەرتر لە گۆرباچۆڤ نەبوو کە بیهەوێ پێشی پێبگرێ. ڕەنگبێ نیگەرانی لەنێو ڕێبەرانی حیزبی کۆمۆنیستدا هەبوو و گومانیان لەوەدا بوو کە ئەم ئیسلاحاتانە بتوانێ یارمەتی بە چاکبوونی دۆخەکە بدا؛ بەڵام گومانەکانیش نەیتوانی پێش بە بڕیاری گۆرباچۆڤ بگرێ. هەرچەندە ئاکامەکەی جیاواز بوو لە ویستی گۆرباچۆڤ، ئەو دەیهەویست چاکسازییەک لەنێو سیستمدا بێنێتە ئاراوە بەڵام چاوەڕوانیی خەڵک زیاتر بوو و، ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەتی لێ کەوتەوە.

لە ئێراندا ئەگەر چاکسازییەکی جدی نە تەنیا لەنێو سیستمدا بەڵکوو لە ئاستی کۆمەڵگەشدا ئەگەر بکرێ، ڕەنگبێ هەر بەو ئاکامە بگا کە یەکیەتیی سۆڤیەت پێی گەیشت. کێشەی ئیسلاحتەڵەبان لە ئێراندا ئەوە بوو کە زیاتر لەسەر ئەو باوەڕە کۆن و کلاسیکە بوون کە پێیان وابوو ئیسلاحات دەبێ لەنێو دەسەڵاتدا بکرێ؛ بەڵام لەنێو دەسەڵاتدا هێزی گەورەتر لەوان هەیە کە خاوەن بڕیاری سەرەکییە لە سیستمی سیاسیی ئێراندا و ئەویش ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. ڕێبەریش پشتەستوور بە پشتیوانیی هێزی سپای پاسدارانە، لە باری ئابوورییەوە نەبەستراوەتەوە بە بوودجەی دەوڵەتەوە، دەزگا و ناوەندە ئەمنیەتییەکانیش –تەنانەت هیی سپاش- پێڕەوی لە ڕێبەر و بەیتەکەی ئەو دەکەن، بێجگە لەمانەش یاسای بنەڕەتییش ڕێگەی بە دەستێوەردانەکانی ڕێبەر داوە –ئیسلاحتەڵەبەکان دانیان بەوەدا نا کە لە دەرەوەی یاساش حوکمی حکوومەتیی هەیە-؛ هەربۆیە لایەنی ڕێبەر باڵادەست و بەهێزترە و ئەوانیش لە بەرامبەر وەها لەمپەرێکدا بشیانهەوێ ناتوانن بە شێوەی جدی بەرەو چاکسازی هەنگاو بنێن.

بۆیە ئەگەر ئیسلاحتەڵەبەکان دەیانویست گۆڕانێک لە سیستمی ئیداری و هەتا ڕادەیەک سیاسیی ئێراندا پێک بێنن، بەڵام دەسەڵاتی سەرووتری ئەوان لەگەڵ ئەم فکرە نەبوو. ڕەوتی ئیسلاحات هێزی بەسەر دەسەڵاتدا نەشکا و وەک خودی سەیری ئەوان نەکرا و، تەنانەت سەرکوتیش کران. ئەمەش یەکەم جار نییە، هەر لەدوای مردنی خومەینی کە دەسەڵاتی وڵات کەوتە دەستی ڕەفسەنجانی و خامنەیی، کۆمەڵی ڕۆحانییانی شۆڕشگێڕیان لەنێو برد. لە کاتێکدا ئەوان لە هەستە بەهێزەکانی کۆماری ئیسلامی بوون کە پشتیوانیی خومەینییان لەگەڵ بوو. جیاوازییەکە لەوەدایە کە ئەم هەستە ناوەندییەی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا کە خامنەیی ڕێبەریی دەکا؛ بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەم جۆرە هەوڵانەدا نییە، هەر بۆیە نە تەنیا لەگەڵیان نییە بەڵکوو هەمیشە هەوڵی سەرکوتکردن و بێدەنگکردنیانی داوە.

وێنەی خاتەمی بڵاو نابێتەوە، مووسەوی و کەڕوبی لە زیندان‌دان و ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەو کەسانەی کە لە ڕیزی ئیسلاحتەڵەبەکاندا بوون بەڵام بەشێکی بنەڕەتی بوون لە کادری بەڕێوەبەریی نیزام، یان کەوتنە زیندان و...



درێژە لە لاپەڕەی ٥

ناچاریان کردن بە تۆبەکردن و بەشێکیشیان تێدا بردن. ئەمانە جیاوازیی ڕەوتی ڕیفۆرم لە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ شوێنەکانی ترە.

لە چین بە پێچەوانەی ئێران و یەکیەتیی سۆڤیەت خودی ڕێبەریی حیزبی کۆمۆنیستی چین بەرنامەی ئیسلاحاتی ئابووریی دانا و نەیهێشت لە کۆنترۆڵ دەرچێ، سروشتییە کە بەشی ئابوورییش پێوەند دەدرێتەوە بە سیاسەت و بە تایبەتی لە بەشی دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە. وڵاتی چین لەم بارەوە سەرکوتوو بوو بە جۆرێک کە هەم توانیان کۆمەڵگەکەیان کۆنترۆڵ بکەن و هەمیش سەرکەوتنێکی بەرچاوی ئابووری بەدەست بێنن.

لە ڕاستیدا ئەمە گەورەترین جیاوازیی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ترە لەم بارەیەوە، کە هەستەی سەرەکیی ڕێژیم دژایەتی لەگەڵ هەر چەشنە ڕیفۆرم و گۆڕانێک دەکا و، ئێمە دەبینین کە بنەما کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابوورییەکانی ئەم وڵاتە بە گشتی هەرەسی هێناوە و ئەمەش سەرچاوە لە سیاسەتی نەگۆڕی ڕێبەریی وڵات دەگرێ. لێکەوتەی ئەم تێڕوانینەش پێشگری لە چالاکیی ڕیفۆرمیستەکان و لەسەر کار لابردن و لە زیندان کردن و کوشتن و ڕاونانیان بۆ دەرەوەی وڵات بووە. هەر بۆیە ئێمە دەڵێین کۆماری ئیسلامی خۆی تاقەتی بە ئیسلاحات ناشکێ و هەڵگری چاکسازیی نییە.

**ئایا ئاستی چاوەڕوانیی خەڵکیش لەچاو ئەو سەردەمە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە؟ ئەوان هەر بەو چاکسازییانەی کە خاتەمی بانگەشەی بۆ دەکرد ئێستا ڕازی دەبن؟**

بێگومان ئاستی چاوەڕوانیی خەڵکی ئێرانیش لەچاو ٢٢ ساڵ لەمەوبەر هەڵکشاوە و ڕەنگە بەو ئیسلاحاتەی کە خاتەمی بەڵێنی دا و جێبەجێی نەکرد، ڕازی نەبن. ئەمەش دوو هۆکاری هەیە، یەکەمیان ئەوەی‌کە هیچ هیوایەکیان بە چاکسازی نەماوە و، دووەم ئەوەی‌کە هەستەی ناوەندیی دەسەڵات –کە باسمان کرد– ڕێگەی سەرکوت لە بەرامبەر ویستی خەڵکدا دەگرێتە بەر و ئەمەش بووەتە هۆی بێ‌بڕوایی خەڵک بە دەسەڵات لەو سۆنگەیەوە کە کارێکیان بۆ جێبەجێ بکا.

لەگەڵ ئەوەشدا چاوەڕوانیی خەڵک زۆر چووەتە سەرەوە. ڕەنگە ٢٠ ساڵ لەمەوبەر خەڵک بە گۆڕانکارییەکی بچووک لە سیستمی ئیداری و سیاسیی وڵات ڕازی دەبوون، بەڵام ئێستا ئەم ڕادە لە ویستی خەڵک کە کۆماری ئیسلامییش ناتوانێ جێبەجێیان بکا، خەڵک دەکاتە ناڕازی. بۆیەش دروشمی خەڵک زیاتر لە بازنەی نەمانی کۆماری ئیسلامی، ویلایەتی فەقیهـ و ڕێبەر و تەنانەت نەمانی سپای پاسداران وەک پارێزەری سەرەکیی ئەم ڕێژیمە و ... دەخولێتەوە.

٢٠ لەمەوبەر هێشتا بەشێکی زۆر لە خەڵک پێیان‌وابوو کە ئەمە دەسەڵاتێکی ئینقلابییە و هەشت ساڵ لە شەڕدا بووە و پێویستە پشتیوانیی لێ بکرێ؛ بەڵام ئێستا دەبینین بە زۆر هۆکار کە یەک لەوانە گۆڕانی نەسلەکان و شێوازی بیرکردنەوەیە بێ‌هیوایی، بێ‌بڕوایی و بێ‌متمانەیی و ڕادەی زۆری چاوەڕوانی جێگەی ئەوانەی گرتوەتەوە.

هەرچەندە ئێستا بیری زاڵ بەسەر سیستمی کۆماری ئیسلامیدا هیچ ئیسلاحێک هەڵناگرێ، بەڵام بێتوو بیشیکا هەوڵەکانی لە ئاستی چاوەڕوانیی خەڵکدا نابێ.

**لە ٢٢١ کورسیی ئوسوولگەرایانیش، ١٢٣ کەسیان نیزامی و لە ڕوخسارە ناسراوەکانی سپای پاسدارانن. وەک باسمان کرد سپای پاسداران کادر و مۆرەکانی خۆی بە ئاشکرا ناردووەتە مەجلیس، پێشتر وەک دەسەڵاتی سێبەر هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی پاوان کردبوو و خۆیشی دەدزییەوە لە هەموو بەرپرسایەتییەک. ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەر سیاسەتی کەلانی کۆماری ئیسلامی دەبێ، بە تایبەت کە ئەمجارە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک‌کۆماریشمان لەپێشە؟ ئایا باڵی ئوسوولگەراش خەریکە شوناسی خۆی دەدۆڕێنێ و لە ناوەندە ئەمنیەتی و نیزامییەکاندا دەتوێتەوە؟**

لە کێبەرکێی نێوان ئوسوولگەراکان و میانەڕەوەکاندا –چون ئیسلاح‌تەڵەبەکان زۆر دیار نەبوون– دەکرێ بڵێین باڵی ئوسوولگەرا براوە بوو، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە لەنێو ئەو کەسانەش کە بە لیستی ئوسوولگەراکانەوە چوونەتە مەجلیسەوە کەسانێکی بێ‌شوناسیشیان تێدایە کە ڕوون نییە سەربە چ لایەنێکن. هەروەکوو باسمان کرد هاتنە مەیدانی بەشێکی زۆر لە فەرماندەکانی سپای پاسداران دەردەکەوێ کە ئوسوولگەراکانیش براوەی هەڵبژاردن نین. ئەگەر پێشتر ئەوان خەت و نیشانیان دەدا ڕەنگە لەمەبەدوا ئەوان خەت و نیشان لە سپای پاسداران وەربگرن. هەر بۆیە لەم هەڵبژاردنەدا باڵەکانی کۆماری ئیسلامین کە دۆڕاون نە ئیسلاح‌تەڵەب و میانەڕەوەکان، بەڵکوو تەنانەت ئوسوولگەراکانیش ناتوانن خۆیان بە براوە بزانن.

زۆر جار باس کراوە کە سپای پاسداران دەیەوێ بە کوودتایەکی نەرم هەموو دەسەڵاتی ئێران بەدەستەوە بگرێ و، ئەمە بە تەواوی لەژێر چاودێریی خامنەییدا دەکرێ. ئەم جۆرە جموجووڵانە دەرخەری ئەوەیە کە ڕەنگە ئەم بیرۆکەیە چووبێتە قۆناغی کردارییەوە. بە بڕوای من ئێران بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێ کە ئوسوولگەراکان بچنە ژێر کاریگەریی فەرماندەکانی سپاوە و لەو نێوەدا بتوێنەوە. بەم جۆرە و بە ڕواڵەتێکی قانوونی سپای پاسداران پتر لە پێشوو دەبێتە هێزی یەکەم و، بە بڕوای من ئوسوولگەراکان بە تەواوی لەژێر کاریگەریی بڕیاردانی ئەواندا دەبن و بەرەو یەکدەنگییەکی زیاتر لەگەڵ ڕێبەر و سپای پاسداران کە هێزێکی ٤٠ لەسەدیی مەجلیسن پاڵ پێوە دەنرێن و سەربەخۆیی و بڕیاری خۆیان زیاتر لە جاران و هەروەها شوناسی خۆیشیان لەدەست دەدەن.

ئەمەش بڵێین ئەگەرچی سپای پاسداران بەردەوام ڕەدی کردوەتەوە کە دەستێوەردان لە کاری سیاسیی وڵاتدا بکا، بەڵام هەموو چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوەیە لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ئاکامی ئاراستەیەکی سیاسیی بەهێزە لەنێو کۆماری ئیسلامیدا. ئەگەر تا بە ئێستاش بە شێوەی فەرمی لە گۆڕەپانی سیاسیی وڵاتدا چالاکییان نەبوو، ئیتر لەمەبەدوا بەتەواوی بوونیان هەیە و ڕۆڵی ڕاستەوخۆ لە دارشتنی قانوون و سیاسەتدا دەگێڕن.

بوونی ڕاستەوخۆی سپای پاسداران بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە هێزێکی یەکلاکەرەوەیە لەم نێوەدا چ لە باری ماڵی و نیزامی و سیاسییشەوە، کاریگەریی خۆی لەسەر ڕووداوەکانی داهاتووی وڵاتیش دادەنێ. بێگومان من لەو باوەڕەدام هەموو ئەم هەوڵانە بۆ یەکدەستتر کردنی هەستەی دەسەڵاتە و، من پێم‌وا نییە چیتر ڕێگە بە کەسانی ئیسلاح‌تەڵەب و میانەڕەو بدرێ کە وا بە ئاسانی لە ڕوخساری نوێنەرانی مەجلیس و سەرۆک‌کۆماریدا بێنەوە گۆڕەپانی سیاسیی وڵات.

**ئەم یەکدەست کردنە کە باس کرا، بە سەرنجدان بەوەی کە لەسەر مێزی ئیدارەی وڵاتی ئەمریکادا کارتی گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیمی ئێران دانڕاوە و هەروەها چالاکیی دەرەکیی سپای پاسداران کە لە دژایەتی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادایە، لە ئەگەری درێژەدان بە ڕەفتاری هەنووکەیی کۆماری ئیسلامی؛ لێکەوتەی نێودەوڵەتیی بەدوادا دەبێ؟ یان با بڵێم بەرەوڕووی هەڵوێستی جدیتر دەبێتەوە؟**

لە پێوەندی لەگەڵ دەرکەوتە دەرەکییەکانی، ئەوەی کە تا ئێستا بە ئاشکرا دیتراوە سیاسەتێکی زیرەکانەی کۆماری ئیسلامی –لە ڕاستیدا فرتوفێڵێک کە نواندوویەتی– بووە، کە لە بەرامبەر دنیای دەرەوەدا هەتا ئێستا ئەم ڕێژیمەی بەسەر پێوە ڕاگرتوە. لە لایەکەوە لە ڕێگەی دەزگای ڕێبەرییەوە و بە پشتیوانیی سپای پاسداران و ناوەندە ئەمنیەتییەکانیان هەوڵی ئەوەیان داوە سیاسەتەکانی خۆیان لە دەرەوەی سنوورەکان ببەنە پێشەوە، لە لایەکی تریشەوە بە بوونی دەوڵەتانێکی وەک ڕەفسەنجانی و خاتەمی و ڕۆحانی هەوڵیان داوە کە پەیامێکی پێچەوانە بە دنیای دەرەوە بدەن. هەر لەم پێوەندییەدا زەریف لە دوایین دانیشتنی لەگەڵ ئاژانسدا داوای هاوکاریی لەوان کردبوو کە پشتگیرییان بکەن بۆ ئەوەی ئەو دەنگە دژانەی نێو دەسەڵات کپ بکرێن.

بەم شێوەیە لە ڕێگەی دەوڵەتانێکی بەڕواڵەت میانەڕەووە تێکۆشاون بە دنیای دەرەوە نیشان بدەن کە لە ئێران و لەنێو نیزامدا کۆمەڵە کەسانێک هەن کە بە مەبەستی گۆڕانکاری کار دەکەن و، بەم شێوەیە کاتی خۆی دەوڵەتە ئورووپاییەکان و تەنانەت دەوڵەتی ئۆباماشیان بەو قەناعەتە گەیاندبوو کە بۆ پێکهێنانی گۆڕانکارییەکان پێویستیان بە یارمەتیی ئەو دەوڵەتانە هەیە؛ بەڵام لە ڕووی کردارییەوە کۆماری ئیسلامی سیاسەتە ڕەسمییەکانی خۆی بردووەتە پێشەوە. دەتوانین بڵێین کۆماری ئیسلامی ئەم دەوڵەتە میانەڕەوانەی وەک ئامێرێک بۆ تەفرەدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەکار هێناوە.

سروشتییە کە ئەم قۆناغە تێدەپەڕێنێ و، ئەمەش لە هەوڵەکانیان بۆ یەکدەست کردنی نیزام دەردەکەوێ. ئایا ڕێژیم یا با بڵێین ڕێبەر دەیەوێ بەدوور لە جەناح‌بەندییەکان بۆخۆی هەنگاو لەڕێی سەقامگیریی ئاشتەوایی لەگەڵ دنیای دەرەوەدا هەڵبێنێتەوە؟ بەدوور نابیندرێ. هەرچەند من بۆخۆم باوەڕم بەوە نییە بڵێن ماهیەتی فڵان ڕێژیم فڵان جۆرە، بەڵام لە ماهیەت و فکریەتی کۆماری ئیسلامی و خامنەییدا ئەمە نابیندرێ؛ بەڵام ئەمە یەکێک لەو ڕێگەیانەیە کە بیانەوێ بەدوور لە هاوبەشکردنی ئیسلاح‌تەڵەب و میانەڕەوەکان، بۆخۆیان بیانەوێ ڕێگەی سازشێکی جدی لەگەڵ دنیای دەرەوە بە تایبەتی ئەمریکا بگرنە بەر و بە ناوی خۆیانەوە تەواوی بکەن. هەرچەند من وەک خۆم ئەم ئەگەرە بەدوور دەبینم.

لای من وایە کە مەبەستی ئەوان لە یەکدەست کردنی دەسەڵات ئەوەیە کە بیانەوێ بە هێزێکی کۆکراوەترەوە بەرەوڕووی کێشەکان ببنەوە، ڕەنگە بیانەوێ ئەزموونی کورەی باکوور لە ئێران دابەزێنن. بەدوور نییە کە هەڵسەنگاندنێکی هەڵە لە باروودۆخی وڵات، خەڵک، جوغرافیای ناوچە، پێوەندیی دەسەڵات لەگەڵ وڵاتە جۆراوجۆرەکان و هێزی خۆیان بکەن. هەر بۆیە پێموایە ئەم هەوڵانەی کە دەدرێ لە پێناو ئاشتەواییدا نییە، بەڵکوو زۆرتر بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەکانە کە هەوڵی پێکهێنانی دەسەڵاتێکی یەکگرتووتر دەدەن.

بۆیە ئەم ڕێگەیە کە گرتوویانەتە بەر بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی تاکلایەنەیە کە هەم پشتیوانیی سیاسی، هەم قانوونی و هەمیش نیزامیی هەبێ و، ئەمە ڕەنگە ڕێگەی سەرکوت و کوشت و بڕینی زیاتر لە ئێراندا بکاتەوە؛ بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێگەی بەرەو کۆتایی ڕۆیشتنی کۆماری ئیسلامیشە، بە سەرنجدان بەوەی کە خەڵک زەحمەتە تەسلیمی ئەم خواستەی ڕێژیم بن و دنیای دەرەوەش لەدوای باوەڕ پێکردن بە دەوڵەتی ئیسلاحات، میانەڕەوەکان و چاوەڕوانیی گۆڕانی ڕەفتاری ڕێژیم، بۆ جارێکی تر لە بەرامبەر ئیرادەی کۆماری ئیسلامیدا بێدەنگی هەڵبژێرن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەڵبژاردنەکانی بایکۆت کردبوو. بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی لە ئاستی گشتیشدا بەشدارییەکە زۆر کەم بوو، پێتان وایە بەشداریی کەمی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان لە کوردستان وڵامدانەوە بە هەڵوێستی بایکۆتی حیزبە سیاسییەکان بوو، یان دەرەنجامی بەستێن و باروودۆخە گشتییەکە؟**

لە پێوەندی لەگەڵ بڕیاری ناوەندی هاوکاری لەمەڕ بایکۆتی هەڵبژاردنەکان، لە ڕاستیدا ئەم حیزبانە کاریگەریی خۆیان لە کۆمەڵگەدا هەیە و ئەمەش نەک لەم هەڵبژاردنەدا بەڵکوو پێشتریش سەلمێندراوە و خەڵک بەرەوپیری داواکارییەکانیان چوون. بێگومان ئەوەی کە خەڵک پێشوازی و بەشدارییەکی سارد و سڕیان لە هەڵبژاردندا کرد دوو هۆکاری هەبوو، یەکەمیان داواکاری و هاودەنگیی حیزبەکانی کوردستانی ئێران –کە چاوەڕوانیی خەڵک لەم حیزبانە هەمیشە هاودەنگی بووە– کە بە بڕوای من زۆربەیەک لەو کەسانەی کە بایکۆتی هەڵبژاردنیان کرد لەژێر کاریگەریی بڕیاری ئەم حیزبانەدا بوون. بەدڵنیاییەوە ئەم بڕیارە بە پێی هەڵسەنگاندنێک بوو کە بۆ باروودۆخی ئێران کرابوو و ئاوێتەبوونی نالەباریی دۆخە گشتییەکە و داواکاریی حیزبەکانی ناوەندی هاوکاری دەستی بە دەستی یەکترەوە دا و بووە هۆی ئەوەی‌کە خەڵک بە ساردی بەرەوڕووی هەڵبژاردن ببنەوە. بۆیە دووهەم هۆکار دەتوانێ نارەزایەتیی گشتیی خەڵکی کوردستان لە باروودۆخەکە بێ.

کوردستان جیاوازتر لە هەموو ناوچەیەکی ئێرانە، بۆ نموونە لە شارێکی وەک تاراندا نارەزایەتیی خەڵک لە دەسەڵات و بێ‌هیواییان لە هەڵبژاردن کاریگەریی بووە لەسەر بڕیارەکانیان هەتا داخوازیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن. بەڵام لە کوردستاندا پێوەندیی خەڵک لەگەڵ حیزبەکان لە ڕاستیدا پێوەندییەکی بەهێزترە، بۆیە ڕاستە لە ئێران نارەزایەتییەکی گشتی هەیە بەڵام لە کوردستاندا هاودەنگیی حیزبەکان زیاتر هاندەر بوو بۆ بەشداری‌نەکردنیان لە هەڵبژاردندا.

**هەر لەسەر کوردستان، بایکۆتی ناوەندی هاوکاری کە حیزبی دێموکراتی کوردستانیشی تێدا بەشدارە، شارگەلێکی وەک ورمێ، قوڕوە و شنۆ و نەغەدەشی گرتەوە کە لەوێدا دوو نەتەوەی کورد و ئازەری پێکەوە دەژین، بەگشتی ستراتێژی یا تاکتیکی حیزبە کوردییەکان بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وەها دۆخێکدا بۆ ئەم شارانە چییە؟**

لەو ناوچانەی کە لە پرسیارەکەدا هاتوە بەشداریی خەڵک لەچاو ناوچەکانی تری کوردستان زیاتر بوو، ئەمەش هۆکاری تایبەت بە خۆی هەیە کە باسی لێ‌دەکەین. داواکاریی ناوەندی هاوکاری ڕوو لە هەموو خەڵکی کوردستان لە گشت ناوچەکان بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چەند خولی ڕابردووی هەڵبژاردنەکاندا بە تایبەت لە هەڵبژاردنەکانی شۆڕای شارەکان و مەجلیسدا بە نیسبەت ئەم ناوچانەوە هەڵوێستێکی جیاوازی هەبوو لەگەڵ حیزبەکانی دیکەی کوردستان. ئەگەر ئێمە پێمان‌وابوو بۆ نموونە لە سنە دەبێ بایکۆتی هەڵبژاردن بکرێ، یا لە خولێکدا پێمان‌وابوو ڕاستە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیک نییە بەڵام خەڵک پێیان‌وایە کەسێکی شیاو هەیە با پشتگیریی لێ‌بکرێ؛ بەڵام لە قۆناغی ئێستای ئێراندا و بە هۆی قووڵایی نارەزایەتییەکی گشتی کە هەیە، بێگومان بایکۆت باشترین ڕێگەیە بۆ دەربڕینی ئەم نارەزایەتییانە.

بەڵام بەم حاڵەشەوە ئێمە تێبینیی تایبەت بە خۆمان لەسەر ناوچەی ورمێ و نەغەدە هەبوو. هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە ئێستاش ئێمە پێمان‌وایە لەوێ کێشەی تێکەڵبوونی دوو نەتەوەی لێکجیاوازی کورد و تورک لە ڕاستیدا جۆرە هەستیارییەکی دروست کردوە. لە ڕابردوودا ئێمە هەوڵمان داوبو بۆ ئەوەی کە بتوانین خەڵک هان بدەین کە کاندیدی باش بناسێنن و بیاننێرنە شوڕاکان و مەجلیسەوە، کە لە قۆناغێکدا ئەو کارەش کرا و کوردەکان توانیان سەرکەوتن بەدەست بێنن. بەڵام لە دەوری پێشوودا سەرەڕای ئەوەی‌کە داواکارییمان هەبوو ئاکامی پێچەوانەی هەبوو، ئەویش لەبەر ئەوە بوو کە حیزبەکانی دیکە بە تێکڕایی بایکۆتیان کردبوو. لەم قۆناغەشدا ئەم هەستیارییەی کە باس کرا هەر لەسەر جێی خۆی بوو و هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتبوو، هەتا تەمەنی کۆماری ئیسلامی هەڵدەکشێ ئێمە لەگەڵ پرسی چارەسەر نەکراوی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نەتەوەی کورد و تورک لەم ناوچانەدا بەرەوڕووین. بەرەبەرە هەست دەکرێ بیری ناسیۆنالیستی لەنێو تورکەکاندا لەو ناوچانەدا زۆر بەهێزتر بووە، لەم بیرە ناسیۆنالیستییە ڕێژیمیش کەڵکی وەرگرتوە و سپای پاسدارانیش یارمەتیی بەهێزتر بوونی دەکا. ئەمە بەو واتایە نییە کە سپای پاسداران پەرەسەندنی ئەم بیرەی پێ‌خۆش بێ بەڵام ئەوان لەو باوەڕەدان کە ئەم فکریەتە بواری بەگژدا چوونەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی ئاسانتر دەکا؛ هەر بۆیە بە هەموو شێوەیەک یارمەتییان داون.

لەم قۆناغەدا ئەم هەستیارییە بۆ کوردەکانیش دروست بووە و بە تەواوی هەستیان بە مەترسی کردوە. ئەگەر تورکەکان دەیکەن، بۆ کوردەکان لە بەرامبەر شوناسی خۆیاندا هەوڵێکی جدی نەدەن؟ ئێمە وەک حیزبی دێموکرات بەم هۆکارانەی کە باس کرا تێبینیی خۆمان هەبوو، بەڵام ناوەندی هاوکاری کە باوەڕی وابوو بایکۆتەکە دەبێ ئەوێش بگرێتەوە؛ ئێمەش بۆ پاراستنی یەکڕیزییەکە ئەم داوایەمان قەبووڵ کرد. بەڵام بینیمان کە لە ورمێ خەڵکی کورد هەڵبژاردنیان بایکۆت نەکرد، بەشداریی هەر دوو نەتەوەکە نیشانی دا کە لەوێ ئەو هەستیارییە هەر بەهێزە. من هیوادارم کە لە داهاتوودا حیزبەکانی ناوەندی هاوکاری بەجدییەتەوە بیر لەم ناوچەیە بکەنەوە و بەدوور بین لە بڕیاری هەستەکی و دژایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەرەو هەڵسەنگاندنی هەڵەمان پاڵ پێوە نەنێ.

زۆر جار باس لەوە دەکرێ کە چ جیاوازییەک لە نێوان کوردێکی پاسدار و تورکێکی پاسداردا هەیە، بەڵام دەبینین کە خەڵک پیشە و پێشینەی کەسەکان نابینن و تەنیا چاویان لە نەتەوەکەیانە. هەر بۆیە ناوەندی هاوکاری و بە تایبەتیش حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێ بەدوور لە هەڵایسانی گرژیی نێوان ئەم دوو نەتەوەیە – مادام کە خەڵک بەو هۆکارانەی وا باس کران هەر بەشداری دەکەن– لەبیری ئەوەدا بین کە بە جۆرێک هەڵەکە بقۆزینەوە کە لە قازانجی نەتەوەی کورددا بێ.

**زۆر کەس پێیان وایە کە ئەگەر حیزبێکی سیاسی، هەڵوێستێکی هەبێ و خەڵکەکەی پێڕەوی لێ نەکەن، ئەوە ئەم حیزبە تووشی کارەسات بووە و ئەگەریش نا لە گەشبینانەترین حاڵەتی خۆیدا تووشی دۆڕان و شکست هاتووە؛ ئایا ڕای ئێوەش لەم بارەیەوە هەروایە؟**

دەبێ بڵێین باروودۆخی سیاسی و خوێندنەوەی دروستی ئەم باروودۆخە زۆر کاریگەرە لەسەر ڕادەی وەرگیرانی هەڵوێستەکە لە لایەن خەڵکەوە. لە کاتێکدا تۆ لە دۆخێکی ئازاد و لە خاکی خۆتدا بی، هەڵسەنگاندنەکە نە بە ڕێژەی یەک لە سەد بەڵکوو بە ڕێژەی یەک دەهومی لەسەدییش مومکینە و دەکرێ. بەڵام لەم هەلومەرجە ئەمنیەتییەی کە خەڵک تێیدایە و لە نەبوونی خۆمان بۆ بانگەشە و باسکردنی بەرنامە سیاسییەکانمان؛ ڕەنگە ئەم هەڵسەنگاندنە لە ڕاستیدا هەر دروست نەبێ کە ئایا هەڵوێستی سیاسیی حیزبێک چەندە وەرگیراوە یان نا. بە بڕوای من ئەگەر لەسەر ئەم نوێترین خولەی هەڵبژاردن قسە بکەین، وەک لە پرسیاری پێشووشدا باسمان کرد، هەڵوێستی حیزبەکانی ناوەندی هاوکاری لە لایەن خەڵکەوە وەرگیرا. لە خوارەوە بوونی ڕێژەی بەشداریی خەڵک دەردەخا کە ناڕازیبوونی خەڵک و بەدەم هەڵوێستەکەی حیزبەکانی کوردستانەوە هاتنیان بۆخۆی بووە هۆکاری بەشداری‌نەکردنیان.

ئەوەش بڵێین کە باس لە کوردستان دەکەین مەبەستمان لە خەڵکی کوردە نەوەک ئەو هەمووە، پادگان و ناوەندە ئەمنیەتی و بەکرێگیراوانەی ڕێژیم کە بە ڕێژەی تەواو بەشداریی هەڵبژاردنیان کردوە و هەواڵ و زانیاریی دروست و وردیشمان هەیە کە زۆر یەک لەوانە نە یەک جار بەڵکوو چەند جاریش بانگ کراون و دەنگیان داوە. ئەگەر ئێمە لە شارێکی بچووک وەک بانە ئەگەر بڵێین ٢٠ هەزار کەس بەشدارییان کردبێ، دڵنیاین کە نیوەی ئەم ڕێژەیە لە هێزە ئەمنیەتی و ئینتزامی و سەربە دەسەڵاتەکان پێک هاتوون. هەرچەندە ئێمە گومانمان هەیە لەسەر ڕاستی و دروستیی ڕێژەی ڕاگەیندراو بەڵام دیارە بەشدارییەکە سارد بووە و ئەمەش نیشان دەدا کە بەدەم داواکاریی حیزبەکانەوە هاتوون.

ئەوە نەبێ کە ئێمە تەنیا پێوەری هەڵبژاردنمان لە بەردەستدا بێ، بەڵکوو لە بۆنە جیاوازەکانیشدا ئەم بەدەنگەوە هاتنە هەر بووە، بەڵام ئەگەر لە دۆخێکی تایبەتیشدا خەڵک نەیانتوانی وڵامدانەوەیان هەبێ، شتێکی سەیر نییە چون دەبێ کاریگەریی کەشە سیاسی و ئەمنیەتییەکە لەسەر خەڵک و ڕادەی نزیکبوون و چالاکبوونی ئێمە لە نێوخۆ لەبەرچاو بگیرێ؛ یانی ئەم لەمپەرانە ببیندرێن و جا هەڵسەنگاندن بۆ ڕێژەی پێشوازییەکە لە هەڵوێستەکە بکرێ.

ئێمە ئەو ڕاستییە دەبینین کە لە ورمێ پێشوازییەکی کەمتر لە بانگەوازی ئێمە کراوە، بەڵام ئەمەش بەو واتایە نییە کە خەڵکی ئەو ناوچەیە لە حیزبە کوردستانییەکان دابڕابن؛ بەڵکوو دەبێ هۆکارە تایبەتەکان لەوێدا ببینینەوە و ئەم هۆکارەش بکەینە پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی پێشوازی نەکردنیان یان نەتوانینی وڵامدانەوەیان بە داخوازیی حیزبەکانی کوردستان.

بۆیە بە هیچ شێوەیەک ناکرێ بەبێ لەبەرچاو گرتنی دۆخەکە، هەڵسەنگاندن بکرێ بۆ ڕادەی وەرگرتنی داواکاریی حیزبەکان و، پێشتریش خەڵکی کوردستان سەلماندوویانە کە چاویان لە دەمی حیزبەکانی خۆیانە و بەدەم بانگەوازەکانیشیانەوە هاتوون و لە چەندین مانگرتنی گەورەشدا بەشدارییان کردوە و؛ ئەگەریش ببینین کە لە کات و دۆخێکی تایبەتدا بە پێی پێویست ناتوانن بە دەم بانگەوازەکەوە بێن ئەوە هیچ کات بە واتای کارەسات و دۆڕان و شکست بۆ ئەم حیزبانە نییە.

**ئەو "نا"یەی بە کۆماری ئیسلامی گوترا، چ لە کوردستان و چ لە ئاستی گشتیدا، چۆن دەتوانێ ببێتە دەسمایەی دەسکەوتی سیاسی بۆ بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد و هەروەها بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیخوازی و دێموکراسیخوازی لە ئاستی وڵاتدا؟ مەبەست ئەوەیە دەبێ چی بکرێ ئەم "نا"یە بەوەندە تەواو نەبێ و شتی هەستپێکراو بەدووی خۆیدا بێنێ.**

بە بڕوای من ئەم "نا"یەی کە دیسان بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی بووەوە، دەسکەوتێکی باشە بۆ بزووتنەوەی سیاسی و گۆڕانخوازانە لە ئێران بە گشتی و بە تایبەتی بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد. هەر ئێستا هەڵوێستی وڵاتانێکی وەک ئەمریکا لەم بارەوە دەبینین کە پێیان‌وایە بەشدارینەکردنی خەڵک نیشانەیەکی تری دەربڕینی نارەزایەتیی گشتیی خەڵکە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. من لەو باوەڕەدام کە تێکۆشەرانی سیاسی و حیزبە سیاسییەکان دەبێ هەوڵ بدەن کە ئەمە وەکوو ڕاستییەکی کۆمەڵگەی ئێران زیاتر بخەنە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دۆستانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانە لە ئێران و، ئەمە بکرێتە هەوێنێک بۆ پشتیوانییەکی جدی لە خەڵکی ئێران و بە تایبەتی بزووتنەوەی سیاسی–نەتەوەیی کوردستان. هەوڵ بدرێ بۆ کەڵکوەرگرتن لەم دەرفەتە لە پێناو پشتیوانی لە بزووتنەوە سەرەکییەکە.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەم ڕاستییە کە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ئێران، بەبێ پشتیوانیی دەرەکی نەختێک زەحمەتە بتوانێ ڕێگەی خۆی ببڕێ، بۆیە پێویستە ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە کە نارەزایەتییەکی گشتی بوو زۆرتر زەق بکرێتەوە.

فشارە سیاسییەکانی دنیای دەرەوە لەسەر کۆماری ئیسلامی لە دوو قۆناغدا یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەی‌کە ئەم بزووتنەوانە بەهێزتر بن. هەم لە قۆناغی دە ساڵ لەمەوپێش کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و شۆڕای ئەمنیەت فشاریان خستە سەر ئێران و تەحریمیان کرد و دواتر بەرە بەرە کەم بوونەوە، هەم لەم دەورە نوێیەشدا –لەگەڵ ئەوەی‌کە بەداخەوە قورسایی باری ئابوورییەکەی دەکەوێتە سەر شان و ژیانی خەڵک– بەڵام ئەم ڕاستییەش ببینین کە ئەمە کۆماری ئیسلامییە کە مەبەستی سەرەکیی ئەم تەحریمانەیە.

ئەوەش دەزانین کە تەحریمە ئابوورییەکان چونکوو لە چوارچێوە و شکڵێکی سیاسی‌دان، کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ڕابردوو بەرەو تەریک کەوتن دەبا و، دەبێتە هۆی دروستبوونی نارەزایەتیی زۆرتر لەنێو خەڵکدا، دەبێتە هۆی دوودڵی و دڕدۆنگیی کاربەدەستانی ڕێژیم و، ئێمە ئەگەر بتوانین دنیای دەرەوە باشتر لەم دۆخە تێبگەیەنین و بیکەینە هۆکارێک بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانییەکی بەهێزتر، بە تایبەتی لەباری دیپلۆماسی و سیاسییەوە بۆ سەر کۆماری ئیسلامی؛ ئەوە دەتوانین یارمەتیدەر بین بۆ خەڵکی ئێران و بە تایبەتی خەڵکی کوردستان بۆ بڕینی ئەو ڕێگە سەختەی کە لە بەردەمیان‌دایە.

ئەو خەڵکەی کە لە خۆپیشاندانەکانی ئەمساڵدا دەرکەوت تەنانەت لە قوربانی‌دانیش ناسڵەمێنەوە و ئامادەن بۆ گەیشتن بەو ڕزگارییەی کە مەبەستیانە لە گیانی خۆیشیان خۆش بن. ئاماری کوژراوەکانی خەزەڵوەر کە لە نێوان ١٥٠٠–١٧٠٠ کەسە، بێجگە لە بریندار و گیراوەکان، خۆی دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە خەڵکی ئێران ئامادەیی گیانبازییان هەیە و ئەگەر پشتیوانییەکی بەهێزی دەرەکییشیان لەپشت بێ؛ بێگومان هەنگاوی جدیتر هەڵدێننەوە بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامیی ئێران.


**سپاس بۆ بەشداریتان.**

ماندوو نەبن و سپاس بۆ ئێوەش.

# دیرۆکی خۆڕاگری

(لە دێکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

## بەندیخانە دەرووەستی بیری ئازاد نایە



محەممەد ناسری

من محەممەد ناسری خەرمانانی ١٣٤٤ لە بنەماڵەیەکی مامناوەندیی شاری سەقز لەدایک بووم. ساڵی ١٣٦٠ پێوەندیی تەشکیلاتییم بە حیزبەوە گرت و ڕۆژی ٢٩ی بەفرانباری ١٣٦٤ بەهۆی خۆتەسلیم کردنی کادرێکی نێوشار کە پێوەندیم لەگەڵی هەبوو بە ناوی «عەلی قادری» گیرام و شوێنی دەسبەسەرکرانم ئیتلاعاتی شاری سەقز بوو.

دوای ماوەیەکی کورت بەناو دادگایی کرام و بە ٣ ساڵ بەندکران حوکم درام، لە ماوەی گیران و دەسبەسەرکرانیشم لە گرتنگەی ئیتلاعاتدا چەند جار ئەشکەنجەی جەستەیی کرام کە ناخۆشترینیان لێدانی کابل لەژێر پێم بوو.

ماوەی حوکمەکەم سێ ساڵ بوو، بەڵام ٣٨ مانگ و ١٠ ڕۆژ لە زینداندا بووم، واتە ٢ مانگ و ١٠ ڕۆژ زیاتر ڕایان گرتم و ئەزیەتیان دام. ماوەی بەندکرانەکەم لە چەند زیندانی جیاوازدا تێپەڕاند، ٥ مانگ و ١٠ ڕۆژ لە بەندیخانەی دیزڵئاوا لە شاری کرماشان، ٦ مانگ لە بەندیخانەی ئێڤین لە شاری تاران، ٢٧ مانگ لە دوو بەندیخانەی سەقز، لە بەندیخانەی ئیتلاعات و ١٧ مانگی لە بەندیخانەی دوخانیات کە ژێرزەوی و عەنباری تووتن بوو.

ئەشکەنجەکردنی بەندیی سیاسی لە لایەن بازجووەکان و کەسانی تایبەت بە ئەشکەنجەدان دەکرا، بە جۆرێک کە لەبەندە سیاسیەکاندا بۆ دانپێدانان زۆر جار ئەشکەنجە دەوری هەبوو و زۆر کەس لەژێر ئەشکەنجەدا دەوامی نەدەهێنا و ئیعترافی دەکرد و زۆر کەسیش بە ناچاری ئیعترافی دەکرد، وەک نموونە هەبوون کەسانێک کە ڕیزی شۆڕشی بەجێ دەهێشت و لە کاتی خۆتەحویلدانەوەدا لەسەر کەسانی تر ئیعترافیان دەکرد و دەبووە هۆی لە داوخستنی کەسانێک، کە من خۆم یەکێک لەو کەسانە بووم کەوا لەو سۆنگەیەوە گیرام.

زۆرتری کاتەکانم بە خوێندنی کتێب و وەرزش تێپەڕ دەکرد، ملاقاتەکان لە بەندیخانەی سەقز لە دەرەوە بوو کە شوێنەکە تۆڕبەند بوو، لەنێو تۆڕبەندەکەدا پاسدار و بەندییەکان هەبوون و لەو دیوی تۆڕەکەش بنەماڵەی بەندییەکان بوون. لەنێو بەندەکاندا ئەو بەندییانەی لەسەر بیروباوەڕی خۆیان مابوونەوە و خۆیان نەدابوو بەدەستەوە، پێکەوە هەڵسوکەوتیان زۆر باش و خۆمانە بوو، بەڵام ئەوانەی وا «تەواب»ـیان پێ دەگوتن، بەندییەکانی تر لەگەڵ ئەوان تێکەڵ نەدەبوون.

بیرەوەریی زۆر خۆش و ناخۆش لەو ڕۆژ و سەردەمانە هەن. بیرەوەرییەکی خۆش ئەوە، کاتێک لە بەندیخانەی ئێڤین بووم ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ لە نێو بەندیخانەدا (حیزبییەکان) پێکەوە جێژنی ٢٥ی گەلاوێژمان گرت و چەند کەس لە ئەندامانی موجاهیدینی خەلق کە کەسانێکی باش بوون دەعوەتمان بوون. بەڵام، بیرەوەرییەکی ناخۆش ئەوە کە بەداخەوە ڕۆژانی ئاخری گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٧ ئێعدامەکان دەستیان پێکرد و چەندین هاوڕێی باش و خۆشەویست و بەنرخی حیزبییمان ئێعدام کران کە «مستەفا خزری» (وەستا مستەفای نەجاڕ)، «محەممەد ئەحمەدنیژاد» (حەمەلات) «عەلی سەلەکی»، «مەنسوور حوسێننیژاد»، «زاهیر حوسێننیژاد» کە برا بوون، «سەعید ساڵحی» (سەعید شۆیی)، «عەلی کتابی»، «مەحموود کتابی» کە ئامۆزا بوون. دیارە لەگەڵ ئەم چەند شەهیدە حیزبییە چەند کەسێکی تریش لە ئەندامانی کۆمەڵە ئێعدام کران.


ڕۆژی ئازادبوونم هەمووی لەنێو ساڵۆنی زینداندا کۆ ببووینەوە و چاوەڕێی ئازادیمان دەکرد، کەسێک بە ناوی هووشەنگ کە باوکی تورک و دایکی کورد و خەڵکی بانە بوو، هاتە لامان و گوتی ٢٢ کەس وەرن ڕیز بن و تۆش لەگەڵ کەوە. گوتم ئەمن ناتوانم لە هیچ شانۆگەرییەکدا بەشدار بم. گوتی ئەوە لە بەرژەوەندەیی خۆتە، ئەگەر لە خەمی خۆتدا نیت بەزەییت بە بنەماڵەکەتدا بێتەوە. دوایە ڕۆیشت و پاش چارەگە سەعاتێک گەڕاوە دیتمان کارتۆنێکی گەورەی پێیە. بانگی کردین و ٢٢ کەسمان چووینە پێشێ. ٢٢ کۆتری هێنابوو، گوتی دانەیەکیان دەست دەیە و لە کاتی ئازادکردندا کۆترەکە بەر بدە. کە کۆترەکەم وەرگرت لە ژێر کۆتەکەم شاردمەوە، لەو کاتەدا ڕەئیسی زیندان هاتە نێو ساڵۆنەکە و هاواری کرد ناسری بۆ هیچی پێ نییە، منیش کە کۆترەکەم نیشان دا وازی لێ هێنام.

دوای ٣٨ مانگ و ١٠ ڕۆژ بەندکرانم ڕۆژێکیان بەرپرسی بەندیخانەی سەقز بە ناوی مورتەزایی هاتە بەند و لە نێو چەند کەس لە تەوابەکاندا گوتبووی کۆمەڵێک کەس بڕیاری ئازادکردنیان دراوە کە یەکیان من بووم. بەمجۆرە من لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٧ ئازاد کرام و گەڕامەوە سەر ژیانی ئاسایی و هەروەها سیاسیی خۆم. بەو حاڵەش لە دوای ئازادییم ٥ ساڵ ئیمزایان لێ وەرگرتم کە تا سێ ساڵ حەوتووی جارێک و دوو ساڵەکەی تر ١٥ ڕۆژ جارێک دەبوا بچووبام ئیمزا بکەم. ئەو ٥ ساڵە تا ئاشکرا بوونم لە ئاخری هاوینی ١٣٨٠دا لەژێر چاودێریدا بووم، ئاخری ڕۆژی ٢٠ی خەرمانانی ١٣٨٠ شاری سەقزم بەجێ هێشت و هاتمە ڕیزی حیزبەوە.

کە هاتمە ڕیزی ئاشکرای حیزب ماوەیەک لە کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی بووم و دوای ٨ مانگ درام بە کۆمیسیۆنی ئامووزش و لە بەشی وێنەگریدا کارم کرد. لەو ماوەیەدا ساڵێک بەرپرسی بەشی وەرزشی حیزب بووم و لە کاتی دانانی «کورد کاناڵ»ـیشەوە لە ستۆدیۆی هەواڵ و بەرنامە تایبەتییەکانی کورد کاناڵدا کار دەکەم و لە خزمەت حیزب و گەلەکەمدام.

پتر لە سێ ساڵ زیندان و بەندکرانم بەشێکی گرینگ لە ژیانی سیاسی و خەباتکاریی منە و لە هەموو ئەم ماوەیەدا گشت هەوڵم ئەوە بووە نموونەی خەباتگێڕێکی دەرووەست بم و ئەوە کۆت و بەند و میلەکانی زیندان نەبن منیان تێدا بەند کرابێتم، بەڵکوو دەبێ باوەڕی ئێمە بێ دەسەڵاتی داگیرکەری نیشتمان بەچۆکدا بێنێ.

# کەڵکەڵەی ڕێژیم و ویست و داخوازییەکانی خەڵکی ئێران



ڕەزا محەممەدئەمینی




کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی تەمەنی خۆیدا لە زۆر قۆناغی پڕ لە کێشە و قەیران دەرباز بووە و، ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان توانیویانە بۆ ماوەی زیاتر لە چوار دەیە، ڕێژیمەکەیان لە داڕمان و داڕووخان بپارێزن و درێژە بە دەسەڵاتە نگریسەکەیان بدەن. ئەوان بۆ پاراستنی نیزامەکەیان دەستیان لەهیچ چەشنە چەواشەکاری و سیاسەتی درۆ و دەلەسە و هەوڵدان بۆ خاپاندنی خەڵکی و هەروەها کوشتار و زەبروزەنگی جینایەتکارانە نەپاراستوە. ئاخوندەکان بەوەش ڕانەوەستاون و بە پیلان و بەرنامەی بۆداڕێژراو و تۆکمە، هەوڵیان داوە کار لەسەر گۆڕینی ڕوانینی خەڵکی، لە هەموو بوارەکاندا بکەن. ئەوان ویستوویانە بە قازانجی بیروبۆچوونە چەوتەکانی خۆیان و چەسپاندنی ئەو دیاردە دزێوانە کە لەلایەن ئەوانەوە بایەخیان هەیە و پێی دەڵێن "ئەرزش و بەها ئیسلامییەکان" ڕوانین و شێوەژیانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە تایبەت ژنان و لاوەکان بگۆڕن و بەناو فەرهەنگێک داسەپێنن کە زۆر جیاوازی و تەنانەت هەڵاواردنی ڕەگەزیی تێدایە. لەو فەرهەنگەدا شادی و پێکەنین نامۆیە، ڕەشبینی، ڕەشپۆشی، شین و گریان تێیدا زاڵە و دووڕوویی، درۆ و فریودان و بەئامراز کردنی خەڵکی بە هەرشێوەیەک بێ، ڕەوایە.

لە ڕاستیدا ئەو فەرهەنگ و ئەرزش و بەهایانە کە دەسەڵاتداران و دەستە و تاقمە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم هەوڵی پاراستن و پەرەپێدانی زۆرەملێی لە کۆمەڵگەدا پێدەدەن، ڕێک بەپێچەوانەی ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵانی ئازادیخوازی خەڵکی ئێرانە و خەڵک نایانەوێ لەوە زیاتر لە دۆزەخێکدا درێژە بە ژیانیان بدەن کە جگە لە چارەڕەشی و بەشمەینەتی هیچ ئاکامێکی دیکەی بۆ ئەوان نییە؛ فەرهەنگی داسەپاو و دواکەوتووانەی کۆماری ئیسلامی و ئاخوندە شەییادەکان کە دژبە مافی مرۆڤ و بەها و بایەخە پەسەندکراوەکانی جیهانی پێشکەوتوو و ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤە و هیچ بایەخێک بۆ تاکەکانی کۆمەڵ دانانێ.

نیزامێک لە ئێران چارەنووسی وڵات و خەڵکەکەی بەدەستەوە گرتوە کە کەڵکەڵەی هەرە گرینگی، ئازادی و ئەمنیەت و ژیانێکی ئاسوودە و سەقامگیر بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران نییە، مافیایەک دەسەڵات و هێژمۆنیی خۆی بەسەر گەلانی ئێراندا سەپاندوە کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە ڕێباز و ڕێڕەوی خۆی نیشان دا و گوتی گرینگ بۆ ئێمە دامەزراندنی دەسەڵاتی ئیسلامییە و کۆماری ئیسلامی، "بەڵێ یان نا". بە وتەی خومەینی دامەزرێنەی کۆماری ئیسلامی، ئابووری بۆ ئاژەڵانە و ئێمە بەهەشتتان بۆ بە دیاری دێنین، ئێمە هاتووین "شۆڕش" هەناردە بکەین و گەلانی ناوچە واتە "ئۆممەتی ئیسلامی" ڕزگار بکەین. ئەوە بۆچوونی نەگۆڕی کۆماری ئیسلامی بووە و، لەماوەی چوار دەیەی ڕابردوو لەسەری ڕۆیشتووە و هەتا ئەو نیزامە گەندەڵەش بمێنێ درێژە بەو سیاسەتە دەدا.

بۆ ئاخوندەکان تەنیا نیگەرانی و کێشە سەرەکییەکەیان، چۆنیەتیی پاراستنی دەسەڵات و شێوەکانی بێدەنگکردن و سەرکوتی دانیشتووانی ئێرانە؛ لە ڕاستیدا ئابووریی داتەپیوی وڵات و چوونەسەری ڕێژەی دەیان میلیۆنی هەژاری و برسیەتی، دیاردەی دزی و بەرتیلخۆری، نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق و شێوانی بنەماڵە، منداڵانی کار و کارتۆنخەوەکان، مادە هۆشبەرەکان و چوونەسەری ڕێژەی خۆکوژی و دەیان دیاردەی نالەباری دیکە کە بەرۆکی کۆمەڵگەی گرتوە و، بە گشتی ئەوەی زۆر گرینگ نییە ژیان و گوزەرانی خەڵکە و بەلایانەوە هیچ بایەخێکی نییە چ ڕوو دەدا و خەڵک لە چ دۆزەخێکدا دەژین، کەڵکەڵەی دەسەڵاتداران و ئەوەی بۆیان گرینگە و هێڵی سوورە، ڕاگرتنی کۆڵەکەکانی نیزامە گەندەڵەکەیان و پاراستنی ئیدئۆلۆژی و بیروبۆچوونە دواکەوتووەکانیانە کە لە ڕاستیدا پێگەی هزری و ئەندێشەی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامییە و ئاخوندەکان بەلایانەوە زۆر گرینگ و چارەنووسسازە لەو مەیدانەدا و لەگەڵ نەیارەکانیان لە نێوخۆی وڵات (چالاکانی مەدەنی لە هەموو بوارەکاندا) لەو شەڕەدا نەیدۆڕێنن.

دەسەڵاتداران هەمووکاتێک پێداگرییان لەو بەناو ئەرزشە ئیسلامییانە کردوە و سەرپێچیکەرانیان گرتوە و لە بەندیخانەکان ئەوەی بۆیان کراوە لەگەڵیان کردوون. ئەوان باش دەزانن لە مەیدانی شەڕی بەناو فەرهەنگیدا ئەگەر بیدۆڕێنن، ئەوا شتێک بە ناوی کۆماری ئیسلامی نامێنێ، هەر بۆیەش کەڵکەڵەی سەرەکیی ئەوان، پاراستنی ڕواڵەتی ئەو ڕێژیمە و داسەپاندنی یاسا دواکەوتووەکانیانە. یاسا گەلێک کە بەشێکیان نەنووسراوەن و بوونەتە داب و نەریت و بەهۆی دەزگا سەرکوتکەرەکانەوە سەپێندراون. بۆ ئاخوندەکان داسەپاندنی ڕووبەندە و چارشێو بەسەر خانمەکان، زۆر گرینگترە لە نانی شەوی بنەماڵە هەژارەکان، دەسەڵاتداران لە بۆنە جیهانییەکان و بەڕێوەچوونی دەترسێن و نایانەوێ دەرگای ئێران بە ڕووی دەرەوەدا بکرێتەوە، هەر بۆیەش هەتا ئێستاش ئێرانی ژێر دەسەڵاتی مەلاکان، یەکێک لەو وڵاتانەیە کە تێیدا سەتەلایت بە شێوەی فەرمی قاچاغە و، خەڵکی بە ئاشکرا ناوێرن کەلکی لێوەرگرن. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دژی هەموو نماد و دیاردە پێشکەوتوو و ڕۆژاواییەکانن و لە هەر چەشنە گۆڕانێک لە ژیانی خەڵکیدا کە ڕەنگ و ڕووی پێشکەوتووانەی هەبێ تۆقاون.

کۆمەڵگەی بێدەنگ و گوێڕایەڵ، خامۆش و چەقبەستوو، لاواز و بێهێز، تەنانەت برسی و هیلاک و شەکەت، لە ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە باشترین کۆمەڵگەیە و دەزانن کە دەتوانن ئەو کۆمەڵگەیە دەستەمۆ بکەن و بەسەریدا زاڵ بن. هەر بۆیەش لەگەڵ هەر چەشنە نوێخوازی و ویستی ئازادیخوازانە و چالاکیی مەدەنی کە خۆی لە نافەرمانیدا ببینێتەوە بە توندی بەربەرەکانی دەکەن و چالاکانی مەدەنی سەرکوت دەکەن. کەم نین چالاکانی مەدەنی و ئەو کەسانەی ویستوویانە لە ڕێگەی خەباتی مەدەنی و ئاشتیخوازانەوە، ویست و داخوازییە سەرەتاییەکانی خەڵکی بەرز بکەنەوە و بڵێن ئێمە لە چوارچێوەی ئەو نیزامەدا دەمانەوێ بژین، بەڵام وەک هەموو مرۆڤێکی سەر زەوی مافی ئازاد ژیانمان هەیە و لێمانگەڕێن لە چوارچێوەی ژیانی تایبەتی (شخصی)ی خۆمان ئەو جۆرەی پێمانخۆشە هەڵسوکەوت بکەین. بەڵام وڵامی ئاخوندەکان و هێزی جینایەتکاری سەرکوت و دەزگای "بێداد"ی ڕێژیم لێدان و گرتن و سزادان بووە. بە سەدان و بگرە زیاتریش، لە سیماناسراوەکانی کۆمەڵگەی ئێران و دەیان هەزار کەس لە لاوانی وڵات ئێستا لە گرتووخانەکاندا چارەنووسێکی نادیاریان هەیە و نازانن چییان بەسەر دێنن. ئەوە نیشان دەدا ڕێژیمی زاڵ بەسەر ئێراندا هیچ ئاڵوگۆڕێکی تێدا نایەتە دی و ئاخوندەکان ئامادە نین لە بەرامبەر ویست و داوا ڕەواکانی گەلانی ئێراندا چووکترین پاشەکشە بکەن.

> **کۆمەڵگەی بێدەنگ و گوێڕایەڵ، خامۆش و چەقبەستوو، لاواز و بێهێز، تەنانەت برسی و هیلاک و شەکەت، لە ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە باشترین کۆمەڵگەیە و دەزانن کە دەتوانن ئەو کۆمەڵگەیە دەستەمۆ بکەن و بەسەریدا زاڵ بن. هەر بۆیەش لەگەڵ هەر چەشنە نوێخوازی و ویستی ئازادیخوازانە و چالاکیی مەدەنی کە خۆی لە نافەرمانیدا ببینێتەوە بە توندی بەربەرەکانی دەکەن و چالاکانی مەدەنی سەرکوت دەکەن.**

کۆماری ئیسلامی بوونی خۆی لە سەرکوت و ترسان و تۆقاندنی خەڵکی لە نێوخۆدا دەبینێتەوە و باش لەو ڕاستییە گەیشتوە بۆ درێژەدانی دەسەڵات دەبێ هێزی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لاواز بکا یان بیشێوێنێ، بۆ ئەم مەبەستەش هەر جارە و بەشێوەیەک قەیران دەخولقێنێ و تێدەکۆشێ بیروڕای گشتی بە لاڕێدا بەرێ. ئاخوندەکان بۆ ئەم مەبەستە کەلکیان لە زۆر ئامراز وەرگرتوە کە یەکێک لەوان هەستی ئایینیی خەڵکە، هەر بۆیەش لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا پەرەیان بەفەرهەنگی شینگێڕی و ماتەمین بۆ ئیمامان داوە و تێکۆشاون خەڵکی باوەڕمەندی ئێران، بە تایبەت زۆرینەی شیعەمەزهەبەکان بە ڕێوڕەسمە شینگێڕییەکان سەرقاڵ بکەن و لەبیریان بەرنەوە کە لە چ دۆخ و دۆزەخێکدا دەژین و لە ڕاستیدا ئەگەر قەرار بێ شین بگێڕن دەبێ شین بۆ چی بگێڕن!

بەو حاڵەش سەرەڕای درێژەدانی ئەو سیاسەت و کردەوە قێزەون و دواکەوتووانە کە ئاوێتەی تاوان و جینایەت و کوشتاری دەیان هەزار و بگرە زیاتر لە خەڵکی ئێران بووە، ئاخوندەکان نەیانتوانیوە بە ئامانجە سەرەکییەکانی خۆیان بگەن و دەبینین ئێستا زیاتر لە هەمیشە بەرەوڕووی ڕق و نارەزایەتیی پەنگخواردووی گەلانی ئێران بوونەتەوە و دەسەڵاتەکەیان زیاتر لە جاران مەترسی هەرەسهێنانی لەسەرە. کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە ڕاپەڕینەکانی بەفرانباری ٩٦ و خرۆشانی خەزەڵوەری ٩٨ و نارەزایەتییەکانی دیکەی ئەم ماوەیە نیشانیان دا کۆماری ئیسلامی گەیشتوەتە کۆتاییەکانی و ئیتر هیچ داهاتوویەکی جگە لە داڕمان و داڕووخان نەماوە. ئەو ڕێژیمە لە ئاستی نێوخۆ لە هەموو بوارەکاندا شکستی هێناوە و کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانی تووشی دەیان قەیران و نەهامەتی کردوە و لە ئاستی دەرەوەشدا لەگەڵ گەلێک کێشەی بنەڕەتی بەرەوڕوویە و کۆمەڵگەی جیهانی چیتر ئامادە نییە لە ئاست ئاژاوەگێڕییەکان و دەستێوەردانەکانی لە وڵاتانی ناوچە بێدەنگ بێ و هەروەک دەبینین کۆدەنگییەکی پتەو لە نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەهەمبەر کۆماری ئیسلامیدا پێکهاتووە.

ڕەنگدانەوەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی تەنانەت لە نێوخۆی نیزامیشدا زۆر بەرچاوە و دەبینین دەسەڵات هەتا دێ زیاتر لە پاوانی خامنەیی و مافیای سپای پاسدارانەوە بەرتەسک دەبێتەوە و ئەوەی بە چاکسازیخوازان دەناسران و دەیانویست سیمای کۆماری ئیسلامی بە بۆچوون و سیاسەتەکانی خۆیان بڕازێننەوە شکستیان هێنا و لە ڕاستیدا لە دەسەڵات دوور خرانەوە. هەربۆیەش دەبینین زۆرینەی بەربژێرانی ڕیفۆرمیست و تەنانەت ٩٠ کەس لە نوێنەرانی ئێستا بۆ هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی یازدەهەم لە ڕەشەمەدا شیاوبوونیان لەلایەن "شۆڕای نیگەهبان"ـەوە ڕەد کرایەوە. ئەوە نیشاندەری قەیرانی قووڵی نیزامی کۆماری ئیسلامییە و خامنەیی و سپای پاسداران ڕێڕەوێکیان هەڵبژاردوە کە هیچ نەرمی نواندنێکی تەنانەت لە ئاست "خودییەکانیش" تێدا بەدی ناکرێ. هەر بۆیەش تەنیا ڕێگەیەک کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە بەردەمیانە و دەبێ پێیدا بڕۆن و هەزینە و تێچووەکەشی هەرچەند زۆر و پڕژان بێ بدەن، هاتنە سەرشەقامەکان و ڕاپەڕین و داڕماندنی ئەو ڕێژیمە گەندەڵ و سەرەڕۆیەیە. ڕێگایەک کە کۆماری ئیسلامی بەسەر گەلانی ئێرانیدا سەپاندوە و بەدڵنیاییەوە ئەو ڕێژیمە، تەنانەت وەک حکوومەتە دیکتاتۆرییەکانی سەردەم ئامادە نییە بە نافەرمانیی مەدەنی و شێوەی "نەرم" و "شۆڕشی مەخمەڵی" واز لە دەسەڵات بێنێ.

# پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئێران دوای ٤١ ساڵ


ئامانج زیبایی




مێژووی سیاسەتی دەرەکیی ئێران مێژوویەکی پڕ لە هەوراز و نشێوی هەیە و دەکرێ بەسەر سێ قۆناغی مێژوویيدا دابەش بکرێ (قاجار، پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی).لە قۆناغی سێیەمدا دەسەڵاتدارانی ئێران کە زیاتر لە ڕوانگەی ئاینییەوە دەڕواننە پێوەندییەکانیان، دەکرێ بڵێین وەرچەرخانێک بوو لەمەڕ سیاسەتی دەرەکی و پێوەندییەکانیان لەگەڵ دنیای دەرەوەدا.

پێوەندییە دەرەکییەکان هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بە خۆیەوە بینی و لەگەڵ بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی باڵوێزخانەی ئەمریکا داگیر کرا. ئەم بە بارمتەگیرانە، بوو بە هۆکارێک بۆ پساندنی پێوەندییەکانی ئەمریکا و تەنانەت بوو بە هۆکارێک بۆ خستنەسەری گەمارۆی ئابووری لە لایەن واشینگتۆنەوە بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای شۆڕشەوە باڵوێزخانەی ئیسڕائیل داخراو و بیناکەشی درا بە فەلەستینییەکان و بەم جۆرە یەکەم سەردانی کەسایەتییەکی دیار و فەرمی بۆ ئێران یاسر عەرەفات بوو کە بە مەبەستی کردنەوەی باڵوێزخانەی فەلەستین سەردانی تارانی کرد. بەم جۆرە سیاسەتی دەرەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بناغەی خۆی لە سەر ناکۆکی و دوژمنایەتی لەگەڵ ئیسڕائیل و ئەمریکا بنیات نا. ئەم ناکۆکییانەی تازە بە دەسەڵات گەیشتووەکانی ئێران هەر لەگەڵ ئەم دوو وڵاتە نەبوو، ئاگری ناکۆکییەکانی کۆماری ئیسلامی، وڵاتانی موسوڵمانیشی گرتەوە و سنووری ئەم ناکۆکییانە وڵاتانی دەوروبەری ئێران و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشی گرتەوە. بڕینی کاتیی پێوەندییەکانی نێوان ئێران و عەرەبستان، کێشەکانی ئێران لەگەڵ ئیمارات لەسەر سێ دوورگەی خەلیج، ئاڵۆزبوونی پێوەندییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتی بەحرەین لەسەر پشتیوانیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە شێعەکانی ئەم وڵاتە، نەمانی پێوەندیی دیپلۆماتیک لەگەڵ وڵاتی میسر لە دوای پشتیوانی کردنی ئێران لە خالید ئیسلامبۆلی، لێڵبوونی پێوەندییەکانی نێوان ئێران و کوەیت لە کاتی شەڕی هەش ساڵەی ئێران و عێراق و چوونە نێو شەڕێکی قورس لەگەڵ عێراق؛ نموونەیەکن لە پێوەندییە دەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی. ئەمانە جگە لەوە بوون کە سیاسەتی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بوو بۆ هەموو جیهان کە ئەمە لە خۆیدا بوو بە هۆکارێکی سەرەکی کە وڵاتانی موسوڵمان بە گشتی و وڵاتانی موسوڵمانی سونیی مەزهەب بە تایبەتی بە هەستیارییەوە بڕواننە پێوەندییەکانی خۆیان لە گەڵ ئێران.

لە سەردەمی دەوڵەتەکانی ڕەفسەنجانی و خاتەمیدا سیاسەتی دەرەکیی ئێران ڕووی لە ئورووپا بوو، بەڵام لە دوای زنجیرە ڕووداوێک کە هەموویان بە فەرمان و بڕیاری ڕاستەوخۆی کاربەدەستانی پلە بەرزی ڕێژیم درابوو وەک؛ بە بارمتەگرتنی فەرمانبەر و دیپلۆماتکارەکانی باڵوێزخانەی ئەمریکا، شەڕی نێوان ئێران و عێراق، دەرکردنی فتوای کوشتنی سەلمان ڕوشدی لە لایەن خومەینییەوە، زنجیرە تێرۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە وڵاتانی ئورووپا بە گشتی و بە تایبەتی تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و کەیسی تێرۆری ناوبراو لە ئاڵمان کە بە دادگای میکۆنووس ناوبانگی دەرکرد، دانانی بۆمب لە ئارژانتین کە بە کارەساتی ئامیا بە ناوبانگە و ... بوونە هۆکارێک کە ئێران نەتوانێ لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەکیی خۆیدا سەرکەوتوو بێ، سەرەڕای ئەوەی کە لە کەس شاراوە نییە کە یەکێک لە گرینگترین کۆڵەکەکانی سیاسەتی دەرەکی لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی ئابووری و بازرگانی دادەڕێژرێ و، ئێران وەک جەمسەرێکی سەرەکی بۆ هەناردەکردنی نەوت و گازی سروشتی هەژمار دەکرێ و ئێران بازاڕێکی گەورەی بەکارهێنانی بەرهەمەکانی ئورووپایە، بەڵام سەرەڕای هەبوونی ئەو هەموو خاڵە بەهێزە لە بواری بازرگانیدا نەک سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا، بەڵکوو بە هۆی ئەم کارنامە ڕەشەی خۆی لە سەرکوت و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و لەنێو بردنی نەیارانی خۆیدا چ لە گرتووخانەکان و چ لە دەرەوەی وڵات تەنانەت لەسەر مێزی دانووسانیشدا، تەنیا گەمارۆی زیاتر و بلۆکەکردنی داراییەکانی ئەم وڵاتەی لێکەوتەوە.

هەر لە دوای دەرکردنی حوکمی دادگای میکۆنووس کە بۆ یەکەم جار کاربەدەستانی هەرە باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان بە تاوانبار ناساند، بۆ جارێکی تر سێبەری سەرەڕۆییەکانی ئەم کردەوانەی کاربەدەستانی خستە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران بە جۆرێک کە هەر هەموو ئەندامانی یەکیەتیی ئورووپا، نوێنەرایەتییەکانی خۆیان لە ئێران داخست و ئێرانیش وەک پەرچەکردار باڵوێز و کۆنسوولەکانی خۆی لە یەکیەتیی ئورووپا بانگهێشتی تاران کردەوە و ئەم پچڕانی پێوەندییانە بۆ ماوەی سێ مانگ درێژەی کێشا و، لە دوای دەسبەکاربوونی کابینەی خاتەمی وردە وردە ئەم گرژییانە هێور بوونەوەی بە خۆیەوە بینی. بە کورتی دەتوانین بڵێین کە سیاسەتی ڕەفسەنجانی و خاتەمی کەمکردنەوەی گرژییەکان بووە لەگەڵ وڵاتانی دیکە.

پێوەندییەکانی ئێران لەگەڵ دنیای دەرەوە لە دوای هاتنە سەرکاری دەوڵەتی ئەحمەدینژاد لە ساڵی ١٣٨٤ەوە ئاڵوگۆڕێکی بەخۆوە بینی و سیاسەتی ئێران زیاتر ڕووی لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین و بەشێک لە ئەفریقا و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کرد. نیشانەی ئەم ئاڵوگۆڕانە بە لابردنی باڵوێزەکانی پێشووی ئێران لەم وڵاتانەدا زیاتر ڕەنگی دایەوە. هۆکاری سەرەکیی ئەم وەرچەرخانە دەکرێ بگەڕێنینەوە بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆم و بەرنامەی ناوکییەکەی و هەروەها پەرەسەندنی بەرنامەی مووشەکیی ئێران. جگە لەم بەربەستانەش خاڵێکی جێی تێڕامانی مەحموود ئەحمەدینژاد ناردنی نامە بۆ هەر یەک لە سەرۆک کۆمارەکانی ئەمریکا و فەڕانسە و سەرۆک وەزیران و ڕاوێژکاری باڵای ئاڵمان و ئامۆژگاری کردنیان بوو. لە هەمان کاتیشدا پەیتا پەیتا کۆمەڵکوژیی جوولەکانی بە ناڕاست دەزانی و هەڕەشەی لەنێو بردن و سڕینەوەی ئیسڕائیلی لەسەر نەخشەی جیهان دەکرد و، ئەم جۆرە ڕەفتارانە ببوونە هۆکارێک کە یەکیەتیی ئورووپا بە هەستیارییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئێران بکا. کۆی ئەمانە بوونە هۆکار بۆ ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو بکشێتەوە و ڕوو لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین و ئاسیا بکا.

بە هاتنی حەسەن ڕۆحانی جارێکی تر پێوەندییە دەرەکییەکانی ئێران وەرچەرخانێکی دیکەی بەخۆوە بینی و، بەرەو هێور بوونەوە چوو. هۆکاری ئەم هێور بوونەوەش دەتوانین گرێ بدەین بە سیاسەتی کاربەدەستانی پێشووی ئەمریکا کە بە دانی پووەن و ئیمتیاز بە ئێران خوازیاری پێوەندیی دیپلۆماتیک بوون لەگەڵ ئێران. بەڵام تەمەنی ئەم ئارامی و هێور بوونەوە تەنیا لە چوار ساڵی یەکەمی دەوڵەتی ڕۆحانی بوو.

لە ئێستادا دەزگای دیپلۆماسیی ئێران تووشی کێشەگەلێکی جۆراوجۆر بووە. هێرشکردنە سەر باڵوێزخانەی عەرەبستان لە مەشهەد و بڕانی پێوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە و هەروەها لەگەڵ وڵاتانی ئیمارات، بەحرەین، سوودان، جیبۆتی و هەروەها تۆمری ڕۆژهەڵاتیش پێوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ئێران پساند و یان ڕێژەی دیپلۆماتکارەکانی خۆیان بە شێوەیەکی بەرچاو کەم کردەوە. ئێران جگە لە پاکستان لەگەڵ هەموو دراوسێکانی خۆی ناکۆکیی هەیە. لەگەڵ وڵاتی ئازەربایجان لەسەر پشتیوانیی لۆجیستیکی و ماڵی لە ئەرمەنستان و نزیکیی سیاسەتەکانی ئازەربایجان بە ئەمریکا و ئیسڕائیل، لەگەڵ تورکیە پێوەندییەکی لەرزۆک و پڕ لە هەوراز و نشێوی هەیە بەشێوەیەک جارجار لێک نزیک دەبنەوە و جارجار پێوەندییەکانیان زۆر کەمڕەنگ دەبێتەوە.

سیاسەتی دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری نێوخۆیی دراوسێکانی بۆتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ دەربڕینی نارەزایەتیی خەڵکی ئەم وڵاتانە بۆ نموونە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی خەڵکی عێراق و لوبنان. یەمەنیشی بە هەمان شێوە تووشی دارمانی ئابووری و قەیران و قاتوقڕی کردوە. وڵاتانی خەلیجیش لەم سیاسەتە زێدەڕەوییانەی ئێران وەزاڵە هاتوون.

باڵوێزخانەکانیان لە ئورووپا بە هۆی پێڕەوی لە سیاسەتی تێرۆر و سەرکوت تووشی کێشە بوون. لە بێلژیک دیپلۆماتکارێکی ئێران بە ناوی ئەسەدوڵڵا ئەسەدی بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ بۆ کردەوەیەکی تێرۆریستی لە پاریس بە دژی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی دەسبەسەر کراوە، هەر لە دوای ئەم دەستبەسەرکرانە وڵاتی هولەند ڕایگەیاند کە کاربەدەستانی ئێران بڕیاری تێرۆری "محمد رضا صمدی کلاهی"یان داوە، دانمارک کە ئەندامێکی دیکەی یەکیەتیی ئورووپایە بە هەمان شێوە ئیدانەی هەوڵێکی تێرۆریستی کە لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە بەرنامەی بۆ داڕێژرابوو کرد.

ڕۆمانیش هەر بە هەمان شێوەی وڵاتانی پێشوو باسی لە پووچەڵ کردنەوەی کردەوەیەکی تێرۆریستیی کرد کە لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە داڕێژرابوو و باڵوێزخانەی ئێران لەم وڵاتەش پشتیوانیی لە تێرۆریستەکان کردبوو، ئاڵبانیش وڵاتێکی دیکە بوو کە دوو دیپلۆماتکاری باڵوێزخانەی ئێرانی لە وڵاتی خۆی بە تۆمەتی تێرۆریستی دەرکرد، سیاسەتی بریتانیاش لە پێوەندی لەگەڵ ئێران لە کەس شاراوە نییە و بە هاوپەیمانی سەرەکیی ئەمریکا هەژمار دەکرێ و سیاسەتەکانی بریتانیا هاوتەریبی سیاسەتی ئەمریکایە و لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی ئێران باڵوێزی ئەم وڵاتەش لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە بۆ ماوەیەکی کورت دەسبەسەر کرا و نارەزایەتیی توندی ئەم وڵاتەشی لێ کەوتەوە. فەڕانسە لە دوای هەڵدانی مووشەکی ئێرانی بۆ بۆشایی ئاسمان نیگەرانیی خۆی بە ڕاشکاوانە دەربڕی، خوازیاری کارپێکردنی مێکانیزمی ماشەیە لە بەرامبەر سەرەڕۆییەکانی ئێران. ئاڵمانیش لەم ڕێڕەوە بەجێ نەماوە و لە ساڵیادی ٤١ ساڵەی شۆڕشی گەلانی ئێران لە زمان وەزیری دەرەوەی خۆیەوە بە فەرمی ڕایگەیاند کە ئاڵمان بە تەما نەبووە ئەمساڵ پەیامی پیرۆزبایی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران بنێرێ و، ئەم پەیامە بە هەڵە و بەبێ ئاگاداریی وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان نێردراوە و هەر وڵاتێک ئەگەر پەیامی پیرۆزبایی بۆ وڵاتێکی سەرکوتکەری وەک ئێران بنێرێ کارێکی باش ناکا. سوئێد و ئۆکراینیش لە دوای خستنەخوارەوەی فڕۆکەی هێڵی ئاسمانیی ئۆکراین بە دەستی سپای پاسداران پێوەندییەکانیان بەرەو ئاڵۆزی دەچێ و، کاناداش لە دوای کوژرانی هاووڵاتییەکی خۆی لە یەکێک لە بەندیخانەکانی ئێران هەموو پێوەندییەکی خۆی لەگەڵ ئەم وڵاتە بڕی. جگە لە لاوازیی پێوەندییەکانی نێوان ئێران و ئورووپا ٨ وڵاتی ئەندام لەم یەکیەتییە ڕەزامەندیی خۆیان دەربڕیوە بۆ پەیوەست بوون بە هاوپەیمانیی دەریایی بۆ ڕاگرتنی ئەمنیەتی گەرووی هۆرمز کە لەژێر هەڕەشەکانی ئێراندایە ئەم هەشت وڵاتە بریتین لە ئاڵمان، بێلژیک، ئیتالیا، پرتەغاڵ، فەڕانسە، یوونان، دانمارک و هولەند.

لاوازیی پێوەندییەکانی ئێران بە دنیای دەرەوە تەنانەت لە دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی کە دیارترین کەسایەتیی سەربازیی ئەم وڵاتە بوو خۆی نیشان دا، بە شێوەیەک کە ڕێژەی ئەم وڵاتانەی کە پەیامی هاوخەمییان بۆ کاربەدەستانی ئێرانی نارد نەدەگەیشتە ژمارەی قامکەکانی دەست و لە کۆتاییدا ئەگەر بە خێرایی ئاوڕێک لە دۆستان و دژبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بدەینەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئاستی ئەم پێوەندییانە چەندە نزمە و داهاتوویەکی ڕوون چاوەڕوانی ئەم وڵاتە ناکا.

***

دارسمە
دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

# سماندنی «بەیەکەوە گونجانی دوو ڤایرۆسی ورد و درشت»

ڕەنگە خوێنەری هێژا بە وشەی ڤایرۆسی درشت بە زەردەخەنەوە بڵێ: دارسمە و خوێندەواری؟ یان دارسمە و ڤایرۆس و مایرۆس و تەندروستی و مەندروستی کوجا مەرحەبا؟ بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ڕەنگە ئەوانەی بەوردی زانستی پزیشکییان خوێندوە، وەک من لە ڤایرۆسی درشت تێنەگەن.

منی دارسمەی ماڵوێران زۆر جاران لە ترسی دەنگەدەنگی دانیشتووانی ژێر سێبەری داران لە دارسمین دەوەستم و گوێ بۆ ئەوانە شل دەکەم لەژێر سێبەری دارەکاندا دەحەسێنەوە.

زۆر ناخۆشە ماوەیەک خەریکی کوتان و سمینی نێوقەدی دارێکی ڕەق و تەق بی و کاری سمین و کونکردن بە نیوەچڵی جێ بهێڵی و بچییە سەر نێوقەدی دارێکی دیکە و دیسان لە سەرەتاوە دەست بە کوتان و سمین بکەی. جا هەر بەم هۆیەوە من زۆر جار کە کاری سمینی نێو قەدی دارێک بە نیوە دەکەم و لە ناکاو کۆمەڵێک مرۆڤ بۆ حەسانەوە و ڕابواردنی کات دێنە ژێر دارەکە، منیش لەترسی بەردەقانی و هەڕەشەی منداڵانی چاو زیت و پیاوانی کەم عەقڵ بێدەنگ دەبم و هەست ڕادەگرم. هەر ئەمەش وایکردوە لەژێر سێبەری ئەم دارانە گوێم لە قسە و دەردەدڵی عاشقان، شەڕی ژن و مێردان، گۆرانیی دەنگخۆشان، لۆرەلۆری ڕەزاگرانان، باسوخواسی ئەدیبان، شەڕە شێعری شاعیران، لێکدانەوەی سیاسەتوانان، قاقا و پێکەنینی سەرخۆشان، وردبوونەوەی پزیشکان و دەرمانسازان و سرتوخورتی دڵداران و زۆر شتی دیکەش بێت. جا هیچ سەیر و جێگەی سەرسوڕمان نییە دارسمەی موخلیستان لەهەر شتێ مشتێ بزانێ.

ئەگەر بە عەقڵی ئێوە توانیبێتم هەڵتانبفریوێنم و بە عەقڵی خۆم ڕێگەی ڕاستتان پێشان بدەم، ڕەنگە ئامادەی ئەوەم کردبن بوونی ڤایرۆسی درشتیش لاتان سەیر نەبێ.

وەک پزیشکان دەڵێن ڤایرۆسی ورد ئەوەندە زۆر و جۆراوجۆرن کە لە ئەژمار نایەن و زانایانی ئەم بوارەش بەتەواوی هەموویان ناناسن، هەر بۆیەش لە ناکاو ڤایرۆسێکی نەناسراو کە بە چاو نابینرێ، دەلینگیان لێ هەڵ دەکا و دەستێک بە خەڵکەکە دادێنێ و کۆمەڵێکیان لێ دەکوژێت. هەر بەمجۆرە سارس و ڤایرۆسی نەخۆشیی ئەنفلۆوەنزای باڵندە و ئەنفلۆوەنزای بەراز و ئیبۆلا و ئەم دواییانەش ڤایرۆسی کۆرۆنا دەرکەوتن.

«کۆرۆنا»ش وەک بەشێکی بەرچاوی ئەم ڤایرۆسانەی پێش خۆی لە وڵاتی چینەوە سەری هەڵدا و خێرا خۆی بە سێپەلکی دانیشتووانی وڵاتەکەدا کرد و بە هەزارانی خنکاند و دەیان هەزار کەسیشی نەخۆش خست. لەم وڵاتەی ئێمە کە پێچەوانەی هەموو وڵاتانی جیهان ڤایرۆسی درشتی بەلێشاوە، ڤایرۆسە درشتەکانمان سەرهەڵدانی کۆرۆنا خەنیی کردن و وەک سەت پووره هەنگیان لە خەڵەفیدا دۆزیبێتەوە، بە هاتنی کۆرۆنا شاگەشکە بوون. پێیان وابوو ئەم ڤایرۆسە خێری خوایە و بەسەریاندا باریوە. بە فڕۆکان ڕێگەی چینیان گرتەبەر و وەزیری داسەپاوی دەرەوەی وڵاتەکەشمان خۆی پەل کردەوە و لە بەرچاوی کامێراکان بەپێکەنینەوە بە زمانی چینی سڵاوی بۆ سەرمایەدارە چەپە مائۆیستەکان نارد.

جا کە ئێوە لەسەر بنەمای زانستی پزیشکی و بایۆلۆژی بڕواتان بە ڤایرۆسی درشت نییە، دەبێ تێبگەن، ڤایرۆسە درشتەکان بەشی هەرە زۆریان لە وڵاتی ئێمە دەژین و نزیکەی نیو سەدەیە دەسەڵاتی ڕەسمییان بەدەستە و پێش ئەویش دیسان هەر بە چپە پێتان دەڵێم لە کەیەوە دەسەڵاتدارن. ئەم ڤایرۆسە درشتانە، کاتێک بە بوونی کۆرۆنا لە چین شاگەشکە بوون، خێرا باوەشیان بۆ گرتەوە و کۆمپانیایەکی فڕۆکەوانییان بۆ تەرخان کرد و دەستیان بە ڤایرۆس کێشانەوە کرد و ئەلحەق بۆ ئەوانیش خێری دایەوە.

ڤایرۆسە دەسەڵاتدارەکانی وڵاتی ئێمە سەرەتا بەناچاری لە کاتێکی خراپدا میوانداریی کۆرۆنایان کرد. کاتێک خەریکی جێژنی ساڵوەگەڕی ڤایرۆساویکردنی ئێران بوون، بێدەنگەیان لە کۆرۆنا کرد و گوتیان ئەگەر خەڵک بە بوونی کۆرۆنا بزانن بەشداریی جێژنەکەمان ناکەن. چەند ڕۆژ دوای ئەم جێژنە، کاتی هەڵبژاردنی ڤایرۆسە درشتەکانی مەجیلس بوو، بەڵام کۆرۆنای هاوردەی ڤایرۆسە درشتەکان دەستی نابووە بینەقاقای بەشێکی بەرچاوی خەڵک و حاشای لێ نەکرا، بەڵام هەتا تەواوکردنی هەڵبژاردنەکان، کۆرۆنا بەشێکی زۆری وڵاتی تەنییەوە.

پزیشکان و پسپۆڕانی زانستی بایۆلۆژی و زیندەورناسی دەڵێن ڤایرۆسەکان بۆ مانەوە و بەردەوام بوون خۆیان دەگەڵ ژینگە دەگونجێنن. ئەم ڤایرۆسە درشتانەی ئێمەش وایان کرد و سەلماندیان بەڕاست ڤایرۆسی سەردەمن. ئاخر ئەوان لە چل ساڵ لەمەوبەرەوە بە هەموو شێوەیەک وەک ملۆزم خۆیان دەگەڵ ئەم ژینگەیە گونجاندوە. کاتێک جێژنی ساڵڕۆژی بە دەسەڵات گەیشتنیان و شانۆی هەڵبژاردنەکانی ڤایرۆسەکانیان بۆ مەجلیسی ڤایرۆسان کۆتایی هات، بەتەواوی خۆیان دەگەڵ کۆرۆنا گونجاند و بۆ دەسەڵاتی خۆیان بە خێروبەرەکەتیان زانی.

ئێستا وەختە خەنی بن، کۆرۆنا جێگەی پۆلیس و هێزە ئەمنییەکانی گرتووەتەوە و لە ترسانی کەس لێک نزیک نابێتەوە و هەموو خەڵک خۆیان کۆڕ و کۆبوونەوە و تێکەڵبوون و خۆپێشاندان دەپارێزن. خەڵک هۆشی ئەوەی نەماوە لە ڕێژەی کەمی بەشدارانی ساڵڕۆژی سەرکەوتنی دەسەڵاتی زاڵ و نەچوونی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی شانۆی هەڵبژاردن و تەنانەت کەس لە ژمارەی کوژراوانی پووشبەسەر کراوی خۆپێشاندانەکانی پاییزی ڕابردووش ناپرسێتەوە.

ئەوەیە ڕێککەوتن و بەیەکەوە گونجانی دوو ڤایرۆسی ورد و درشت!

# کۆماری ئیسلامی تەورێکی دیکەی لەبەر قاچی خۆیدا



جەمیل سەرمەستی

حکوومەت ئەرکی پاراستنی گشتیی وڵات و خەڵک و بەڕێوەبردن و پێڕاگەیشتن بە دۆخی وڵات و ... لە ئەستۆیە و ڕووداوە لەناکاو و نەخوازراوەکان و چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەیان یەک لەو ئەرکانەیە کە لەئەستۆی هەر دەسەڵات و حکوومەتێکە؛ بەڵام دەسەڵاتدار و حکوومەتە دواکەوتوو و دیکتاتۆرەکان نەک هەر لە بیری بەگژداچوونەوەی کارەسات و قەیرانەکاندا نین بەڵکوو خۆیان قەیران و کارەساتن و کارەساتیش بۆ خەڵکی وڵاتەکەیان دەخوڵقێنن یان لە دروستبوونیاندا بەشدارن. کۆماری ئیسلامیی ئێران وەکوو نموونەی هەرە بەرچاوی ئەو حکوومەتانەیە و نەخۆشی کۆڕۆناش تازەترین کارەساتەکانە کە کۆماری ئیسلامی لە خولقاندنیدا سووچبارە.

پێموانییە پێویست بە شیکردنەوە و ناساندنی کۆماری ئیسلامی بکا بۆ خەڵکی ئێران و تەنانەت دنیاش کە چ بەڵایەکە، هەروەها نەخۆشی کۆڕۆناش لەم ماوەیەدا ئەوەندەی لەسەر باس کراوە کە حەوجێ بە ناساندنی ناکا، بەڵام ئەوەی کە مەبەستمانە لێرەدا بیخەینەڕوو چ هاوپەیمانییەک و چ دۆستایەتییەک لە نێوان ئەم دووانەدا هەیە و ئەم دۆستایەتییە تاکوێ بڕ دەکا.

ڕوون و ئاشکرایە کە بنرێژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە درۆ و خەڵەتاندنی خەڵکی ئێران و دزی و گەندەڵی و بەتاڵانبردنی دارایی و سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە و خەرجکردنی لە بیری شیعەگەری و پەرەپێدانی دەسەڵاتی ئاخوندەکان داندرا و لە ماوەی دەیان ساڵ دەسەڵاتدارییان بەسەر ئێراندا هەم خۆیان کارەسات بوون و هەم کارەسات و قەیرانیان بۆ خەڵک دروست کرد. ئەم دەسەڵاتە هەم هیچکات نەیویست و نەشیتوانی بەرەنگاری ڕووداوە نەخوازراوە سروشتییەکانیش بێتەوە کە بوومەلەرزەکەی کرماشان و لافاوەکانی ئەم دواییانەیە.

پاش خۆپیشاندانەکانی ٩٦ و خێراتربوونی ڕەوتی نارەزایەتییەکان لە ئێران و خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەری ٩٨ی هەتاوی و سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵک لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە و کەڵەکەبوونی ویست و داخوازییەکانی دەیان ساڵەی گەلانی ئێران و هەروەها کوشتنی قاسم سلێمانی لە لایەن ئەمریکاوە و خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە بە دەستی سپای پاسداران و بە گشتی دابەزینی لەڕادە بەدەری متمانەی خەڵک بە دەسەڵاتی ئاخوندی و بێزاربوون لەم ڕێژیمە خوێنڕێژە لە بەرەبەرەی ساڵوەگەڕی شۆڕشی گەلانی ئێراندا و هەروەها هەستپێکردنی دەسەڵاتدارانی تاران بە بەشدارینەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا سەرەڕای بازاڕگەرمی و پڕوپاگەندەیەکی زۆری ئاخوندەکان لە بەرەبەرەی بەناو هەڵبژاردنی خولی یازدەهەمی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیدا بووین کە نەخۆشی کۆڕۆنا لە وڵاتی "چین"دا سەری هەڵدا وگەیشتە ئاستێک کە بێجگە کۆماری ئیسلامی هەموو وڵاتان سنوورەکانیان بەڕووی چینیەکاندا داخست.

لە ڕۆژی ١١ی ڕێبەندان پاش مەرگی پزیشکێک لە شاری قوم و چەند کەسی دیکە وەزیری تەندروستی ڕێژیم لەگەڵ بەرپرسانی سپای پاسداران و ئیتلاعاتی ڕێژیم و حکوومەتەکەی ڕووحانیدا کۆدەبنەوە وداوای ڕاگرتنی هاتوچۆ بۆ چین و هەروەها قەرەنتینەکردنی شاری قوم دەکا کە لەوکاتەدا فڕۆکەوانیی ماهان کە سەر بە سپای پاسدارانە بەردەوامە لە هێنان و بردنی خەڵک بۆ چین، بەڵام بەرپرسانی سپای پاسداران و بە تایبەت ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی دژی ئەو داخوازییەی نمەکی وەزیری تەندروستی دەبن و ناهێڵن سەر بگرێ کە دیارە فەرمانی ڕاستەوخۆی خامنەییە بۆ مەرامی تایبەتی خۆی و گیانی خەڵکی ئێران هەروەها کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی سەلماندوویانە هیچ بایەخێکی بەلایانەوە نییە و بۆ مانەوەی خۆیان ئامادەن هەموو کەس بکەنە قوربانی.

هەموو لایەک باش دەیانزانی کە خەڵکێکی زۆرکەم لە بەناو هەڵبژاردنەکاندا بەشداری دەکا و کۆماری ئیسلامی ئیتر ناتوانێ مەشرووعییەتی خۆی بە دنیا بفرۆشێتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە نەخۆشییەکە لە قومدا سەری هەڵدابوو کە بۆ کۆماری ئیسلامی هێڵی سوورە و سەدان ساڵە پڕوپاگەندەی پیرۆزی ئەو شارە دەکەن و خەڵکیان وا فێرکردووە کە لەوشارەدا هەموو نەخۆشییەکان چارەسەر دەبن کەچی ئەمجارە قوم بۆتە هۆکار و سەرچاوەی مەرگ و کارەسات و دەسەڵاتەکەی زۆرزیاتر لە جاران کەوتە پەلەقاژەی مانەوە و وەکوو هەمیشە بڕیارێکی گەمژانەیان دا کە زیانی زۆر زۆرتر بوو لە قازانجی بۆ کۆماری ئیسلامی و بیرە مەزهەبییەکەشیان کە هۆکاری سەرەکی بەدەسەڵات گەیشتن و مانەوەشیانە، شاردنەوەی نەخۆشی کۆڕۆناش لەو کاتەدا بە هەلێک زانرا بۆ پەردەپۆشکردن و لە بیربردنەوەی ڕێژەی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا، هەربۆیە خەڵک هیچ ئامادەکارییەکی نەبوو بۆ بەرەنگاربوونەوە یان خۆپاراستن لەو بەڵایە بەڵام دیسان گەمژەیی دەسەڵاتداران و بڕیاری بەپەلە و ڕادەی شڵەژاوییان وایکرد کە نەک هەرببنە هۆی گیانلەدەستدانی خەڵکێکی زۆر کە دەتوانرا پێشی پێبگیردرێ بەڵکوو لە هەڵسەنگاندنەکانی خۆشیاندا هەڵەیەکی کوشندەیان کرد و تەورەکەیان کە بۆ کوشتنی خەڵک هەڵیانهێنابوو لەبەر قاچی خۆیان دا و زۆر زیاتر لە جاران شەرعییەتی خۆیان لەدەست دا و لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەوەش هیچ متمانەیەکیان بە خۆیان نەهێشت. هەروەها زیاتر بۆ خەڵک دەرکەوت کە نەک هەر توانایی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکانیان نییە بەڵکوو خۆیان سەرچاوەی کارەسات و قەیرانن و دەیان ساڵە تەنیا باڵوێزی مەرگ بوون بۆ خەڵکی ئێران و جیهانیش.

لە لایەکی دیکەوە کۆڕۆنا بێجگە لە زیانی گیانی بۆ خەڵکی ئێران زیانێکی گەورەی ئابووریش لە ئێران دەدا و کۆماری ئیسلامی دەبەستێتەوە بە چەشنێک کە دەتوانین بڵێین کە نەخۆشی کۆڕۆنا بەهێزتر لە گەمارۆکانی ئەمریکا بووە و پشتی کۆماری ئیسلامی بە یەکجاری دەشکێنێ ، هەموو وڵاتانی دراوسێ سنوورەکانیان بەڕوویدا داخست و بە کردەوە ئابڵۆقەیەکی لە سەتاسەت دەستی پێ کردوە و لەنێوخۆشدا هەموو شوێنە گشتییەکان داخراون و مانگرتنێکی گشتیی خەڵک و جومگە ئابوورییەکانی ئێرانی بەدوای خۆیدا هێناوە و نرخی کەلوپەل چەند قات بەرزبۆتەوە و ئەمەش وایکردوە کە بڵێین کۆماری ئیسلامی چوو بۆڕیش سمێڵیشی لەسەر دانا.

# "سەلەفیزم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان"

شاهۆ مەتین



ماکس وێبێری کۆمەڵناس، لێکۆڵینەوەیەکی هەیە لەسەر کاریگەریی دینی لە گۆڕانی بایەخەکان و ڕوانینی تاکەکان، هەتا هاوکێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان. وێبێر بە کەلکوەرگرتن لە گوتاری کلیسا و ڕەوتەکانی، جۆری بنیاتناسی لە ڕێکخراوێکی دینی پێشکەش کردوە، تاکوو شێواز و پرۆسەی جۆراوجۆری دروستبوونی ڕێکخراوێکی دینی بناسێنێ.

هەروەها دورکهایم پێی وایە ڕۆڵی ئەسڵیی دین، وەدیهێنانی پێوەندیی توند و تۆڵ لە ڕێگای داب و نەریت و ڕێوڕەسمەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و بەرهەمهێنانی یەکگرتوویی ئەخلاقییە بۆ کۆمەڵگە. لە ڕاستیدا دینەکان هێما و ئەساسی کۆمەڵگە دێنە ئەژمار و سنوورە مۆڕاڵییەکان دادەڕێژن.

دورکهایم بڕوای وایە کە جیاوازیی بیرو باوەڕ و ڕێوڕەسمەکان لە نێوان کارێکی پیرۆز و ناپیرۆزدا دەرهاویشتەی کۆمەڵایەتیی گرینگی لە هاوسەنگ کردن و وەبەریەک کەوتنی لە نێوان ساختار و دژەساختار، نەزم و شپرزەیی لەنێو کۆمەڵگە و تاک دروست دەکات و، لە ئاکامدا دینەکان هەم لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کاریگەری وەردەگرن و هەمیش کاریگەری دادەنێن و، سەرەڕای چاوگەی جوغرافیایی و کولتوورییان بە بەرهەم و دەرهاویشتەیەکی کۆمەڵایەتی دێنە ئەژمار.

ئێستا بە سەردەمی وەبەریەککەوتنی کولتووریی نێوان ژیارەکان و هاوکات سەردەمی جیهانگیری و ... خوێندنەوەی نوێ لە دین و هەروەها کاریگەریی ڕیشەیی و جێکەوتوویی مەزهەبەکان، سەلەفیزم وەک یەکێک لە ڕێبازە بناژۆخوازە ئیسلامییەکان بڕوای بە پێوەندیی دیالێکتیکی نێوان دین و بەستێنی کۆمەڵایەتی نییە و، بۆچوونی ئەوان لە نێوان بارودۆخی هەنووکەیی کۆمەڵگە و ئەوەی گەورەکانمان لەگەڵ سەرچاوە دینییەکانی پێشوو وتوویانە و کردوویانە دژوازیی هەیە و پێیان وایە ئەوە کۆمەڵگەی سەردەمە کە ڕێگای ڕزگاریی ون کردوە .

ئەم پرۆسێسە ئەوانی تووشی شەڕێکی قورس لەگەڵ هەموو شوناسە دینییەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی دنیای ئیسلام کردوە، ئەوان بە لادان لە ئیسلامی ڕاستەقینە و بێبڕوایی تۆمەتبار دەکەن و خۆیان لە بواری پێبەندییان بە قورئان و سوننەت بە ڕەسەنترین دەزانن و تەنانەت خۆیان گرێدراو بە هیچ مەزهەبێک نازانن و لەگەڵ هیچ حیزێک سازانیان نییە، هەموو ئەوانەی وەک خۆیان نین بە گومڕا و سەرلێشێوا دەزانن.

سەلەفیزم ڕێگە چارەی دەرباز بوون لەم قەیرانە مەعریفی و دەرباز بوون لەم لادانە لە ئیسلامی واقعییە، گەڕانەوە بۆ دینی ڕاست و دروستی پێشینیان و بۆ وتەکانیان لەمەڕ سیستمی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی سەرەتای ئیسلام دەزانێ.

سەرەڕای جیاوازیی ڕەوتەکانی هەڵگری سەلەفیزم (بانگخوازی، جیهادی) چ لە بواری ئەندێشە و چ پڕاگماتیستییەکەی، تایبەتمەندیی بەرچاوی ئەم تێڕوانینە مەزهەبییەیە، لەسەر نەریتی خەواریج، بۆ چوونەکانی ئیبن تەیمییە و محەممەد کوڕی عەبدولوەهاب و لێکدانەوە و شیکاریی جۆراوجۆر لە بۆچوونی (ئیمام ئەحمەد حەنبەل) دامەزراوە. گەڕانەوە بۆ سەردەمی زێڕینی پێغەمبەر و پێداگری لەسەر سەرچاوەکانی ئیسلام لەو بڕوایە سەرچاوە دەگرێ کە پێیان وایە جیایی نێوان دین و سیاسەت لە ئارادا نییە و تەنیا پێغەمبەر و هاوەڵەکانی مافی بەڕێوەبەریی کۆمەڵگەیان بەپێی ویستی خوا هەبووە. لەسەر ئەم ئەساسە، بە لاساییکردنەوەی ژیانی پێغەمبەر و هاوڕێیانی دەتوانێ پرۆسەی دارمانی کۆمەڵگەی ئیسلامی پێچەوانە بکرێتەوە و بگەڕێندرێتەوە سەر ئەساسی دروستی خۆی. سەلەفیەت وەک ڕێبازێکی مەزهەبی لەنێو موسوڵمانان بە پاساوی ڕێفۆرم لە سەدەی چواری کۆچیدا هاتە نێو مێژووی ڕەوتە مەزهەبییەکانەوە؛ تاقمێک لە پەیڕەوانی ئیمام ئەحمەد حەنبەل لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا دروست بوون و دنیابینیی خۆیان بە نیسبەت دین هەبوو، ئیبن تەیمییە شوێندانەرترین بیرمەندی نێو ئەم ڕەوتەیە و دواتر محەممەد کوڕی عەبدولوەهاب بە کردەوە بەستێن بۆ پەرەسەندنی ئەم بیرۆکەیە خۆش دەکا.

لەم بیست ساڵەی دواییدا، هزری سەلەفیزم بە ئەندێشەی کەسانێکی وەک (ئەبوو ئەعلای مەودوودی و سەید قوتب) بەهێز بووە و بە بەرنامەڕێژیی دیاریکراوی سیاسی تەیار کراون، کە دواتر بە ڕێنوێنیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی زۆرێک لە ڕەوتە سەلەفییەکان گۆڕدراون .

سەلەفیی تەبلیغیی ئەبووئەعلای مەودوودی زانای دینیی هێندی-پاکستانی لە سەر ئەم بڕوایەیە کە فەرموودەی خوا دەبێ لە ڕێگەی بانگەشەی ناتوندوتیژانەی دینی بڵاو بکرێتەوە؛ لە کاتێکدا سەلەفیی جیهادیی ژێر کاریگەریی بۆچوونی سەید قوتبدان، ڕێبازی توند و ڕادیکاڵیان هەیە و بانگەشە بۆ جیهاد دەکەن .

تێگەیشتنی سەلەفییەکان لە خواپەرستی لەگەڵ تێگەیشتنی موسوڵمانەکان لە یەکتاپەرستی جیاوازیی قووڵی هەیە.

هەروەک سەید قوتب دەڵێ یاسا و دانانی یاسا تایبەت بە خوایە و دەستێوەردان لەودا مرۆڤ و کۆمەڵگە بەرەو خورافات دەبا. سەردەمی تاریکپەرستیی پێش ئیسلام دەشوبهێنێ بە کۆمەڵگەی ئێستا و هەموو ئەوان بە نائاگا پێناسە دەکا، بەم پێیە سەید قوتب ڕاشکاوانە هەموو مرۆڤایەتی بە ئیسلامی و نائیسلامییەوە بە نائاگا دەزانێ و، لە ئاکامدا بۆ تێپەڕین لەم دۆخە، (جیهاد) وەک ئەرکێک بۆ خواپەرستانی ڕاستەقینە تا دامەزراندنی دەسەڵاتی دینی دەزانێ.

بەم پێیە، ڕەوتەکانی سەلەفییەت لەژێر کاریگەریی ئەندێشەکانی سەید قوتب کە دواتر نازناوی جیهادییان پێدرا، بە پشبەستن بە فتوای بە کافر زانینی موسوڵمانان و شارۆمەندانی ئاسایی، بوون بە یەکێک لە گەورەترین هێزە تێرۆریستییەکانی جیهان و، لە دوورترین شوێنی دنیا هێرش و شەڕی زۆریان ڕێکخست. ڕێکخراوی جیهادیی سەلەفیزم، ڕێکخراوێکی ئاڵۆز و شاراوەن، ئاشنا بە ڕێبازی قاعیدەن، بڕوایان وایە لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە گەر سێ کەسی موسوڵمان پێکەوە بن ئەوە دەتوانن خۆیان ڕێکبخەن و ئەمیر دیاری بکەن و جیهاد بە فەرمانی ئەمیرەکەیان لەو شوێنە بکەن. لە ڕوانگەی سەلەفییەکان پێناسەیەکی کۆنکرێت بۆ کافر بوون دیاری نەکراوە و هەر تاقمێکیان بە شێوەی دنیابینیی خۆی شرۆڤە بۆ ئەم بابەتە دەکا.

هەر چەند چوار جیاوازیی بنەڕەتی، سەلەفییەکان لە ڕەوتە مەزهەبییە ڕادیکاڵەکانی تر جیا دەکاتەوە کە بریتین لە: بەرزبوونەوەی حوکمی جیهاد لەسەر پێنج ڕوکنی سەرەکیی ئیسلام، تەکفیری موسوڵمانانێک کە هاوبیری خۆیان نین، ڕەوایی بەخشین بە هێرش دژی شارۆمەندانی ئاسایی و، لە کۆتاییدا بەجێگەیاندیی هێرشی خۆکوژی.

بێجگە لەم بیرۆکەیە لێکۆڵەران هۆکارگەلی مێژوویی، ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییش لە پەرە سەندنی ئەم بیرۆکەیەدا بە کاریگەر دەزانن.

بەدەر لە جیاوازیی ئیدئۆلۆژیک دوو تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەم ڕەوتە سەلەفیانە بریتییە لە؛ ڕایەڵکەی توند و سەرچاوەی جۆراوجۆری هێز، کە بە پێچەوانەی ڕێکخراوە تێرۆریستییە کلاسیکەکانی تر کە پێکهاتەی پلەداری، ستوونی و ڕێبەری دیاریکراویان هەیە، لە ڕایەڵکەیەکی ئاسۆیی دروست بوون و زۆر بەکەمی لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی گەورەدا دەردەکەون.

(کۆرتۆلۆس) لە چەمکی "گرووپ لە گرووپدا" بۆ ناسینی تایبەتمەندییەکانیان کەلک وەردەگرێ، ئەم گرووپانە ناوەندی فەرماندەیی و ڕێبەرییەکی دیاریکراویان نییە و ئەوەی تاکەکان لەنێو ئەم ڕایەڵکانە پێکەوە دەبەستێتەوە، هزر و بڕوای تیئۆریک و هاوبەشی ئەندامانەکانیەتی. بۆ ئەم مەبەستەش بەردەوام لەگەڵ خەڵکدا لە پێوەندیدان و لە ڕێگەی جیاوازەوە بانگەشەی دین دەکەن.

ئیدئۆلۆژیی سەلەفیزمی توندڕەو و ڕادیکاڵ لەم ساڵانەدا هەموو سنوورە نێودەوڵەتییەکانی بەخێرایی بڕیوە و توانیویەتی لە زۆربەی وڵاتاندا هێرشی تێرۆریستی بەڕێوە بەرێ و، بەمەش بۆتە سەرچاوەیەکی زاوزێی هێز. بە واتایەکی تر سەرەڕای دژایەتیی نیزامی، سیاسی، میدیایی و ئەمنیەتیی دەوڵەتانی بەرامبەر، چالاکی و هێرشی تێرۆریستی، ڕێکخستن و وەرگرتنی ئەندام و هێزی لاو و بانگەشەی ئەم ڕەوتە لە دنیادا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرە دەستێنێ.

کۆمەڵگەی سوننیی ئێرانیش بە کوردستانەوە، وەک ناوچەیەکی گرینگی کۆمەڵگەی ئیسلامی، بە شێوازی جۆراوجۆر لە هەمبەر مەترسیی ئەم تەوژمە ئیسلامی-عەرەبی و جیهانییەدایە. لەم ساڵانەی دواییدا بە سەرنج دان بە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و دنیا، هەڵایسانی کێشەی مەزهەبی لە جیهانی ئیسلامیدا، هەندێک لە چالاکیی ئەم ڕەوتە توندڕەوانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕووی داوە .

ئەم بیرۆکەیە لە سەرەتادا لە کوردستانی باشوورەوە هەناردەی کوردستانی ڕۆژهەڵات کرا، ئەم بەشە لە کوردستان بە هۆی نزیکیی لە دنیای عەرەب و حیزب و لایەنە مەزهەبییەکانی ئەم نەتەوەیە ڕۆڵی سەرەکیی لەم بارەوە گێڕاوە. ئەم هاتوچۆ و پێوەندییە مەزهەبییانە بەکگراوەندێکی مێژوویی هەیە لە نێوان ئەم دوو بەشەی کوردستاندا.

ئەم ڕەوتە ڕادیکاڵە ئیسلامییانە بە تێکەڵاوییان لەگەڵ هەندێک لەو حیزبە جیهادییانەی باشووری کوردستان وەک بزوتنەوەی ئیسلامی، جوندولئیسلام و دواتر ئەنسارولئیسلام، هەوڵی جێگیرکردنی ئەم بیرە جیهادییەیان لەنێو تاقمێک لە لاوانی هۆگری ئەم هزرە لە ڕۆژهەڵات داوە، کە ئاکامی وەک خۆتەقاندنەوە و چوونە نێو ڕیزی ئەلقاعیدە و داعشیشی لێکەوتوەتەوە.

بەشێک لە کوردستانی ڕۆژهەڵات وەک ناوچەیەکی سوننی مەزهەبی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، بە تایبەت بە هۆی پشتیوانیی لۆجستیکی، پەروەردەیی و ئابووریی ئەم ڕەوتانە لە ڕێگای ناوەندە مەزهەبییەکان دنیای ئیسلامەوە و هەروەها شوێنی گونجاوی گەشەکردنیان، لە تەوژمی بناژۆخوازیی گڕگرتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پارێزراو نابێ .

گەشەی خێرایان لە پەراوێزی شارەکان، وەرگرتنی قوتابیی ئایینی و پەروەردە و چوونە نێو ڕیزی ڕێکخراوی تێرۆریستیی وەک داعش و خۆتەقاندنەوەیان، نیشانەی بوونیان و ڕۆڵگێڕانیان لە ئاڵوگۆڕەکانی ئێستا و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

لە لایەکی تر گەشەی سەرمایەداری، دروستبوونی چینی فەقیر، جیاوازی و ناعەداڵەتی لە دنیای سەردەمدا کە بەپێچەوانەی ئیدئۆلۆژیی سەلەفیزمە کە بانگەشەی گەڕانەوە بۆ سەردەمی سادەژیانکردن دەکا، بۆتە دەنگی نارەزایەتیی خەڵکێکی زۆر لە کۆمەڵگەی ئیسلامیی دژی مۆدێرنیزم و ئەمەش دەتوانێ هاندەر بێ بۆ نزیکبوونەوەی چینی هەژاری کۆمەڵگە لەم تاقمانە.

هاتنی بیری سەلەفیزم وەک ڕوانینێکی ڕادیکاڵ لە ئیسلام و تەیار بە ئیدئۆلۆژیی شۆڕشگێڕانە و هەروەها ئەو ژینگە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییە بۆ گەشەیان و، هاوکات پشتیوانیی ماڵی و لۆجستیکی لە دەرەوەی سنوورەکان، ئەم ڕەوتەی بۆ ئەمنیەتی شارۆمەندانی کوردستان کردوەتە مەترسییەکی جیدی.

لە ئاکامدا هزری بناژۆخوازی سەلەفیزم وەک هێمای حاکمیەتی شەرعی بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ لەگەڵ ڕوانگەی پارتە نەتەوەییەکانی وەک دێموکرات کە بڕوای بە پلۆرالیزمی سیاسی، زمانی، کولتووری و دینیی کۆمەڵگە هەیە و، هەروەها فێدرالیزم کە ئامانجی دوارۆژیەتی و هاوکات لەگەڵ ڕێکخراوە دینییەکانی تریش، لە ژینگەیەکی سیاسیدا پێکەوە ژیانێکی ئاشتیخوازانەی هەبێ.

چوارچێوەی بەرتەسکی بیرکردنەوەی سەلەفیەت لەگەڵ جیهانبینیی دێموکراسی، ئازادی و ناسیۆنالیزم لە کێشەی مەعریفیدایە، چونکە ئەم گوتارانە بە گوتاری کافران دەزانێ. هاوکات لە مەنهەجی ئەم ڕێکخراوە ڕادیکاڵەدا پێکەوەسازان و سەقامگیری و ئاسوودەییەک نییە، لەبەر ئەوەی بەردەوام لەگەڵ هزر و ئەندێشەی جیاوازدا کێشە و ململانێی هەیە و هەوڵی سڕینەوەیان دەدا.

***

کوردستان
ژمارە: ٧٦٩
١٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٨ _ ٥ی مارسی ٢٠٢٠



رەحمان سەلیمی

# FATF و داتەپینی زیاتری ئابووریی ئێران

بەجیهانی بوون پرۆسەیەکە کە تێیدا ڕووداوەکان، چالاکییە جۆراوجۆرەکان و بڕیارەکان لە لایەن هەرکام لە یەکەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کۆی سیستمی جیهانی دادەنێ. گەشە و بەرەوپێشچوونی ئەو پرۆسەیە وای کردوە وڵاتان نەتوانن سیاسەتی سنووری داخراو و سەربەخۆیی ئابووری و تەنانەت فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیش پێڕەو بکەن. لە سەردەمی ئێستادا ئابووریی هەر وڵاتێک پاژێکە لە ئابوورییەکی گەورەتری جیهانی کە تەنیا و تەنیا بە ڕەچاو کردنی پێک بەستراویی فرەلایەن، دەرفەتی گووران و گەشە پەیدا دەکا. ئابووریی دەوڵەتانی جیهان بە کۆمەڵە ڕایەڵەیەکی ئاڵۆز و لە هەمان کاتدا قانوونمەند بە یەکەوە بەستراونەتەوە کە پێبەندنەبوون بەو ڕێسایانە دەتوانێ تێچوویەکی زۆری بۆ وڵاتان بەدواوە بێ. بە جۆرێک کە "خودکفایی"ی وڵاتان بە تایبەت لە ڕووی ئابوورییەوە بووەتە چەمکێکی کۆمیک و ناواقعی.

مامەڵەی دارایی و ئابووریی وڵاتان بە یەکەوە یەک لە ڕەهەندەکانی بەجیهانی بوونە، بە جۆرێک کە کۆمەڵە ڕێسایەکی گشتگیر و دانپیانراوی جیهانی حوکمی دەکا و پێشێل کردنی ئەو ڕێسایانە بە کردەوە وڵاتان بەرەوڕووی بەرپرسیارەتیی نێودەوڵەتی دەکاتەوە و بە کردەوە دژکردەوەی ئابووریی وڵاتان بەدوای خۆیدا دێنێ. ئێف ئەی تی ئێف ڕێکخراوێکی نادەوڵەتییە کە ساڵی 1989 لە لایەن وڵاتانی گرووپی جی7 دامەزراوە و چاودێریی وڵاتان دەکا بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ستانداردانەی ئەو دامەزراوەیە مەبەستێتی. ئەو ستانداردانە بریتین لە خەبات دژی سپیکردنەوەی پووڵ و هەروەها دژی دابینکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ تێرۆریزم و هەر چەشنە مامەڵەیەکی دارایی ناشەفاف.

ڕێکخراوی ئێف ئەی تی ئێف بە پشتبەستن بەو میکانیزم و ڕێوشوێنانەی بۆ چاودێریی وڵاتان دەیگرێتە بەر و هەروەها بە پێی ئاستی پێبەندیی وڵاتان بە ستانداردەکانی، وڵاتانی جیهانی بەسەر چوار گرووپ دابەش کردوە: _ گرووپی یەکەم بریتین لە وڵاتانی گەشەسەندوو کە بەتەواوی پێبەندی ڕێنماییەکانی ڕێکخراوەکەن و سیستمی دارایی و ئابوورییان ڕەوان و جێی متمانەیە.

_ گرووپی دووەم وڵاتانی لە حاڵی گەشەن کە بەردەوام لە مەسیری بەرەوپێشچوون دان بۆ جێبەجێ کردنی ڕێنماییەکان.

_ گرووپی ناهاوکار کە مەترسیی ئەوەیان لێ دەکرێ کە ستانداردەکانی ڕێکخراوەکە پێشێل بکەن و ڕێکخراوەکە بەردەوام چاودێریی جێبەجێ کردنی ستانداردەکانیان لێ دەکا.

_گرووپی چوارەم بریتین لەو وڵاتانەی کە دەکەونە لیستی ڕەشەوە. ڕێکخراوەکە داوا لە هەموو وڵاتان و دامەزراوە ماڵی و داراییەکانی جیهان دەکا کە خۆ بپارێزن لە مامەڵە لەگەڵ ئەو وڵاتانە، واتە ئەو وڵاتانەن کە بەرەوڕووی هەنگاوی دژکردەوانە دەکرێنەوە.

گرووپی تایبەتی ڕێکاری ماڵی لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢ی ڕەشەمەدا وڵاتی ئێرانی خستە لیستی ڕەشی ڕێکخراوەکە و بە وڵاتێکی مەترسیداری لەڕووی مامەڵەی بانکی و داراییەوە ناو هێنا. ئەوە لە کاتێکدایە کە وڵاتی چین سەرۆکایەتیی دەورەیی ئەو ڕێکخراوەیە دەکا و هەروەها بڕیارەکانی بە کۆدەنگی و ڕێکەوتنی هەموو لایەنەکان دەدرێ، بەڵام تەنانەت هیچ کام لە دۆستانی کۆماری ئیسلامی نەیانتوانی یان نەیانویست لانیکەم دۆخی ئێران لە وڵاتانی گرووپی سێهەمدا بهێڵنەوە.




پاش ڕێککەوتنی بەرجام، ئێران لە لیستی ڕەشی ئێف ئەی تی ئێف هێنرا دەرەوە و داوا لە کۆماری ئیسلامی کرا کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا خواستەکانی ڕێکخراو، لە ڕێگەی دەرکردنی کۆمەڵێک یاسای تایبەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی سپیکردنەوەی پووڵ و دابینکردنی دارایی تێرۆریزم لە نێوخۆی ئێراندا و هەروەها پەیوەست بوون بە کۆنڤانسیۆنی بەرەنگاربوونەوە دژبە تاوانە ڕێکخراوەکان و کۆنڤانسیۆنی بەرەنگاربوونەوەی سپیکردنەوەی پووڵ بێنێتەدی. دوای ئەوەی ئێف ئەی تی ئێف چەند جار مۆڵەتەکەی بۆ ئێران درێژ کردەوە و هەروەها دوای ئەوەی کۆماری ئیسلامی پێوەست بوونی خۆی بە کۆنڤانسیۆنە نێودەوڵەتییەکان ڕاگەیاند، بەڵام یاسا نێوخۆییە داواکراوەکانی ڕێکخراوەکە لە لایەن ئێرانەوە ڕەت کرانەوە. هەر دوو یاسا نێوخۆییەکە لە لایەن مەجلیسی شۆڕای ئیسلامییەوە پەسەند کران لە کاتێکدا لە لایەن شۆڕای نیگەهبان و کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیمەوە ڕەت کرانەوە. ڕەت کردنەوەی ئەو پڕۆژە یاسایانە لە لایەن دامودەزگاکانی بەستراوە بە خامنەیی و سپای پاسداران مشتومڕی زۆری لە نێوخۆی ئێراندا لێ کەوتەوە. لایەنگرانی چوونەپاڵ ئێف ئەی تی ئێف لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئیزۆلەکردنی ئێران لە سیستمی ئابووریی جیهانی و لەدەست دانی ڕایەڵە بانکی و ماڵییەکان سەرەڕای بوونی ئابلۆقەی قورسی ئەمریکا، هێندەی دیکە ئابووریی ئێران دەتەپێنێ و ڕێگاکانی دەورلێدانەوەی ئابلۆقەکانی ئەمریکا بەرتەسکتر دەکاتەوە. گۆشەگیریی ئێران لە سیستمی ئاڵوگۆڕی دارایی جیهانی لە سەردەمێکدا کە بەستراوەیی ئابوورییەکان بە یەکەوە لە مەرجە سەرەکییەکانی گەشەی ئابووری و تەنانەت بەردەوام بوونی دۆخی ئارایی ئابووریی وڵاتانە، پێچەوانەی سیاسەتەکانی ئابووریی زیندوو و لە حاڵی گەشەدایە. لە لایەکی ترەوە بۆش بوونی بناغەکانی ئابووریی ئێران و نەبوونی بەستێنەکانی ئابوورییەکی ئازاد کە بتوانێ وەبەرهێنەرانی نێودەوڵەتی ڕاکێشی ئێران بکا، دوورە لە هەر چەشنە ئەقڵانییەتێکی ئابووری و لە کۆتاییدا جۆرێک لە خۆکوژیی ئابوورییە.

لە کاتێکدا دژبەرانی پەیوەست بوونی ئێران بە ئێف ئەی تی ئێف بە پشتبەستن بە تیئۆریی باوی "توهم توطئە" کە ڕیشەیەکی قووڵی لە مێژووی ئێرانییەکاندا هەیە، کرانەوەی دەرگای چاودێریی ئەو ڕێکخراوەیە بەسەر مامەڵە داراییەکانی ئێران چ لە نێوخۆ و چ لەگەڵ دەرەوەی وڵات بە تەسلیم بوون بە ویستەکانی ئەمریکا و ئورووپا لە قەڵەم دەدەن. هەڵبەت نیگەرانیی گەورەی بەیتی خامنەیی و سپای پاسداران لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئاشکرا بوونی مامەڵە داراییەکان و گواستنەوەی پووڵ بۆ ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانی بەستراوە بە کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی ناوچە و هەروەها ئەو سەرچاوە گەورە داراییەی کە لە ڕێگەی نامەشرووع و ناشەفاف و دامەزرانی کۆمپانیا و دامەزراوە ڕواڵەتییەکانەوە بۆ سپیکردنەوەی پووڵ بە دەستی دێنن، دەکەوێتە مەترسییەوە.

کۆماری ئیسلامی بە دروستی لەو ڕاستییە تێگەیشتوە کە شەفافیەتی ماڵی بەشێکی گەورە لە پڕۆژە ستراتیژییەکانیان بۆ دەستێوەردان لە وڵاتان و لە هەمان کاتدا هێژمۆن و قۆرغکارییە ئابووری و داراییەکانیان لە نێوخۆی ئێران لەگەڵ ئاستەنگی جیدی بەرەوڕوو دەکاتەوە. هەر بۆیە لە ساڵانی ڕابردوودا و بە تایبەت لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی مەجلیسدا بە تەواوی تەنانەت ئاڵقەی وەفادارانی خۆیشیان بەرتەسک کردەوە و بەشێکی گەورە لە لایەکانی دوورتری حاکمیەتیان دوور خستەوە.

هەر چەندە فشارە ئابوورییەکانی ئەمریکا بۆسەر ئێران بە کردەوە زۆربەی دەرگاکانی مامەڵەی بازرگانی و بانکی و دارایی لەگەڵ دنیای دەرەوە لە کۆماری ئیسلامی داخستوە، بەڵام چوونە نێو لیستی ڕەشی گرووپی تایبەتی ڕێکاری ماڵی، دەستی کۆماری ئیسلامی تەنانەت لە بازاڕی بانکی و دارایی وڵاتانی دۆست و هاوپەیمانی خۆی کورت دەکاتەوە. ڕووسیە و چین وەک گەورەترین سپۆنسەر و یارمەتیدەرەکانی ئێران هۆشدارییان بە ڕێژیم دابوو کە لە ئەگەری پەیوەست نەبوونی ئێران بە ستانداردەکانی ئێف ئەی تی ئێف ناتوانن یارمەتیی ئێران بکەن. لە لایەکی دیکەشەوە تەنانەت ئەگەر دەوڵەتانی هاوپەیمانی ئێران بیانهەوێ یارمەتیی ئێران بدەن ئەوا کۆمپانیا و دامەزراوە داراییەکانیان ئامادە نابن ڕیسکی ئەو مامەڵە داراییانە تەحەممول بکەن و بۆ پاراستنی ئابووریی ئێران، سەرمایەکانی خۆیان بخەنە مەترسییەوە.

# خەڵک وەک براوەی تاقیکارییەکەی ٢ی ڕەشەمە

## (سپاسنامەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئێران)

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan`s Political Parties

**کۆمەڵانی ئازادیخوازی ئێران!**
**خەڵکی بەشەرەفی کوردستان!**
**حیزب و لایەنە سیاسییە شۆڕشگێڕەکان!**

جارێکی دیکە هەڵوێست و ئازایەتییتان لە هەمبەر پیلان و شانۆگەرییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران نموونەیەکی حەماسی و پڕشکۆی لە پێکەوەبوون و هاوهەڵوێستیی خەباتگێڕانە خولقاند و بە دنیای سەلماند کە هەیمەنە و سامی خەفەقانی ڕێژیم شکاوە و کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەموو جارێک لە بەدەستهێنانی ڕەوایی و پێگەی سیاسی و جەماوەریدا تووشی شکست و دارمان بووە.

شانۆی بەناو هەڵبژاردنی ڕۆژی هەینی ٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٨ی هەتاوی تاقیکارییەکی گەورە لە ململانێی دەسەڵاتێکی ملهوڕ و خۆسەپێن لە لایەک و کۆمەڵانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و کوردستان لە لایەکی دیکەوە بوو کە ئاکامەکەی شکست و ڕیسوایی ڕێژیم لە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کۆمەڵانی خەڵکی نێوخۆی وڵاتدا بوو.

هەڵوێستی ڕەوا و ئازایانەی ئەم جارەی خەڵک درێژە و تەواوکەری قۆناغەکانی خەبات و تێکۆشانی ڕابردوو بە تایبەتی ڕاپەڕینە خوێناوییەکانی خەزەڵوەر و بەفرانباری ئەمساڵ بوو کە ڕێژیمی تووشی دارمان کرد و بناغەکانی دەسەڵاتی بەتەواوی وەلەرزە هێنا.

سەرەڕای هەموو هەوڵ و پیلانداڕێژی و گوشارێکی ڕێژیم بۆ بەشداریکردنی خەڵک لەو شانۆگەرییەدا شاهیدی ئەوە بووین کە لەو بەناو هەڵبژاردنەدا لە هەموو پارێزگا و شار و شارۆچکەکاندا لە ئێران و کوردستان دەنگی بایکۆت و گوتنی "نا" بە کۆماری ئیسلامی بەرزترین دەنگ بوو کە چۆکی ڕێژیمی شکاند و شانازیی سەرکەوتنێکی بۆ هەمووومان لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمەدا تۆمار کرد.

لەم نێوانەدا دەبێ ڕۆڵی ئەو حیزب و لایەن و کەسایەتییانەی کە لەگەڵ هەڵوێستی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەمەڕ بایکۆتی هەڵبژاردن تەبا بوون، بەرز بنرخێنین. هەروەها دەبێ سپاسێکی تایبەت لە خوێندکارانی چاوکراوەی زانکۆکانی ئێران بکەین کە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی هەوڵی ڕێژیم بۆ گەرمکردنی تەنووری هەڵبژاردندا بە دروشم و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی خۆیان، کۆتاییان بە سیناریۆی هەڵبژاردن لە نێوان "خراپ" و "خراپتر" هێنا و ڕچەشکێنی ڕەوتێک بوون کە سەرکەوتنیی ڕۆژی ٢ی ڕەشەمەی لێ کەوتەوە.

هەروەها دەبێ سپاسی ڕێکخستنەکان و ئەندام و لایەنگرانی هەر چوار حیزبی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بکەین کە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە تا کۆتایی، بە هەوڵ و ماندووبوونی خۆیان ڕۆڵێکی شۆڕشگێڕانەیان لە هاندانی خەڵک لە بایکۆتی ئەو شانۆگەرییەدا گێڕا.

لە تۆمارکردنی ئەو سەرکەوتنەدا هەروەها دەبێ سپاسی ئازایەتی و هەڵویستی جوامێرانەی ژنانی بوێر و ئازادیخواز و هەموو چین و توێژەکانی خەڵک بە تایبەتی کرێکاران و یەکسانیخوازان و نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران و بە تایبەتی خەڵکی کوردستان بکەین کە ڕێگەیان نەدا ڕێژیم لە سەرەلێژی نەمانیدا دەنگی ئەوان بکاتە گەرەنتی و پاڵپشتێک بۆ مانەوە و نیشاندانی ڕەوایی سیاسی و ئایینیی دەسەڵاتەکەی لە بەرچاوی بیروڕای گشتیی گەلانی ناوچە و کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکاندا.

ئێمە لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا خۆمان بە ئەرکدار دەزانین کە لە کۆتاییدا جارێکی دیکە وێڕای پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنە، دەستی خەبات و شۆڕشگێڕییتان بە گەرمی بگوشین و سپاسی بەرخۆدانی جەماوەری و هەڵویستی سیاسیی مۆدێڕن و ئازادیخوازانەتان بۆ بە چۆکداهێنانی ئەو ڕێژیمە سەرکوتکەر و چەواشەکارە بکەین. دڵنیاتان دەکەینەوە کە تا کۆتایی ئەو ڕێگا پیرۆزە کە ڕووخانی یەکجاریی ڕێژیم و دابینکردنی ئازادی، یەکسانی و ڕزگاری لە ستەم و چەوسانەوە لە هەموو بوارەکاندایە، شانبەشانی ئێوە لە سەنگەری خەبات و قوربانیداندا پتەو ڕاوەستین و قۆناغ بە قۆناغ تا سەرکەوتنی یەکجاری هاوهەنگاو دەبین.

هەروەها هیوادارین ئەو بەشە لە خەڵکیش کە بە هەر هۆیەک نەیانتوانی لە شانازیی ئەو سەرکەوتنەدا بەشدار بن و کەوتنە داوی پیلانەکانی ڕێژیم، لەوە تێبگەن کە ڕێژیم هیچ ڕەوایی و ئاسۆیەکی بۆ مانەوەی دەسەڵاتە نگریسەکەی نەماوە و وەک لە ڕابردووشدا سەلماندوویە نایهەوێ و ناتوانێ دابینکەری ماف و ئازادییەکانی ئەوان و ڕۆڵەکان و نەوەکانی داهاتووشیان بێ و تاقە ڕێگای گەیشتن بە هەموو مافەکانیان بەشداریکردن لە هەوڵ و خەباتی هەموو گەلانی ئێران و خەڵکی کوردستان بۆ ڕزگاری و بنیاتنانی سیستمێکە کە تەنیا بە تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی، دەرەتانی پێکهێنانی دەڕەخسێت.

سڵاو لە ئیرادەی شۆڕشگێڕانەتان
بژی یەکیەتیی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەکانی ئێران
بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٣ی ڕەشەمەی ١٣٩٨ی هەتاوی**
**٢٢ی فێوریەی ٢٠٢٠ی زایینی**

درێژەی لاپەڕەی ٣

# لەسەر وتووێژەکانی نێوان تاران و کوردستان

...مامۆستا حەسەنزادە لە بەشی پێوەندیدار بە ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لە شۆڕشی ٥٧دا گوتی: "ئێمە بە ڕەچاوکردنی ڕووداوەکانی ئێران بڕیارمان دا بگەڕێینەوە بۆ نێوخۆی وڵات، ئەگەرچی درەنگ موافقەتی لەسەر کرا و، ئاخری کومیتەی زاگرۆس پێک هات -بە ڕاستگۆیی بڵێم حیزبی دێموکرات بە هۆی تەحلیلی جۆراوجۆر درەنگ گەڕاوە- و دوکتور قاسملوو گوتی دەبێ بگەڕێینەوە نێوخۆ، ئەو حەرەکەتە تا ئاخر دەڕوا.

پاش گەڕانەوەی حیزبی دێموکرات بۆ نێوخۆی وڵات، توانی ئاراستەیەکی جیاواز بە خۆپیشاندان و دروشمەکان بدا و، ڕاستە حیزبی دێموکرات نەیدەتوانی لە ئاستی ئێراندا کاریگەریی هەبێ، بەڵام لە کوردستان و بە تایبەتی لە مەهاباد نەقشی یەکلاکەرەوەی هەبوو.

لە کۆتاییدا لەمەڕ نەرمی نواندنی نوێنەرانی کورد کە ئەو کات بەهێز بوون و دەوڵەتی ناوەندیش لاواز، گوتی: "قەت لایەنە کوردییەکان بە تایبەتی حیزبی دێموکرات لە بەرامبەر دەوڵەتی ناوەندی لە دانیشتنەکاندا نەرمی نەنواندوە و، دەبێ ئەو واقعە قەبووڵ بکەین کە کورد لە ئێران هێزی سەرتر نییە و ئێمەش وەکوو هێزی کوردی نە توندوتیژییمان نواندوە نە نەرمیش و ئێمە تەسلیم نەبووین و، نوێنەرانی تارانیش نەهاتبوون بۆ چارەسەری کێشەی گەلی کورد! هاتبوون بە گوتەی خۆیان بۆ "رفع غائلەی کوردستان" و بۆ یەک جاریش موزاکرە لەسەر مەسەلەی کوردستان نەکرا."

***

هەگبەی شاخ و شۆڕش

# جێژنانەی پێشمەرگە بۆ خەڵکی بانە


برایم چووکەلی

خەڵکی قارەمانی کوردستان بە نرخێکی زۆر گرانەوە توانیویانە ماوەی چوار دەیە لە بەرامبەر پەلاماری بێبەزەییانە و سیاسەتی دژیگەلیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بوەستنەوە. لە ماوەی شەڕی چەکداریی کوردستان و، ئەم بەشە لە ئێران بە سەنگەری ئازادی دەناسرا، خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات مەیدانیان بۆ پەنادانی شۆڕشگێڕانی گەلانی دیکەی ئێرانیش کە لە دەستی ڕێژیم خۆیان دەرباز دەکرد، کردبۆوە. لە ماوەی هەموو ئەم ساڵانەدا خەڵکی کورد لەم بەشە لە کوردستان زیاتر لە ٥٠ هەزار شەهیدی داوە، برسیەتیی چێشتوە، ئاوارەیی دیوە، مافەکانی بەخرِی پێشێل کراوە؛ بەڵام هیچ کات سەری بۆ زوڵم دانەنواندوە.

نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو، لە پێناو وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆیدا شەڕ و خەباتی کردوە، بەڵام خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامی تایبەتمەندیی جیاوازی هەبووە، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە کوردستان لە سایەی تێکۆشانی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەدا ببووە مەڵبەندی ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران.

لەو سەروبەندەدا تەنیا ڕێگەی بەردەم هێزە سیاسییەکان خەباتی چەکدارانە بوو بەدژی ئەم ڕێژیمە دژەمرۆییە و، ئەم خەباتەش بە پێشەنگایەتیی حیزبی دێموکرات بەڕێوە دەچوو. بۆیە ئەو کات ئاوەدان هێشتنەوەی سەنگەری ئازادیی کوردستان، هاوواتای پاراستنی گشت زەحمەت و تێکۆشان و هیوایەک بوو کە لە پێناو گەیشتن بە ئازادی چێژرابوو و بنیات نرابوو.

بۆیە تێکۆشەرانی دێموکرات قورسایی بەرگری و پاراستنی کوردستانیان خستە سەر شانی خۆیان و ڕۆژ نەبوو لە گۆشەیەکی کوردستانی خۆڕاگر زەبرێکی کاریگەر لە داگیرکەران نەدەن. هێزەکانی حیزبی دێموکرات وەک ئەرکێکی گرینگی نەتەوەیی داکۆکییان لە ئاو و خاکی نیشتمانی خۆیان دەکرد. لە «هەگبەی شاخ و شۆڕش«ی ئەم جارەماندا باس لە بەشێکی چکۆلە لە قارەمانەتیی ڕۆڵەکانی کوردستان لە ناوچەی بانە دەکەین.

بەهار نزیک ببۆوە و وردە وردە سەرما و سۆڵی زستان شکابوو. تەنیا دوو ڕۆژی بۆ خۆشییەکانی نەورۆز مابوو، خەڵک هێدی هێدی بەرەو پێشوازی ئەم ڕۆژە مێژووییە دەچوون. لەم کاتەدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پیلانێکی بەدژی خەڵکی ناوچەی بانە دارِشتبوو و هێزێکی گەورە و زۆروبۆری لە هەموو بەشە چەکدارەکانی ڕێژیم کۆ کردبۆوە.

هێزەکانی ڕێژیم بۆ دانانی پایەگا لەو ناوچانە کە پێشتر لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە ئازاد کرابوون، لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٨ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی کەوتنە خۆ. سەدان کەس لەم هێزانە لە بەرزاییەکانی «هەڵاس‌بار»، «سپی‌داری»، «بەردەڕەش»، «سی‌کانی‌لان»، «ساڵووکی سەروو»، «گردی‌گویل»، «قورِنێ» و «زەربەنێ» لە ناوچەی بانە جێگیر بوون و، تۆپخانەیەکی قورسیش پشتیوانیی لێدەکردن.

سەعات ٦/٣٠ لە تاریک و ڕوونی بەیانی، هێزی قارەمانی شەهیدانی وردی خۆیان ڕێک خست و لە چەندین بەرەوە بەپێی گەڵاڵەی ڕێکوپێک، هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی دوژمن و، پاش شەڕێکی حەماسەیی توانیان چەند نوقتەی ستراتیژی لە دوژمن بستێننەوە و بەرەوخوار ڕاویان بنێن. پاشان بەوەش نەوەستان و هێرشیان بۆ شوێنەکانی دیکەش دەست پێکرد و لە هەموو بەرەکان شەڕ بەتوندی درێژەی کێشا و، سەرەنجام تا خۆر لە پەنا چیا سەرکەشەکانی کوردستان سەری دەرێنا بەتەواوی هێزەکانی دوژمنیان تێک شکاند و پاشەکشەیان پێکردن.

هێزی ڕێژیم بە پێی عادەتی خۆی دوای هەر شکستێک ئاوری تۆپخانەی وەگەڕ خست و سەنگەری پێشمەرگەکانی ئاورباران کرد. پاشان لەژێر ئاوری چەکی قورس هێزە شکستخواردووەکانی سازمان داوە و، لەگەڵ ژمارەیەکی تازەنەفەس لە سەعاتی ١٠ی بەیانی سەرلەنوێ پەلاماری سەنگەری تێکۆشەرانی دێموکراتی دا. ئەگەرچی هەر زۆر بێ ورە بوون، بەڵام بە زەبری فەرماندەرانیان دەهاتنەوە پێش و بە بیستنی دەنگی تەقەی پێشمەرگە سەرەوخوار ڕایان دەکردەوە. لای دوانیوەڕۆ جارێکی دیکە هێز کۆ کراوە و بۆ ئەوەی ورەی ڕووخاویان بەرز بێتەوە، دیسان پەلاماری هێزی پێشمەرگە درایەوە. ئەم جارە هێزی پێشمەرگە زۆر ئازایانە لێیان وەدەست هاتن و لە ئاکامدا و لەسەر یەک لە پاش ٩ سەعات شەڕی قارەمانانە، سەرشۆڕیی گەورەیان نسیبی هێزی کۆماری ئیسلامی کرد و، بە قارەمانەتی و فیداکاری توانیان نزیک بە ٩٠ کەس لە هێزی دوژمن بکوژن، کە دەیان کەسیان جەندەکیان لە مەیدانی شەڕ بەجێ ما. بێجگە لە تۆپێکی ١٠٦ میلیم و کالیبر ٥٠، دەیان قەبزە چەکی جۆراوجۆر و هەزاران فیشەک و تەقەمەنی دەسکەوتی ڕۆڵەکانی گەلی کورد بوو.

زۆر جار سەرکەوتنەکانمان بە بەختکردنی ڕۆڵە ئازاکانی گەلەکەمان کۆتایی پێ دەهات، ئەم جارەش خوێنبایی ئەو حەماسە پڕ لەسەروەرییە، ٣ تێکۆشەری مەیدانی بەربەرەکانی و فیداکاری بە ناوەکانی عەبدوڵڵا ڕەحیمی، عەبدول فاتحی و کەریم قادری بوو؛ کە گیانیان بووە چرای بەرپێی تێکۆشەرانی دێموکرات.

تێکشکانی هێزی زوبدە و پۆشتەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە دوو بارەوە گرینگە کە ئاماژەی پێ دەکەین.

یەکەم، هێزی کۆماری ئیسلامی بە بۆنەی شەڕی ئێران و عێراقەوە لە ناوچەی بانە، بە هەموو جۆرە چەکێکی مۆدێرنی ئەو سەردەمە تەیار بوو، ئەوە لە کاتێکدایە کە هێزی پێشمەرگە تەنیا بە چەکی دەستی و بە ژمارەیەکی کەمەوە توانی زەبرێکی کاریگەر لەوان بدا.

دووهەم، ڕێژیم لە تاکتیکی شەڕی «شێر» و «کەمتیار» کەڵکی وەرگرت. وەک کەمتیار هێزێکی زۆری کۆ کردەوە، دەوری شێرە کوڕانی حیزبی دا بەو مەبەستەی بتوانێ لە پشتەوە «گازنبور»ی پشتی شێری پێ بشکێنێ؛ بەڵام ئەوانیش ڕاست بە پێچەوانەی تاکتیکی ڕێژیم، لە کەڵلەی مێگەلە کەمتیاریان دا تەفروتوونایان کردن.

# ڤایرۆسی کۆرۆنا دەتوانێ کۆمەڵگەی ئێران لێک هەڵتەکێنێ


و: کەماڵ حەسەنپوور



> ”چین دەتوانێ شارێک داخا، دەیان میلیۆن کەس بخاتە قەرەنتینەوە و لێهاتووترین پسپۆڕەکانی ڕێکخا، ڕێگایان پێ بدا کە هەڵمەتێک دژی ئەو نەخۆشییە بە دەسەڵاتی ڕەهای قەیسەرێکەوە دەست پێ بکەن. بەڵام ناتوانێ کەلک لە سوودەکانی متمانەی جەماوەر وەرگرێ، لە نێویاندا لە ڕێگای ڕاگەیاندنی شەفاف و ڕاستگۆیانەی ئاستی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە و ڕێژەی قوربانییانی. لە ئێران، وێدەچێ کە دەوڵەت هەموو کەمایەسییەکانی کۆمەڵگایەکی نائازادی هەبێ و هیچکام لە لایەنە باشەکانی [سیستمێکی ئەوتۆ].“

بیر لەو شانۆ پیرۆزە بەڵام پیسە بکەوە: زیارەتکەر لە دەرزەنێک وڵاتەوە لە شارێکی بچووک کۆ ببنەوە. لە هوتێلی بەرتەسکدا دەمێننەوە، کەلک لە ئاودەستی هاوبەش وەردەگرن و ژەمەکانیان بەیەکەوە دەخۆن. بۆ ڕێوڕەسمی فەرمی، لەسەر گڵکۆی ژنێک، خوشکی پیاوێکی پیرۆز، کۆ دەبنەوە و لە کاتێکدا کە لە یەکتر نزیکتر دەبنەوە، هەست بە بەرزبوونەوەی پەژارەی مەرگی ناوبراو و کەسوکاری دەکەن. پەژارەکە بڕیارێکی ئایینی لە پشتە: بە گوێرەی نەریتێک، هەر فرمێسکێک لەدوای مردن دەبێتە مروارید و کاتێک کە خاوەنەکەی دەگاتە دەروازەی بەهەشت، فریشتەیەک وەک بەڵگەی خۆبەخت کردنی ناوبراو سەتڵێک مرواریدی پێدەدا. بەڵام ئێستا شلەمەنی دەڕژێ و جاروبار بە دەستی ڕووت دەیانسڕنەوە و حەشیمەتەکە زۆرتر و لێک نزیکتر دەبنەوە. گۆڕەکە لەنێو قەفەزەیەکی ئاسن‌دایە و زیارەتکەرەکان لەکاتی گریاندا دەستی پێوە دەگرن و قامکان لە چوارچێوەکەی قایم دەکەن و زۆربەیان ڕوخساری لێ دەخشێنن و بە هەناسەیان ئاسنەکە هەڵماوی دەکەن. هەندێک لەوان چەند خولەکیان پێ دەچێ و هەندێکیش چەند چرکە. لە تاکە ڕۆژێکدا بە هەزاران کەس بەو شوێنە بەرتەسکەدا تێپەڕ دەبن، هەمان هەوا هەڵدەمژن و دەست لە هەمان شوێن دەخشێنن و، بەو شێوەیە نەخۆشیی نوێ و نامۆ بۆ یەکتر دەگوازنەوە.

شارەکە ناوی قومە و لە ئێران هەڵکەوتوە و، دوو ڕۆژ لەمەپێش کاربەدەستێکی تەندروستی لە تەلەفزیۆنی ئێران ڕایگەیاند کە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەوێ بڵاو بۆتەوە. لە ٢٤٥ کەس کە گیرۆدە بوون، ٢٦ کەسیان بە نەخۆشیی ڤایروسی کۆرۆنا (کۆڤید-١٩) مردوون. هەموو زانیارییەکان دەیسەلمێنن کە قوم ناوەندی بڵاو بوونەوەی پەتاکەیە، بەڵام زۆر کەس گومانیان لە ڕاستیی ڕێژەی گیرۆدەبووانە. کاربەدەستێکی دیکە، ئەندام پارلمانێکی شاری قوم، حەوتووی ڕابردوو گوتی کە ٥٠ کەس لە شاری ناوبراو بە کۆڤید-١٩ مردوون. ئەو ڕێژەیە، ئەگەر ڕاست بێ، ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەگەر کۆڤید-١٩ لە ئێرانیش وەک شوێنی دیکە ٢ تا ٣ لەسەدی تووشبووەکان دەکوژێ، دەبێ تەنیا لە شاری قوم نزیکەی ٢٠٠٠ کەسی دیکە گیرۆدەی ئەو پەتایە بووبن.

زێدەڕۆیی لە ئاستی کارەساتباری ئەو ژمارانە شتێکی دژوارە، نە تەنیا بۆ ئێران بەڵکوو بۆ گشت شوێنێک. قوم پێگەی فێرکاریی شێعەیە، ناوەندی ئایینیی ئێرانە و، بۆیە دینداران لە چوار گۆشەی دنیا ڕووی تێدەکەن. من لە ٢٠٠٩ بابەتێکم لەسەر مەلایەکی شێعەی لوبنانی لە پاراگووە لە گۆڤاری ئاتلانتیکدا نووسی کە [پێش هاتن بۆ پاراگووە] لە ناوەندێکی زانستی ئایینی لە قوم ببوو. لە شەقامەکانی قوم تۆ گوێت لە فارسی قسە کردن بە گەلێک زاراوە دەبێ، لە ناویاندا تاجیکی و ئەفغانستانی. لە هەندێک لە ڕێستوورانەکان، خزمەتکارەکان بە عەرەبی دەتدوێنن و پۆستەری محەممەد ئەلسەدر، ئایەتوڵڵایەکی بەناوبانگی عێراقی دەبینی کە لە کاتێکدا کە تۆ کەباب دەخۆی چاوت لێدەکا.

قوم وەک دیزنی لەندی شێعە وایە، پڕە لە شوێنی سەرنجڕاکێشی شیعی (بە خواردەمەنی هەرزانبایی لە گشت کەلێن و قوژبنێک) و، ڕەنگبێ ئەو شوبهاندنە باشترین شت بێ تا ئەمریکاییەکان لە گرنگیی بڵاو بوونەوەی ئەو پەتایە تێبگەن. ئاخۆ هەستی ئێمە چۆن دەبێ ئەگەر بۆمان ئاشکرا بێ کە هەزاران کەس لە دیزنی وۆرڵد هەموویان تووشی نەخۆشییەک بن کە زۆر بە ئاسانی بڵاو دەبێتەوە و کە ئەو نەخۆشییە هەندێک جار کوشندەیە و، بۆمان ئاشکرا بێ کە ئەو خەڵکە چەندین حەوتوو هاتوون و ڕۆیشتوون، گەڕاونەوە شارەکانیان و لەگەڵ خەڵکی دیکە تێکەڵ بوون؟

زەینەب توفکەچی بابەتێکی لەبارەی باشی و خراپیی سیستمی دیکتاتۆر لە هەڵسوکەوت لەگەڵ کارەساتی ئەوتۆدا نووسیوە. چین دەتوانێ شارێک داخا، دەیان میلیۆن کەس بخاتە قەرەنتینەوە و لێهاتووترین پسپۆڕەکانی ڕێکخا، ڕێگایان پێ بدا کە هەڵمەتێک دژی ئەو نەخۆشییە بە دەسەڵاتی ڕەهای قەیسەرێکەوە دەست پێ بکەن. بەڵام ناتوانێ کەلک لە سوودەکانی متمانەی جەماوەر وەرگرێ، لە نێویاندا لە ڕێگای ڕاگەیاندنی شەفاف و ڕاستگۆیانەی ئاستی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە و ڕێژەی قوربانییانی. لە ئێران، وێدەچێ کە دەوڵەت هەموو کەمایەسییەکانی کۆمەڵگایەکی نائازادی هەبێ و هیچکام لە لایەنە باشەکانی [سیستمێکی ئەوتۆ]. چاو لەو ڤیدیۆیە سەرسوڕهێنەرە بکەن، کە لە لایەک کۆمێدییە و لە لایەکی دیکەوە ترسناک، کە لەوێدا کاربەدەستێکی وەزارەتی تەندروستی ئێران، ئیرەج حەریرچی، جەماوەر دڵنیا دەکاتەوە کە دۆخەکە لەژێر کۆنترۆڵدایە، لە کاتێکدا کە ئارەقەی کردوە و بەسەر هاوکارەکانی و گوێگرانیدا دەکۆخێ، چونکە بۆخۆی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە.

ئەو تەنیا بەرپرسی پلەباڵا نییە کە تووش بووبێ: ئەمرۆ، مەعسوومە ئیبتکار، جێگری سەرۆک کۆماری ئێران و ئەندامی بێبەزەیی ئەو تاقمە ئێرانییەی کە لە ١٩٧٩ دیپلۆماتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانیان بە بارمتە گرت، ڕایگەیاند کە ئەویش تووشی نەخۆشی بووە. بە گوێرەی هەواڵەکان ئیبتکار دوێنێ چاوی بە سەرۆک کۆماری ئێران حەسەن ڕۆحانی و کابینەکەی کەوتوە و، ئەگەری ئەوە هەیە کە سەرجەم بەڕێوەبەریی پلەبەرزی ئێرانی، تووشی نەخۆشییەکە کردبێ.

حەریرچی گوتی کە دەوڵەت لە سەپاندنی قەرەنتینە خۆ دەبوێرێ، چونکە ئەوە شتێکی ناکاریگەر و دواکەوتووانەیە. محەممەد سەعیدی، بەرپرسی زیارەتگای قوم و نوێنەری ”ڕێبەری مەزن“ لەوێ، نە تەنیا دژبە قەرەنتینە کردنی قومە بەڵکوو داوای لە خەڵک کرد کە زیارەتی ئەوێ بکەن و گوتی ”ئەوێ شوێنی شیفا بەخشینە.“

لە ئاستێکدا، ناکارامەیی و بەدخوازیی لێک جیا ناکرێنەوە. هەست پێدەکەم لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەند جار لەو ئاستە تێپەڕ بووین و، بە تایبەتی ڕێبەریی ئێران جار لە دوای جار لەو ئاستە تێپەڕ دەبن، وەک چۆن ئۆتۆمبیلێکی فۆرمول ١، خولەکان تێپەڕ دەکا. ”بە هەڵە خستنە خوارەوەی“ فڕۆکەیەکی سیڤیل لە مانگی ڕابردوودا و هەوڵەکانیان بۆ شاردنەوەی، یەکێک لە لایەنەکانی ناکارامەیی کوشندەی ئەوانی نیشان دا. ئێرانییەکان حەقیانە کە بیر بکەنەوە ئاخۆ ئەو کارەساتە بە هەمان چەشنە، تراژێدیایەکی ناکارامەیی بەدخوازانە کە لە توانای دەوڵەتدا نییە کۆنترۆڵی بکا.

ڕێکارەکانی قەرەنتینە کردن کە ئێران ڕەتیان دەکاتەوە بێخەوش نین و، دەتوانن شاری قوم بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە ناوزڕاو بکەن. بەڵام دۆخی هەنووکەیی کە وێدەچێ بڵاو بوونەوەی بێکۆنترۆڵی نەخۆشییەکە بگاتە ئاستی پەتایەکی بەربڵاو و، ئێستا بەنرخترین شت کاتە، کات بۆ کۆ کردنەوەی دەرمان، باشتر کردنی دۆخی دیاریکردنی نەخۆشی و پێڕاگەیشتن و، جیهان فێر بکرێ کە چۆن بەرپەرچی پەتایەک بدرێتەوە کە لەوانەیە بە میلیۆن خەڵک بکوژێ.

قەرەنتینەی چین وێدەچێ کە کات بۆ ئێمە بە دیاری بێنێ. ئەو شتەی کە لە ئێران بە فیڕۆ دەدرێ.

قەرەنتینە وشەیەکی لاتینە و بە مانای ٤٠ ـە، چونکە لە کاتی پەرە ئەستاندنی پەتای تاعوونی ڕەش، ئەو پاپۆڕانەی کە دەگەیشتنە ڤێنیز دەبوو چل ڕۆژ ڕاوەستن پێش ئەوەی کە مەلەوانەکان و کاڵاکان ڕێگایان پێدرابا کە لە پاپۆڕەکە دابەزن. (ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە پەتای تاعوونی ڕەشیش کە بووە هۆی مردنی یەک لەسەر سێی دانیشتووانی ئورووپا، وەک نەخۆشی کۆڤید-١٩ بۆ یەکەم جار لە پارێزگای هووبەی چین سەری هەڵدا.) چل ڕۆژ ماوەیەکی دوورودرێژە، دوورودرێژتر لە هەر قەرەنتینەیەک کە ئێستا بەسەر ئەو کەسانەدا دەسەپێندرێ کە لە شوێنی سەرهەڵدانی پەتایەکەوە هاتبن.

بەڵام چاوەڕوانی هەر ئەندازەیەک بێ دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ، تەنانەت لە شوێنی ئەوتۆ کە گەلێک لە ئێران لێهاتووتر بن. لە سەرەتای ئەم مانگە، سەردانی هۆنگ کۆنگم کرد. هەموو کەس دەمامکی بە ڕوخسارەوە بوو. لەنێو جەماوەر، هیچ کەس زۆر لێم نزیک نەدەبۆوە، لەنێو ئۆتوبووس یا لە پیادەڕۆیە بەرتەسکەکان. دووکاندارەکان هەر چارەگەی جارێک لە دووکانەکانیان دەهاتنە دەر تا دەستگیرە و زەنگی دەرگاکان خاوێن بکەنەوە، نەوەک مشتەرییەکان ڤایرۆسیان لەوێ جێ هێشتبێ. لەوێ خەڵک بە گشتی هەستیان دەکرد کە ئەرکی کۆنترۆڵی ڤایرۆسی کۆرۆنایان لەسەر شانە. لە هۆنگ کۆنگ هەستی شوناسی جەماوەری و بەرپرسایەتی بەهێزە، ئەوە تا ئێستا بۆتە هۆی پاراستنی تەندروستیی گشتی. من تەنیا چەند ڕۆژێک توانیم دەمامکەکەم لێ بکەمەوە. تەنیا لە نیوەشەو، کاتێک کە کەس لێم نزیک نەبوو، هەستم بە دڵنیایی دەکرد، کە وەک دەعبایەکی پێشێلکاری نەریتی گشتی نیم و بێدەمامک پیاسەم دەکرد.

ئێرانییەکان هەر ئێستا لە دڵەڕاوکەیەکی زۆر بەرچاودان، بە هۆی زەختی ئابووری، سیاسی و سەربازی. ئەوان متمانە بە دەوڵەت ناکەن. دڵەڕاوکە و نیگەرانیی ڕۆژانە هەرچەند خولەک جارێک بەرۆکیان دەگرێ، چ لەبەر ئەوە بێ کە بەهەڵکەوت دەست بۆ لووتیان دەبەن یا دەرگایەک دەکەنەوە، سەرەڕای هەموو شتێکی دیکە، ئەوە دەبێتە بارێکی زۆر قورس بۆ کۆمەڵگە. داوای زیارەتی قوم، بە بۆچوونی من، کاردانەوەی دەوڵەتێکە کە لە کۆتاییدا ددانی بە کوموکووڕییەکانی خۆیدا ناوە و باوەشی بۆ ڤایرۆسەکە کردۆتەوە. ئەو کاردانەوە سەرشێتانە ئەگەری ئەوەی زیاد کردوە کە تۆش بەم زووانە لەباوەشی بگری.

***

* ئاتلانتیک – گرایام وود

# زمانی دایک وەک مافێکی بنەڕەتی بەڵام لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئەمنیەتی نیشتمانی

**(ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢ی ڕەشەمە، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک)**

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

زمان، سەرەکییترین ئامرازی پێوەندیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و یەکێک لە سەرەکیترین کۆڵەکەکانی پێکهێنەری کەسایەتی و شوناسی مرۆڤە و ئاخاوتن و فێربوون بە زمانی دایک یەکێک لە سەرەتاییترین مافەکانی هەر تاکێک لە کۆمەڵگەی مرۆییدایە.

لە بواری سیاسیشەوە زمان، یەکێک لە بناغەکانی ناسنامەی نەتەوەیی و گەورەترین سەرمایەی کولتووری و پردی پێوەندیی نێوان تاکەکانی هەر نەتەوەیەک و هێڵی جیاکەرەوەی لە نەتەوەکانی دیکەیە.

ئێران وڵاتێکی فرەکولتوور و فرەنەتەوەیە کە هەرکام لە نەتەوەکانی پێکهێنەری ئەم وڵاتە خاوەنی زمان و شوناسی جیاوازی خۆیانن. بەپێی یاسا نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ، ئاخێوەرانی هەر زمانێک مافی خۆیانە کە بە زمانی دایکی خۆیان بخوێنن و کولتوور و زمانی خۆیان بپارێزن و پەرەی پێبدەن. ئەو مافە لە زۆربەی بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکانی وەک بڵاوکراوەی زمانی دایک، ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافی زمان، لە خاڵەکانی ٣ و ٤ی ڕاگەیەندراودا کەسانی سەر بە کەمایەتییە نەتەوەییەکان، گەلان، کەمایەتییە زمانی و مەزهەبییەکان، مادەی ٣٠ی کۆنڤانسیۆنی مافی منداڵ و مادەی ٢٧ی ڕێککەوتنامەی نێونەتەوەیی مافە سیاسی و مەدەنییەکاندا بە ڕوونی ئاماژەی پێ کراوە.

لە جاڕنامەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکاندا هاتووە: "هەموو مرۆڤێک لەو کاتەوە کە لەدایک دەبێ مافی ئەوەی هەیە کە بە شێوەیەکی سروشتی بە زمانی دایکی خۆی بخوێنێت، بیر بکاتەوە و پەروەردە ببێت."

بە پێی لێکۆڵینەوە زانستییەکان، خوێندن بە زمانی دایک یارمەتیدەری منداڵ بۆ تێگەیشتنی ئاسانتر لە وانەکانی خوێندن و ڕاستەوخۆ بیرکردنەوەیە. منداڵێک کە پەروەردەی بە زمانی دایکی خۆی بێت، خێراتر بە سەر کۆسپەکاندا زاڵ دەبێ، زیاتر هەست بە کەسایەتی و کەرامەتی خۆی دەکا و متمانەی زیاتری بە خۆی هەیە، شانازی بە خۆیەوە دەکا کە کەسایەتییەکی سەربەخۆی هەیە، دەرفەتی لەبارتری بۆ گەشەی هزری و پێشکەوتن دەبێ و تەنانەت خێراتریش فێری زمانی دیکە دەبێ.

بە پێچەوانەوە ئەگەر منداڵ بە زمانی دایک نەخوێنێ، لەگەڵ زمانێکی دیکەدا ڕووبەڕوویە کە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە بۆی نامۆیە و کاتی زیاتری دەوێ تا گوێی بە بیستنی دەنگەکانەوە خوو بگرێ، مێشکی بۆ وەرگرتن و زمانی بۆ وتن ئامادە بکا و دەستەکانی بۆ نووسین ڕابێنێ. سەرەڕای ئەم هەموو کۆششە تێگەیشتن لە وانەکان بۆی دژوار دەبێ، بیری پرش و بڵاوە و کاتی زۆری بۆ بیرکردنەوە و تێگەیشتن پێویستە. دەبێ لە مێشکی خۆیدا وشەکان وەرگێڕێ و ڕستەکان دروست بکات. لە کاتی تێنەگەیشتندا هەست بە لاوازی و سەرشۆڕی دەکا، زۆربەی کات دوودڵە، منداڵێک کە بەسەر زمانی دایکی خۆیدا زاڵ نەبێ، لە فێربوونی زمانێکی دیکەشدا پێشکەوتنی ئەستەم دەبێت.

بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە و لە یەک سەدەی ڕابردوودا حکوومەت لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن و سەرکوت و لەنێو بردنی زمانی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێرانی بەڕێوە بردوە. لەوانە قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی دایک لە قوتابخانەکاندا، قەدەغەکردنی ئاخاوتن بە زمانی نەتەوە ژێردەستەکان لە ڕەوتی کاری خوێندنگە و ئۆرگانە دەوڵەتییەکاندا، بەرتەسککردنەوەی ڕۆڵی ئەو زمانانە لە کاری ڕۆژانەی خەڵکدا، بەرتەسککردنەوەی بەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن بە زمانی گەلانی ژێردەست و تێکدانی شێوەزارەکانیان لە ڕێگەی تێکەڵکردنی نەگونجاوی وشەکانی زمانی نەتەوەی باڵادەستەوە، قەدەغەکردنی قسەکردن لە قوتابخانەکاندا بە زمانی دایک، سووکایەتی بە زمانی گەلانی دیکە و پروپاگاندای لەو چەشنە کە گوایە زمانی دایکی ئەوان لە ڕووی زانستییەوە لاوازە و وڵامدەری داهاتووی پێشەییان نییە، هێنانی پەروەردەی ئایینی لە باتی پەروەردەی نەتەوەیی لە قوتابخانەکان، تەرخانکردنی بەرنامەکانی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی بۆ زمانی فارسی و پەرەپێدانی هەرچی زیاتری ئەو زمانە لە ناوچەی نەتەوە بندەستەکاندا، دروستکردنی هەموو بەرنامەکانی منداڵان بە زمانی فارسی بۆ ئەوەی منداڵان هەر لە منداڵییەوە بە زمانی فارسی خوو بگرن و بەم دواییانەش گەڵاڵەی ڕووخێنەری "بەسەندەگیی زمانی فارسی" بۆ ئەو منداڵانەی کە دەیانەوێ بچنە پۆلی یەکەمی سەرەتایی، کۆمەڵێک لەو سیاسەتانەن کە بۆ بەرتەسککردنەوە و لاوازکردن و لەنێو بردنی زمانی دایکی گەلانی بندەست و بۆ وەدەرنانیان لە مەیدانی ڕکەبەرایەتیی زمانی فارسی لە پێش گیراون.

لە ئەسڵی ١٥ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا هاتوە کە زمانی فەرمیی خوێندن و نووسین زمانی فارسییە و هەموو بەڵگە و نووسراوە فەرمییەکان و پەرتووکی وانەکان دەبێ بە زمانی فارسی بێت، بەڵام کەلکوەرگرتن لە زمانە ناوچەیی و قەومییەکانی دیکەی لە بڵاڤۆک و میدیاکان و وتنەوەی وانەی ئەو زمانانە لە تەنیشت زمانی فارسی ئازادە.

بە پێچەوانەی تەبلیغاتی درۆیینی ڕێژیم، دەبێ بڵێین ئەو ئەسڵە هیچ پێوەندییەکی بە مافی خوێندن بە زمانی دایکەوە نییە و تەنیا باس لە فێربوونی زمانی دایکی وەکوو وانەیەک لە تەنیشت وانەکانی دیکەدا دەکات نەک ئەوەی کە زمانی دایک ببێتە زمانی وانەگوتنەوە. هەڵبەت تەنانەت حکوومەتیش لەو پێوەندییەدا ئەرکدار نەکراوە و تەنیا باس لە ئازادبوونی زمانی دایک کراوە.

بەڵام لە کردەوەدا ڕێژیمی ئێران تا ئێستا نەک هەر پشتیوانیی لە ئازادیی فێربوونی ئەم زمانە نەکردوە، بەڵکوو باسکردن لە زمانی دایک وەکوو هەڕەشەیەک بۆ سەر ئەمنیەتی نیشتمانی، پروپاگاندا دژی نیزام و پارچەپارچەکردنی وڵات چاوی لێ کراوە و سزای قورسی بە سەر چالاکانی ئەو بوارەدا سەپاندوە.

لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا، کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە تەنیا لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بۆ فریودانی خەڵک و گەرمکردنی تەنووری هەڵبژاردن باسی لە دانی هێندێک وردە ماف بە نەتەوەکانی ئێران کردوە، بۆ نموونە باس لە جێبەجێکردنی ئەسڵی ١٥ی یاسای بنەڕەتی دەکەن کە چی دواتر وەک هەموو بەڵێنییەکانی دیکەیان، ئەوەش بە ناڕاست دەردەچێت. کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا تەنانەت لەو پرسە گرینگەش بۆ نانەوەی ئاژاوە و تێکدانی یەکڕیزیی گەلی کورد کەلک وەردەگرێ و هەوڵ دەدا ئاخێوەرانی شێوەزارەکانی زمانی کوردی بەگژ یەکتردا بدات.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای پێداگری لەسەر پێویستیی خێرای بەفەرمیکردنی زمانی کوردی لە سیستمی بەڕێوەبەری و پەروەردەی کوردستانی ئێران و خوێندن بە زمانی دایک وەکوو مافێکی سروشتی و پێویستییەکی سەرەتایی ژیانی تاک و گەلی کورد، داوا لە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان دەکات بۆ پاراستنی زمانی دایک و پەرەپێدانی فەرهەنگ و شوناسی خۆیان، هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن و زیاتر لە ڕابردوو شانبەشانی یەکتر بەرەنگاری پیلانە یەک لە دوای یەکەکانی ڕێژیم بۆ لەنێو بردنی زمانی دایک و شوناسی نەتەوەیی خۆیان ببنەوە.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١ی ڕەشەمەی ١٣٩٨ی هەتاوی**

---

**وانەکانی مافی مرۆڤ**

# مافی دەسەڵات (هێز)


شاڕۆخ حەسەنزادە

لە یەکەم ڕوانیندا ئەم چەمک و مانایە ڕەنگبێ دەگەڵ مەفهوومی ماف-ئازادی لێک بدرێن. تەوفیری ئەم مانایە دەگەڵ ماف-ئازادی بە سەرنجدان بەوەی هەرتک ماف لە بەرامبەر یەکدا ڕادەوەستن، بناسینەوە. مافی تاک بە وەسیەت بۆ دابەشکردنی ملک و ماڵی بەسەر ئەو کەسەی بۆخۆی پێیخۆشە میناکێکی خاسە بۆ باسکردن لە سەر مانای ماف-دەسەڵات. ناسنامەی ئەم مافە جۆرێکە کە کردەوەکانی ئەو لە لایەن خاوەن ماف (ذی حق) دکارێ کاریگەری بخاتە سەر مافەکانی ئەوانی تریش. کاتێک خاوەن ماڵ بە وەسیەتێک ماڵی خۆی دەبەخشێ، ئەوە لە دەسەڵاتی مافی خۆی کەلکی وەرگرتوە، کەسانێک کە دەیانهەوێ لە دەرەوەی وەسیەتەکەدا، کەلک لەو ماڵە وەرگرن، مافەکەیان دەگۆڕدرێ. کەوابوو خاڵی بەرامبەری ماف-دەسەڵات، نەتوانینی کەسێکە و بۆی نییە ئەو مافەی هەبێ. هەروەها پێویستی هەبوونی ماف-دەسەڵات، بەرپرسیارەتیی حقووقیی کەسێکی تر لە بەرامبەر ئەو مافەیە؛ بۆ وێنە کاتێک من لەسەر ماڵی خۆم وەسیەت دەکەم، سەروەسیێتی من ئەرکدارە بەجێی بگەیەنێ. بە سەرنج لەم دوو تایبەتمەندییەی ماف-دەسەڵات هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، دەتوانین جیاوازی و تەوفیری ئەم جۆرە لە ماف دەگەڵ مافی ئازادی، لێک جوێ بکەینەوە.

### مافی پاراستن (مصونیت)

ماف بە مانای پاراستن، بەو مانایەیە کە خاوەن ماف لە هەمبەر کردەوەکانی ئەوانی تر پشتیوانی بکرێ. بۆ میناک کاتێک کە سیستمی حقووقی بڕیار دەدا، کە کرێکارەکان دەتوانن ببنە ئەندامی سەندیکا کرێکارییەکان، بەو مانایەیە کە خاوەن کار بۆی نییە پێشیان پێ بگرێ و نەهێڵێ کە بچنە نێو ڕێکخراوە کرێکارییەکان. خاڵی بەرامبەری ماف بە مانای پاراستن، بەرپرسیارەتیی خاوەن مافە، واتا تاک بە جێگای ئەوەیکە لە بەرامبەر دەستێوەردان و کردەوەی کەس یا دامەزراوەیەکی تر پارێزراو بێ، بەرپرسە.

لە ڕاستیدا ئاکامی ماف-پاراستن بۆ تاک ئەوەیە کە، یەکەم هیچ بەرپرسیارەتییەکی نییە؛ چونکە گوترا کە خاڵی بەرامبەری پاراستن، بەرپرسیارەتییە و دووهەم ئەوەی تر ناتوانێ لە بەرامبەر دانی ئەو مافە، لەمپەرێک دروست بکا و بەگژیدا بچێتەوە.

بە ڕوانینێکی تر، ماف بریتییە لە کۆمەڵێک لە ئازادییەکان کە لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵگەوە دەدرێتە تاک. کاتێک دەڵێن کەسێک مافی فڵانە کارەی هەیە، بەو مانایەیە کە ئەو ئازادە لە کردوە ئەو کارە، واتا ئەو کەسە موختارە کە ئەو کارە بکات یا نەکا. هەروەها بەو مانایەیە کە هیچ کەس بۆی نییە بە زۆر و پاڵەپەستۆ و بە پێچەوانەی ویستی خۆی کارێکی پێ بکا یا پێشی پێ بگرێت. کەوابوو، مافی جێبەجێ کردنی کارێک، واتا ئازادانە بە ئەنجام گەیاندنی کردەوەیەک.

### سەرچاوەی ماف

ئەوەیکە باسمان کرد لەسەر پێناسە و مانای ماف بوو. لە ڕاستیدا بە پێی ئەو ڕوانینە ئێمە دەتوانین بڵێین چوار جۆر مافمان هەیە. بەڵام ئەوەیکە ئێمە لەسەر چ ئەساسێک ئەو مافانەمان هەیە و دەتوانین هەمانبێ، فەیلەسووفانی ڕامیاری، ئاکار و ڕەوشت مانای ماف بە دوو شێوازی پڕ جیاواز بەکار دەبەن.

یەکیان، ئەو مافەیە کە لەسەر خوانی یاسایە، لەوێدا یاسای وڵاتێک مافی بە تاکەکان داوە هەتا لە هێندێک لە ئازادییەکان، دەرفەت و سەرچاوەکان کەلک وەربگرن.

دووهەم، مافێک لەسەر بنەمای ڕەوشت و ئاکار. زۆر جار هێندێک لە وڵاتان بە پێی ئەو یاسا و ڕێسایەی کە بۆخۆیان دیارییان کردوە، بەشێک لە شارۆمەندان ناگرێتەوە و مافیان بە فەرمی ناناسێ. بۆ میناک وڵاتێک ئیزن بە ژنان نادات بخوێنن یا دەنگ بدەن و بە پێی یاسا لەو مافانە بێبەشن. بەڵام شارۆمەندانی ئەو وڵاتانە بە گەڕانەوە بۆ بناغەی بنچینەیی ڕەوشت وەک «دادپەروەری» خوازیاری ئەوەن کە ئەو یاسایە بە قازانجی ژنان پێیدا بچنەوە و مافی ژنان لەو بوارانەدا دەستەبەر بکرێ.

ئەم جۆرە مافە یاسایی نییە، بەڵکوو بۆ لایەنی بنچینەیی ڕەوشت و سروشتی دەگەڕێتەوە. لە ڕاستیدا هێندێک داواکاریی تاکەکان، بناغەی پێویستی ڕەوشتە کە تاکەکانی کۆمەڵگە لە پێوەندی دەگەڵ یەکتر دەبێ هاوتەریب دەگەڵ ئەو پێکەوە بجووڵێنەوە و دامەزراوەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و حقووقیی وڵات و خودی کۆمەڵگەش دەگەڵ ئەم پرەنسیپانە ڕێک بخا.

لە ڕاستیدا بە هۆکاری حقووقی بنچینەیی ڕەوشتە کە تاکەکان خوازیاری حقووق لە جۆری یەکەمن و بە هۆی ئەم مافانەش، یاسا و دامەزراوەگەلی سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و حقووقی دەکەونە بەر ڕەخنە و گازندە.

کەوابوو ئێمە بەرەوڕووی دوو جۆر ماف دەبینەوە: ماف لەسەر بنەمای یاسا و مافێک پشەستوور بە ڕەوشت (سروشتی).

مافی بنیاتنراو لەسەر یاسا، مافێکە سەرچاوەگرتوو لە دۆخی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی بێ، وەک یاسای بنەڕەتی و ئاسایی وڵاتان و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان کە بۆ خەڵک بە فەرمی ناسێنراون. بەڵام پرسیاری گرینگ ئەوەیە، ئایا مرۆڤەکان مافێک لە سەرووی ئەو یاسایانەی بۆیان داندراوە و بە فەرمی ناسراون، هەیە؟ فەیلەسووفانی سیاسەت و ئاکار بە هێنانە گۆڕێی باسێک لەژێر ناوی «مافی ڕەوشتی» و مافی «سروشتی» وڵامی ئەو پرسیارەیان داوەتەوە. لە ڕاستیدا هەوڵی بەشێک لە فەیلەسووفانی بەستێنی سیاسەت و ڕەوشت ئەوەیە کە بڵێن، ماف تەنیا بەرهەمی دانان و دیاریکردنی یاساکان نییە بەڵکوو لە سەرووی یاسایە کە ئەمەش خۆی یاسا دەگەڕێتەوە و دەکرێ بڵێین ئەم جۆرەیە کە مافێک دەستنیشان دەکرێ. ئەو یاسایەی کە لە سەرووی ڕێسا باوەکانی حکوومەتەکانن، زۆرتر وەک مافی سروشتی باسیان دەکرێ کە ئێمە لێرەدا زۆرتر وەک مافی ڕەوشتی ناوی دەهێنین.

---

# کاڵای بەقەد باڵا بۆ ژنی ڕووسووری کورد


قادر وریا

ئەی جوانترین نیگاری تابلۆی نیگارکێشانی هەموو دەورێکی مێژووم!
شیرینترین هەوێنی هەڵبەست و شێعری هەموو هۆزانوانانی گەلم!
خۆشبەرامەترین گوڵی باغچەی پەخشانی دەستی هەموو ئەدیبانی کوردا!
قارەمانی ناوداری چیرۆکی بەرزی کوردی!
ئەی پەیکەری بێوێنەی خوڵقاوی هەست و بیری پەیکەرتاشانی گەورەی ئەم نیشتمانە کۆنە!
بەدیمەنترین کەسی نێو بەیت و لاوکەکانمان!
گیاندارترین سەربەندی گۆرانی دەنگخۆشانمان!
جیلوەی سیحراویی هەموو شانۆ و فیلمێکی کوردان!

بە ڕەنجی بێئەژمار و زەجری هەزار هەزارت، کۆرپەت بەرهەم دەهێنی، لایلایەی بۆ دەخوێنی، هەزار ڕێوشوێنی ژیانی بە گوێدا دەچپێنی. لە گیانی خۆشەویست و ژیانی پڕ تاڵ و سوێریت مایە دەنێیە لاوە، هەتا جگەرگۆشەکەت بگاتە دارەدارە. شەونخوونی دەبینی، ڕۆڵەی خۆت ڕادەهێنی. خۆت برسی، ئەو تێر دەکەی، ئینسانەتیی فێر دەکەی. گشت ڕۆژ و مانگی ساڵت دەکەی بە پردەبازی سەرکەوتنی منداڵت. دەینێریە مەیدانی ژین، بە دەرس و وانەکانی "ئێمە چین، بۆچی دەژین، ژین بێ هەستان، ڕاپەڕین، یەک مانای هەیە: بەزین"، دەیکەی بە لاوی جوامێر، دەیکەی بە گەنجی پڕخێر. لێی حەرام دەکەی شیرت، گەر بۆ گەل و نیشتمان، قوسووری بکا لە ژیان، درێغی بکا لە گیان.

دایک و یەکەم ڕێنوێنی مەزنانی نیشتمانی، تۆی یەکەمین مامۆستای بارهێنانی هەزاران گیانبازی کوردستانی.

پایەو بناغەی ماڵی، قەڵاو پەناگەی پیاوی، کابانی خۆش دەستاوی. ماڵداری، بە مشووری، هاواڵی ڕێگای دووری. لە مەزرا و کێڵگەکانمان، بژارێ هەڵدەکێشی. تووتنەوانی، ئاودێری، نازانی خۆ ببوێری. پاڵەی داس لەنێو دەستی، بناوان هەڵدەبەستی. توندوتۆڵی، تەڕدەستی. خۆشفەڕی، دەست بەخێری، جارێک ساوای دەنوێنی، تاوێک مەشکەی دەژێنی. پڕ نەخش و نیگارترین، پڕ نرخ و بەهاترین قالیو بەڕەو مافوورن، لە سایەی ڕەنجی تۆیە، لە دنیادا مەشهوورن.

لە مەیدانی هەوڵدان بۆ ئازادیی گەلتدا فیداکاری دەنوێنی، چەشنی برای پێشمەرگەت زەبری بەهێزو کاری لە دوژمن دەوەشێنی. ئەویان لە شاخ و چیا، نەیاران ڕادەماڵێ، لە نێو ئاواییەکانیش، هەر لەبەر دەرکی ماڵێ، لە کۆڵانی گوندەکان، لەسەر شەقامی شاران، دوژمنی خوێنخۆری گەل، بەدەست تۆوە دەناڵێ، لە کۆڕی تێکۆشانو خەباتی نهێنیدا، لە مەیدانی نەبەرد و ڕەزم و حەقستێنیدا، لە ئاخێزی بەهێزی زۆرداری بەزێنیدا، سەروگەردن بەرز دیاری، ئەی شێرەژنە ئازاکەی کۆمەڵی کوردەواری!

ئەتۆ شایانی ئەوەی گشت مافێکی ئینسانی، کە بۆ ژن دابین بووە لەسەر ڕادەی جیهانی، خەڵاتت بێ، بەشت بێ، دوایی ڕۆژی ڕەشت بێ، نۆبەی ژینی گەشت بێ، ئازادی پێشکەشت بێ.

ئەم حەڤدەی ڕەشەمەیە، تێکەڵ بە خێر و خۆشی، بە دوور لە دڵپەڕۆشی، لەتۆ پیرۆز بێ، پیرۆز! ڕووناکتر بێ لە نەورۆز. ژینت پڕ بەختیاری، دوور لە کزی و هەژاری.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 769 5 March 2020

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 53.0° East MHz 12594
polarization: Vertical -27500 FEc : 2/3
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508483312
Tashkilat.kdp92@gmail.com

بەر لە ماڵاوایی

# زمان چەکی چەوساندنەوە و ڕزگاری لە نێوان داگیرکەر و داگیرکراودا


ڕەسووڵ سوڵتانی

زمان ئەگەر یەکێکە لە فاکتەرە هەرە دیارەکانی جیاکردنەوەی مرۆڤ لە گیانلەبەرەکانی تر، بەڵام دەکرێ بڵێین «ناولێنان» و بەخشینی شوناس لوتکەی ئەو تایبەتمەندییەیە. ئاخر ئێمە دەتوانین ناو لەسەر شتەکان دابنێین، ئاوەڵناویان بۆ بدۆزینەوە و وەسفیان بکەین، بەڵام دەبێ لەبیرمان بێ، ئەم زانستی ناولێنانە لە سایەی زمانەوەیە و بە زمان دەکرێ و بەبێ زمان ئەو سیحرە بەتاڵ دەبێتەوە و ئەو حەقیقەتە هیچی لێ نامێنێتەوە.

ئینجیل ئاوا دەست پێدەکا: سەرەتا وشە بوو، وشە خوا بوو. قورئانیش هەر بە وشەی «اقرأ»، دەستی پێکردوە. کە هەردووکیان دەگەڕێنەوە بۆ گرینگیی زمان. واتە مرۆڤ لە دەرەوەی زمان هیچ شتێکی دیکەی نییە و ئەگەر زمانی نەبوایە و نەیتوانیبا ناو لەسەر شتەکان دابنێ و پێناسەیان بۆ بدۆزێتەوە، لە مرۆڤبوون دەکەوت و بەتاڵ دەبۆوە.

زمان هزر و جوغرافیا و کولتوور و مێژووی لەخۆیدا هەڵگرتوە. کە ئێمە دەچینە وڵاتێک و پێمان دەڵێن زمانت چییە و دەڵێین کوردی، تەواو لەو وشەی «کوردییە»دا کە زمانەکەمانە، جوغرافیا و کولتوور و مێژووەکەمان ڕەنگ دەداتەوە، واتە من مێژوویەکم هەیە کە تێیدا بەو زمانە قسەم کردوە و، جوغرافیایەکم هەیە کە تێیدا بەو زمانە قسە دەکەم و کولتوورێکم هەیە کە ئەم زمانەی بەرهەم هێناوە و؛ ئەم زمانەش ئەوی بەرهەم هێناوەتەوە. بەڵام سەرلەبەری ئەو شتانە بەبێ ئەم زمانە دەچنە نێو هەناو نەبوونەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە هەموو ئەو شتانە بە زمانەکەمان پێناسە دەکەینەوە و دایاندەڕێژینەوە. تۆ بڕوانە، لەو چل ملیۆن کوردە، ئەگەر ملیۆنێکی یەکسەر واز لە زمانەکەی بێنێ و بە زمانێکی دی قسە بکا، تۆ دەتوانی پێیان بڵێیتەوە کورد؟ نەخێر. نموونەی گەلانی دیکەش زۆرن. ئەو عیبری و قیبتییانەی بوونە موسوڵمان و زمانەکەی خۆیانیان وەلا نا و بە زمانی عەرەبی دەدوێن، ئیتر هەم خۆیان بوونەتە بەشێک لە نەتەوەی عەرەب و هەمیش نیشتمانەکەیان بووەتە بەشێک لە نیشتمانی عەرەبی؛ میسر و فەلەستین نموونەیەکی بەرچاون.

نموونەیەکی دیکە، لە مەڵبەندی هەوشاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە تورکیان هێناوە و تێکەڵی کوردیان کردوون، تیرەی موسڵانی لەوێن. بەپێی مێژوو نازانم چ سەردەمانێک، بەڵام وێناچێ زۆر دوور بێت کە ئەوانە لە مووسڵەوە هێنراونەتە ئەوێ. کە هاتوون زمانەکەیان هەر شتێک بووبێ تورکی نەبووە، ئێستا تورکن؛ تورکی موسڵانی.

سۆسۆر کە بە باوکی زمانناسیی نوێ ناسراوە، باس لە دووانەی لێکدژ دەکا و لە سیستمی زماندا پەنجە لەسەر خاڵێکی زۆر گرینگ دادەنێ. کاتێک ئێمە دەڵێین تاریکی، کەوابوو دژەدیوی تاریکییمان لە زەیندایە کە دەبێتە ڕووناکی. سپی/ڕەش، خۆش/ناخۆش، تاڵ/شیرین، گەرم/سارد و هەتا بڵێی سیستمی زمان لەسەر ئەو دووانە لێکدژانە بەردەوامە. لێرەوە دوو چەمکی دیکە لەنێو دووانەی لێکدژ دێنە ئاراوە: داگیرکەر و داگیرکراو، زاڵم و مافخوراو، ئازادیخواز و ئازادیکوژ، دۆست و دوژمن. کەوابوو ئێمە بە زمان، خۆمان و جیهانی دەوروبەرمان پێناسە دەکەین. هەر بۆیەش داگیرکەر یەکەم شتێک کە پەلاماری دەدا، زمانی بندەستەکەیەتی و یەکەم کارێک کە دەیکا زاڵکردنی زمانەکەی خۆیەتی. ئەو دەزانێ هەرچی لە چوارچێوەی زماندا پێناسە بکرێتەوە، چ ئەو بیکا یان خۆم ئەو پێناسەیە بکەم، ئیتر دەبێتە بەشێک لە زەینی من. هەر بۆیە لە دوو شوێنی زۆر هەستیاریشەوە ئەو پرۆسەکەی خۆی دەست پێدەکا، لە پەروەردە و میدیاکانی خۆیەوە. بەڵام پێش ئەوە، دەرگا لەسەر زمانەکەی من کڵۆم دەدا، بۆچی؟

یەکەم، دەیەوێ لە نەست و کۆنەستی مندا باوەڕێک دروست بکا، ئەویش ئەوەیە زمانەکەی من زمانێکی دەشتەکی و لادێیی و کشتوکاڵییە. ئەو سیاسەتە ئێستا پەڕیوەتەوە نێو خوێندەوارانی باشووری کوردستانیش بەداخەوە، کە لە هەر جێیەک تووشی دەقێکی خۆماڵی و خۆش و ڕەوان دەبن، دەڵێن بە زمانی لادێیی و بازاڕ و دەشت نووسراوە، ئەوەش لەو باکگراوەندەوە سەرچاوە دەگرێ، کە ئەو زمانە زمانێکی سووک و بێنرخە.

دووەم هەنگاوی داگیرکەر، لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەکانەوە دەست پێدەکا و لەوێوە ئیتر ئەوەی پێی دەخوێندرێ، زمانی من نییە بەڵکوو زمانی ئەوە. چونکە ئەو هەوڵی داوە لە مێشکی منی بئاخنێ کە زمانی من دەرەقەتی فەلسەفە و کۆمەڵناسی و بیرکاری نایە.

سێیەم هەنگاو لە میدیاکانەوە دەست پێدەکا، هەم لەو میدیایانەدا ڕۆژ و شەو چەمکە دڵخوازەکانی دەسەڵاتمان بەگوێدا دەچپێنن و هەمیش لە کارتۆن و بەرنامەکانی منداڵانەوە.

کەوابوو هەنگاوەکانی داگیرکەر سێ قۆناغ دەبڕن: لە قۆناغی یەکەمدا دەرگای زمانەکەمان لێ دادەخەن و زمانەکەی خۆیان دەسەپێنن. لە قۆناغی دووەمدا بە قەناعەتمان دەگەیەنن کە زمانەکەی ئێمە زمانێکی سووک و بێنرخە؛ کە ئەو تۆوەیان لە مێشکماندا چاند، ئیتر هەنگاوەکانی دیکەیان ئاسانترە. لە قۆناغی سێیەمدا وردە وردە دەست بە تواندنەوەی زمانەکەمان دەکەن؛ ئیتر دوای ئەوە، ئەوان نەتەوەیەکیان لەسەر داروپەردووی نەتەوەی بندەست بنیات ناوە.

دەستەواژەی «کوردی ئێران، کوردی عێراق، کوردی تورکیە، کوردی سووریە» دروستکراوی دەستی من و تۆ نییە. ئەوانەی تەمەنێکیان هەیە لەبیریانە، پێشینیانی ئێمە دەیانگوت دەچمە ئەودیو و دێمەوە، واتە دەچمە باشووری کوردستان، یان کوێستان و گەرمێن و ... بەڵام ئێستا ئێران و عێراق و تورکیە جێی ئەو دەستەواژانەیان گرتۆتەوە؛ ئەوەیە ئەو شتەی دەسەڵات کاری لەسەر کردوە و بە بەردەوامیش دەیکا.

ئێمە سەدەیەکە بەرەنگاری ئەو هێرشە بووینەتەوە و تا ئێستا سەرکەوتووانە هێناومانە. ڕاستە زمانەکەمان لە زۆر لایەنەوە لاواز بووە، ئاخر زمان وەک جەستەی مرۆڤ وایە، جەستە هەمووی ماسوولکەیە، تۆ کار بە بەشێکی بکەی و لایەکی پشتگوێ بخەی، بە دڵنیاییەوە ئەو بەشە پشتگوێخراوەی ئیفلیج دەبێ. ئێمە لە سەد ساڵی ڕابردوودا تەنیا خەیاڵدانی شێعرییمان چالاک بووە و توانیومانە بە شێعر و گۆرانی، زمانەکەمان لە لەنێو چوون ڕزگار بکەین؛ بەڵام دەرفەت و بواری هزرین و چالاک کردنی بەشی زەینیی زمان و زمانی زەینییمان پێ نەدراوە و بۆ نەڕەخساوە.

# پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سووریە سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کرد





ڕۆژی چوارشەممە، ٧ی ڕەشەمە هەیئەتێکی پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سووریە بە سەرپەرستیی محیەدین شێخ عەلی، سکرتێری گشتیی پارتی یەکیەتی سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبەوە بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.

لەم دیدارەدا باسی ڕەوشی ئێستای ڕۆژئاوای کوردستان، پرسی کورد و مافەکانی لە داڕشتنەوەی قانوونی بنەڕەتیی نوێی سووریە، چەندیوچۆنیی نفووز و دەستێوەردانی ئێران لە پرسی سیاسی و نێوخۆیی ئەم وڵاتەدا کرا. لەم بەشەدا هەیئەتی خانەخوێ ڕایگەیاند کە حیزبەکەیان هەوڵ بۆ چەسپاندنی مافە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کورد لە قانوونی بنەڕەتیی ئەم وڵاتە، پاراستنی شوناس و ناسنامەی کورد لە سووریە و گەڕانەوەی خەڵکی کۆچبەر و ئاوارەی کورد بۆ سەر زێد و نیشتمانی خۆیان دەدا.

لە بڕگەیەکی دیکەی دیدارەکەدا هەیئەتی میوان کۆمەڵە پرسیار و سەرنجێکی لە پێوەندی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هێنایە بەرباس کە لەلایەن کاک خالید عەزیزی و ئەندامانی دیکەی هەیئەتی خانەخوێوە وڵامی پرسیارەکانیان وەرگرتەوە.

# کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان



کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کە ڕۆژی ٣٠ی ڕێبەندان دەستی بەکار کردبوو، پاش دوو ڕۆژ کاری بەردەوام بە پەسەندکردنی بڕیارنامەیەک کۆتایی بە کارەکانی هێنا. ڕۆژی شەممە، ٣ی ڕەشەمەش ڕێوڕەسمی کۆتایی هاتنی کۆنگرە بەڕێوە چوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبەوە پەیامێکی پێشکەش کرد.

کاک مستەفا بە ئاماژەدان بە دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سەردەمی کۆمارەوە تا ئێستا، نەخش و ڕۆڵی ژنانی لە خەباتی مافخوازانەی گەلەکەمان بەگرینگ هەڵسەنگاند. ناوبراو ئاماژەی بە نەخشی دوو سکرتێری یەکیەتیی ژنان، شەهیدان نەسرین حەداد و سۆهەیلا قادری کرد و کار و زەحمەت و هەوڵەکانی ئەوانی لەبەرەوپێشچوونی کار و ئەرکەکانی یەکیەتی ژنان بەرز نرخاند.

بەڕێز مەولوودی لە درێژەی وتەکانیدا ئاماژەی بە پێوەندیی پتەوی و بەردەوامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کرد، کە لە دامەزرانی یەکیەتیی ژنانەوە تا ئێستا بەردەوام بە یەکەوە لەسەر خەت و پشت و پشتیوانی یەکتر بوون.

دواتر خاتوو موژگان عەلیپوور، سکرتێری هەڵبژێردراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان باسێکی لەسەر هەلومەرجی گرتنی کۆنگرە و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە کرد.

بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکە بە چەند هەڵبەستی شاعیری هەست ناسک، خاتوو کوێستان عومەرزادە ڕازایەوە و بەرنامەکە بە گۆرانییەکانی هونەرمەند ڕێبوار حەسەنی و شایی و شادیی بەشداران کۆتایی پێهات.

# کۆڕی ناساندنی کتێبی «خەباتگێڕێکی پڕاگماتیست» یادنامەی شەهید ڕەحمان پیرۆتی

ڕۆژی پێنجشەممە، ١ی ڕەشەمە لە ڕێوڕەسمێکدا کە لە شاری هەولێر و بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵێک لە هاوسەنگەرانی شەهید ڕەحمان پیرۆتی و کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی و ڕاگەیەندکار بەڕێوە چوو، لەگەڵ ڕاگەیاندنی چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێبی «خەباتگێڕێکی پڕاگماتیست» و باس لە نێوەرۆکی ئەم کتێبە کە یادنامەی شەهید ڕەحمان پیرۆتی‌یە؛ یاد و بیرەوەریی ئەو شەهیدە گەورەیەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرز ڕاگیرا.

لەم ڕێوڕەسمەدا سەرەتا ژیوار ڕەسووڵی باسێکی کورتی لەسەر کتێبی چاپکراوی «خەباتگێڕێکی پڕاگماتیست» کرد و دواتر ناسر پیرۆتی، کوڕی شەهید ڕەحمان پیرۆتی لە وتەیەکی کورتدا تیشکی خستە سەر ئامانج و مەبەستیان لە ئامادەکردن و چاپی ئەم یادنامەیە. ناسر پیرۆتی گوتی مەبەستمان لە چاپی ئەم کتێبە هەر ئەوە نەبووە کە کتێبێک لەسەر ژیانی شەهیدێکی نیشتمان نووسرابێ، بەڵکوو پێمان‌وایە کە بوونی ئەم جۆرە کتێبانە لەوانەیە بتوانێ کەلێنێک لە مێژووی نەنووسراوی خەباتی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پڕ بکاتەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمەدا حەسەن شێخانی، ئەندامی پێشووی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتارێکدا تیشکی خستە سەر لایەنە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیرییەکانی شەهید ڕەحمان پیرۆتی و ئەزموونەکانی لە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتدا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەم کۆڕیادەدا مستەفا شێخە دڵنووسێکی خۆی خوێندەوە کە لە یەکەم ساڵیادی لەدایکبوونی شەهید ڕەحمان پیرۆتی لەدوای شەهیدبوونی لە پەلامارە مووشەکییەکەی کۆماری ئیسلامیدا بۆسەر قەڵای دێموکرات نووسیبووی.

قسەکردن لەسەر کەسایەتیی شەهید ڕەحمان پیرۆتی لەلایەن حەسەن کاکیلی، هاوسەنگەرێکی دیکەی شەهید ڕەحمان و خوێندنەوەی شێعرێک لە پەسنی شەهید و پێشمەرگە لەلایەن ڕەسووڵ سوڵتانی و دابەشکردنی کتێبی «خەباتگێڕێکی پڕاگماتیست» چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەم کۆڕیادە بوون.



